بـــه نـــاو خـــالقم،گـــەورە و بـــێ‌شەریک
ئـەمە لۆتـف ئـەوە،بـە شـێعر هـەم خـەریک
هـــەر ئـــەو خـــوایـە وا،ژیـنی داگـە پـێم
قســـمەت مـــنی کـــرد،حـووری و پـەریک

# ع ش ق

احمدباباحاجیانی(نادر)

کوردستان(سنه)

۱۳۹۳

تلفن همراه :  ۰۹۱۲۱۰۵۶۲۸۵

E.mail:Ahmad_babahajiany@yahoo.com

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | باباحاجیانی،احمد،۱۳۳۳ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | ع ش ق / احمد باباحاجیانی ( نادر ). |
| مشخصّات نشر | : | تهران:توکلی،۱۳۹۳. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۳۰ ص . |
| شابک | : | 978-964-5821-69-0 |
| وضعیّت فهرستنویسی | : | فیپا. |
| یادداشت | : | واژه‌نامه . |
| موضوع | : | شعر کوردی - - قرن ۱۴ |
| رده‌بندی کنگره | : | ۱۳۹۳ ۲ ب۷۴۳س /PIR ۳۲۵۶ |
| رده‌بندی دیوئی | : | ۸فا۹/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملّی | : | ۳۴۸۷۴۸۶ |

| | | |
|---|---|---|
| شناسنامه کتاب | : | |
| نام کتاب | : | ع ش ق. (شعرکوردی) |
| شاعر | : | احمد باباحاجیانی (نادر) |
| ناشر | : | انتشارات توکلی |
| لیتوگرافی و چاپ | : | نقره آبی |
| حروفچینی | : | احمد باباحاجیانی(نادر) |
| نقاشی و طرح جلد | : | احمد باباحاجیانی(نادر) |
| تیراژ | : | ۱۰۰۰ نسخه |
| چاپ | : | اوّل۱۳۹۳ |
| تلفن پخش | : | ۰۹۱۲۱۰۵۶۲۸۵ |

شابک ۹۷۸-۹۶۴-۵۸۲۱-۶۹-۰ ISBN:978-964-5821-69-0

آدرس ناشر:تهران خ.انقلاب روبروی دانشگاه تهران مجتمع فروزنده شماره ۲۲۵

تلفن : ۶۶۹۵۶۹۲۶ فکس:۶۶۹۵۷۰۸۹

E.mail:Tavakolipublications@yahoo.com

ئەی عەزیز دڵدارەکەم،بێڕەحم و بـێ‌ئینسافەکـەم

تۆیی لە ئەم دۆنیا بە تەنیا،عین و شین و قافەکـەم

هەر بە یادی تۆ ئەنۆشێ،«نادر»ت،هەر شەو شەراو

بووگە جێ وەعدە و قەرارت،بێ تۆ ئیتر کافەکەم

شناسنامەی شاعێر لە زبانی خۆی:

من کەسێ نیم.

# پێڕست


ئاخرین دیدار .......... ١
ئاگر.............. ٢
ئاواتەکەم .......... ٣
ئاوارە........... ٤
ئەتوینم بازەم......... ٥
ئەسرینی چاوم......... ٦
ئەسیر.............. ٨
ئەووەڵین دیدار ........ ٩
ئەویندارم ......... ١٠
ئینتزار........... ١١
باخ.............. ١٢
باری کرد یارم......... ١٣
باوکی عەزیزم ........ ١٤
برو بێوەفا ........ ١٥
بگەین بە داوما........ ١٦
بمکوژە بە ناز ........ ١٧
بۆتپەرەست.......... ١٨
بۆچە دووری کەی؟! .... ١٩
بووگمە فەرهادت......... ٢٠
بۆ لێم ئەتۆری؟!........ ٢١
بە خاتر چاوت......... ٢٢
بەخێڵم ........... ٢٣
بەشخوریاگ.......... ٢٤
بەڵا.............. ٢٥
بەڵاکێش........... ٢٦
بەڵا نەوینی.......... ٢٧
بەهار ............ ٢٨
بێ ............. ٢٩
بێ ئاشت بینەوە........ ٣٠
بێ ئەو ........... ٣١
بێ بە نازەوە......... ٣٢
بێتاقەتم.......... ٣٣
بێخەوەر چووگی ....... ٣٥
بێچارەتم.......... ٣٦
بیرم بۆ ناکەی؟!........ ٣٧
بێرەوە............ ٣٨
بێکەس........... ٣٩
بێگانە ........... ٤٠
بێوەفا ........... ٤١
پائیز ........... ٤٢
پەروەندەی عشقت...... ٤٣
پەرێشان .......... ٤٤
پەشیمان ئەوی......... ٤٥
پەلکە زێرینە ........ ٤٦
پەلکە شۆڕ ........ ٤٧
تابلۆ نەقاشی ........ ٤٨

تاسەتم کردگە ........ ۴۹
تاق و تەنیام......... ۵۰
تاقەتم نەما.......... ۵۱
تاڵان............ ۵۲
تۆ ئیمانی منی ....... ۵۳
تۆ بۆتی.......... ۵۴
تۆ حەکیمی ........ ۵۵
تۆ خۆشەویسی ....... ۵۶
تۆ و من ......... ۵۷
تۆ هەسارەی ئاسمان.... ۵۸
تەقدیر ........ ۵۹
تەنیا ......... ۶۰
تەنیایی ........ ۶۱
جادەی نەجات ...... ۶۲
جەحانم جێمە ...... ۶۳
جەفا......... ۶۴
جەفاکار ....... ۶۵
جەفا مەکە ...... ۶۶
جەلاو........ ۶۷
جێایی......... ۶۸
جێگەت خالیە ....... ۶۹
حووری بەهەشت...... ۷۰
حەلەبچە....... ۷۱
خاتراتت ...... ۷۳
خانەباخ....... ۷۴
خۆدکۆشی ....... ۷۵
خۆزگای.......... ۷۶
خۆزگەم بە جاران....... ۷۸
خۆزگەم بە چاوم ....... ۷۹
خۆزگەم بەو ڕۆژە ...... ۸۰
خوەش ئەو ڕۆژانە ...... ۸۱
خەفەت دووری تۆ...... ۸۲
خەفەتدەرکەر ....... ۸۳
خەفەت فیراقت ....... ۸۴
خەڵەتیام ......... ۸۵
خەوم دی ئەمرم....... ۸۶
خەیال........ ۸۷
چاو ئینتزارم......... ۸۸
چاو بە ڕێ ........ ۸۹
چاوت شکارچی ....... ۹۰
چاوخۆمار......... ۹۱
چاو شیرین ....... ۹۲
چاوکەژاڵ......... ۹۳
چاومەس......... ۹۴
چاوەکەم ........ ۹۵
چەبکەم؟!........ ۹۶
چەنێ شیرینی؟!....... ۹۷
دایە دڵتەنگم ...... ۹۸
درۆزن ........ ۱۰۰
دڵ.......... ۱۰۱
دڵ سووزیاگم....... ۱۰۲
دڵ شکیاگ ....... ۱۰۳

دڵم ................ ١٠٥
دڵم بۆت تەنگە ........ ١٠٦
دڵم بێمەنتق .......... ١٠٧
دڵم دێوانەس.......... ١٠٨
دڵم ناشادە............ ١٠٩
دڵنیا بە .............. ١١٠
دڵواپەسی تۆم ......... ١١١
دڵەشێتەکەم.......... ١١٢
دڵی تۆ بەردە......... ١١٣
دڵی خەیرنەدیگ...... ١١٤
دڵی دێوانەم.......... ١١٥
دوور لە یار.......... ١١٦
دوور لە یەک ........ ١١٨
دووری............... ١١٩
دووریگرد یارم........ ١٢٠
دۆسیغەمخوار ....... ١٢١
دوو کۆتر ............ ١٢٢
دەردۆ لێم........... ١٢٤
دەردەدارم........... ١٢٥
دەلیلی ژینم.......... ١٢٦
دەورەی مناڵی........ ١٢٧
دیارت نیە........... ١٢٩
دیەن یار............ ١٣٠
ڕۆخساری ئاشق ...... ١٣١
ڕۆژ ئاشنائی ......... ١٣٢
ڕۆژ ڕەش.......... ١٣٣
ڕۆسوائی............ ١٣٤
ڕووسەری ئاوی........ ١٣٥
ڕۆڵەکانم ........... ١٣٦
ڕەشەخاڵ ........... ١٣٧
ڕەفێق نیمەڕێ ....... ١٣٨
ڕەمز عۆبوور.......... ١٣٩
ڕەنجی دلداری ....... ١٤٠
زۆر پەشێوم........... ١٤١
زەردەبەرگ.......... ١٤٢
سنەی سەربەرز ...... ١٤٣
سنەی شیرین.......... ١٤٥
سوڵتان منی تۆ........ ١٤٧
سۆمای چاوەکەم...... ١٤٨
سەختە فیراقت........ ١٤٩
سەفەر.............. ١٥٠
شەراو............. ١٥١
شەوخەو............ ١٥٢
شێت .............. ١٥٤
شیرین ............. ١٥٥
شیرینکەلام.......... ١٥٦
شیرینیچاوشین ....... ١٥٧
عاشق ............. ١٥٨
ع ش ق ........... ١٥٩
عشق و عەقڵ........ ١٦٠
عەزیز.............. ١٦١
غەریب............ ١٦٢

غەریبی.............. ١٦٣
فرمیسک شەوانەم ..... ١٦٤
قۆمار ............. ١٦٥
قەرار وا نەبوو ......... ١٦٦
قەزای چاوەکەت....... ١٦٧
قەسەم.............. ١٦٨
کچەکۆرد ........... ١٦٩
کرچ و کاڵ.......... ١٧١
کوێر بووگە چاوم ..... ١٧٢
کەس لە تۆ ناچێ....... ١٧٣
کەلاوەکۆنە ......... ١٧٤
کەی تیتەوە؟......... ١٧٥
کیش و ماتم......... ١٧٦
گەردوون........... ١٧٧
گەردەنۆ ئازا ........ ١٧٨
لە بیرم ناچێ ......... ١٧٩
لەیلم بێمەیلە ........ ١٨٠
ماسی سوور ......... ١٨١
ماڵم وێرانەس ........ ١٨٣
مانگ‌رۆخسار........ ١٨٤
مانگیِ شەو چواردە.... ١٨٥
من بەسەزوانم ........ ١٨٦
مۆسافر............. ١٨٧
مۆعتادی تۆم......... ١٨٨
مۆناجات ........... ١٨٩
مەرۆ.............. ١٩٠
مەکە ئازاری من ....... ١٩١
مەکە مەنعم........... ١٩٢
مەگەر کافری؟!........ ١٩٣
نازارەکەم ............ ١٩٤
نامە .............. ١٩٦
نامەوێ............. ١٩٧
نۆقڵەدەم ............ ١٩٨
نەبوون ............. ١٩٩
نەما ئەو دەورە......... ٢٠٠
وتم:،وتی:........... ٢٠٢
وەسیەت............ ٢٠٤
هاوار بە ماڵم.......... ٢٠٨
هاودەم............ ٢٠٩
هاوسای ماڵەکەم ........ ٢١٠
هەر تۆ بە دڵمی ........ ٢١١
هەسارەی سۆهەیل....... ٢١٢
هیجران............. ٢١٣
یارم پەڕی بوو......... ٢١٤
یارم گوڵە........... ٢١٥
یارم لێ بڕیا.......... ٢١٦
یارەکەی جاران........ ٢١٧
یاری بێ ئینساف ....... ٢١٨
یاری خوەش‌جەماڵ .... ٢١٩
یاری خوەش‌قسە ....... ٢٢٠
یاری قژخاوم.......... ٢٢١

# ئاخرین دیدار

مـــــن کــز و مــاتم،له تـۆم بـریندار
کەی له بیر ئـەچێ،ئاخرین دیـدار؟!
غــەیر از تۆ کـەسێ،نـایته بـەر چـاوم
هــەرگیز نــاکــەفی،تـۆ له بـەر چـاوم
شادی و خوەشی،رۆژ ئـەووەڵ دیـدار
مــنی ئــاشق کـرد،بۆ ئـەووەڵین جـار
کــاخی ئــاواتــم،دڵــبەر چــاوخۆمار
وێــران بـوو بـە دەس،ئـاخرین دیـدار
دوورەو بــووی له مـن،ئـەو رۆژەتـاڵە
دەرێــغت کــرد لێــم،ئـەو چـاوەکـاڵە
حەسرەت دیەن تۆ،له دڵ مـن مـاگـە
دڵــم بـه غـەیر تۆ،بەکـەس نـەداگـە
دوورم له چــاوت،دڵــم زۆر ئــەیشێ
عزرائیل هاتگه و بـه مـن زۆر ئـەیژێ!
تـــۆ ئــاوات دڵــی دێــوانــەی مــنی
تــۆ خــۆشەویس و دۆردانــەی مــنی
له مــاڵ بـێره دەر،بـچوه شـۆن کـارێ
بـەشکەم ئـەمه خـواس،بتوینم جـارێ
خــەوخوەش ئـەوەیە،تۆی تـیا بـوینم
لەو خـــەوا بــێژم،هــەر تۆیت ئـەوینم
وەک چــاو تــۆ نـیە،له دۆنـیا چـاوێ
بـــێره خـــەو «نــادر»،بــتوینم تــاوێ

# ئاگر

یـــاری خـــۆشەویس،عــەزیز قــژکاڵم
داتــە بــا نــازار،ڕەنــجی چــەن ساڵم!
چـــە ئــاگــرێکە،خستوتە گــیانم؟!
مووی سەر منۆ کرد،هاوڕەنگ دیانم
لە بیرتە دڵ خوەم،لە لات نیامە جێ؟!
ئەکەی ئازارم،نام چۆن دڵت تێ ؟!
مــنۆ بــە جێ هێشت،چووگی لە پاڵم
هــــێشتا بـــە تـــەمار،ڕۆژی وســـاڵم
دوور لە چـــاوانت،چـــاوم نــاخەفێ
خۆزگە بەو وەختە،چاوم پێت کەفێ
خوەشە نەخوەش بم،تۆ بی پەرەستار
زوو زوو سەرم بەی،ئەی شیرین‌نگار
چـــاوم بـــاز بکـــەم،لە بـــاڵینم بــی
شــــاهد شــــیوەن و زۆر نــــاڵینم بــی
دڵ ئـــەیژێ ڕۆژێ،لە تــۆ نــامە تــێت
لەیلەکەم،داخۆم،ئەو ڕۆژە کەی بێت ؟!
هەرچەن غەیر خەفەت،نەوداگە بەشم
وەلێ بە عشق تۆ،هەر ماگم،خوەشم
تۆ بڕو خوەش بە،من خوەشیم بۆ چەس؟
لە ئــەم دۆنــیایە،یــادی تــۆم بێ،بەس
دووری لە «نــادر»،وەلێ هــەر دیــاری
لە بـــیرم نــــاچێ،ڕەســـمی دڵــداری

# ئاواتەکەم

تۆ ئاوات و تۆ هیوای ڕۆژ و شەومی
ئەگەر خەو بێ بە چاوم،تۆ لە خەومی
هەسارەیکم نیە،هەر تۆی هەسارەم
تۆ ئاواتی دڵ و عۆمری دووبارەم
زیارت چاوی نازت ئارزوومە
هەمیشە بەرزی باڵات،ڕوو بە ڕوومە
بە شەو،وەختێ خەوم،تۆ تیتە بەر چاو
لە چاوم تێ،بە یادت،قەترەگەل ئاو
خەیاڵ و عشقی تۆ ماگە لە سەر ما
نەسێحەت،پەندی کەس،ناچێ بە سەرما
شەو و ڕۆژان بە خەڵوەت ڕوو لە تۆ خەم
کە دوورەو خەی لە سینەم،وەرهەم و غەم
ئەگەر ژەحرم پێ بەی،ئەیخوەم بە جێ ئاو
بێژی بمرە،ئەیژم:«نازار،بە سەر چاو»
لە کۆنجی سینەما،غەم بێ‌شۆمارە
بەشی من،هەر خەفەت،ڕەنج و پەژارە
هەمیشە کار و بارم،یادی تۆیە
دڵە دێوانەکەم،ناشادی تۆیە
لە لای من ماگە ڕەنجت،یادگاری
سەبوری چۆن بکەم؟!بێ بمدە یاری
ئەکەم گیانم بە قۆربانی تۆ نازار
مەکە «نادر» بە جەورت،ئەونە ئازار

# ئاواره

یــاری جــارانــم،هــەر نــا لە مــن ســەر!
بــووگمە ئــاوارە و دەشــتم داگــە بــەر
خـــەفەت لە دڵـــما،كـــردی هـــێلانە
بـــووگمە ئـــاوارە،هــەر وەك بـــێلانە
دەســـم لە دەس یـــار ئـیتر بـڕیاگــە
دڵـــی عـــاشقم،دڵـــێ دڕیـــاگـــە
چـــاوی بـــێخەوم،هـــەمیشە گــریان
لە دەس یـارەكــەم،دڵ بــوو بــە بریان
هـــێزم نـــەماگـــە و نــاقم چـنیاگــە!
دڵـــم بــۆ كــەواو،ئــەیژی جـنیاگــە!
خـــــاتراتـــم تــاڵ،ژیـــانم نـــابار
ژیان تەرك نەكەم،چەبكەم لە دەس یار؟!
چـــەن پـــەرێشانم،چـەنێ دڵســـەردم؟!
لە مـــن نـــاپرسێ،یـــاری دڵبـــەردم
ئــەو،خــۆنچە و گــوڵە،وا هــا بــە دارەو
مــن گــەلای زەردم،كــەفتگمە خـوارەو
ئـــاە و فـــەغان و نـــاڵەم بـــێئەسەر
تــەبیب دەردەكــەم،ئــەمگەڕنێ بە ســەر
ژیـانم بــێ ئــەو،وەك شــەوی تــاریك
لە چـــاوم لێــژە،جــۆگــەلەی بــاریك
نــیە و لە دڵ مــن،خــەفەت دەر نـاكـات
نــاڵەی دڵ «نـادر»،بـۆ ئـەسەر نـاكـات؟!

# ئەتوینم بازەم

ئـــەم دۆنـــیا گـــردە،ئـــەتوینم بـــازەم
خوەم ساقەت ئەکەم،گەر بەی ئیجازەم
تـۆ کـە ئـاواتـی ڕۆژ و شـەوم بوویت
بێ خواحافزی،بۆ لە لای مـن چوویت ؟!
دڵســـۆز ئـــەووەڵ و ئـــاخرم،بـــێرەو
حـــەیفە تـــۆ لێـــنا،مـــنیش لە ئـێرەو
فکـــر و خـــەیاڵمی،بـــە ڕۆژ و بـــە شـــەو
تیتە ناو خەوم،هەر وەخت ئەچمە خەو
لەو ڕۆژەو کـــە دڵ،بـــردۆ بـــە تـــاڵان
داکـەفتم بـۆ خـوەم،لە گۆشەیک ناڵان
جاران یەکێ بووین،ئیسە بووینە دووان
بـووگمە پـیری تـۆ،ئـەی شـیرین‌جوان
نـە فـرمیسک مـاگـە،لە چـاو بێتە دەر
نە ژین پێم خوەشە،نە عۆمر تێتە سەر
ژیـــنم،ئـــینتیزار،هـــەر ئـیمرۆ،سـۆزی
بـەختم گـومکریا و،بێ تـۆ نـەمدۆزی
کاش تۆیش،هەر وەک من،عشقت ئەناسی
دڵت عـــاشق ئـــەو،بـە ڕاسـی ڕاسـی
ئـــەگـــەر مـــردم و نـــەتمدی بـــازەم
بێ کـەمێ شـین کـە،لە سـەر جـنازەم
وەخـتێ «نـادر» مـرد،بـە حـاڵێ نـەزار
چـاشۆ بـە سـەرتا و،بێ بۆ سەر مەزار

# ئەسرینی چاوم

دڵبەر نازەنین،چاو شیرینێ خاس
دڵی لە من سەند،بێقسە و بێباس
زەریف و شیرین،وەك گوڵی نەسرین
چاوم پڕ ئەوێ،بێ ئەو لە ئەسرین
دڵم كەفتە داو،یار باڵابەرزێ
فكر ناكەم بێ ئەو،دڵم دامەرزێ
تا تێت لە دوورەو،بۆی گوڵ بەر ئەوێ
وەختێ دوور ئەوی،چاو من تەڕ ئەوێ
ماڵە خوەشەكەی،لە بان شەیخانە
بێ ئەو پێم خوەشە،بچمە مەیخانە
داخۆم لە یارم،نازارترێ هەس؟!
شیرینتر لە گوڵ،چاومەستر لە مەس؟!
لە تەك ئەو خوەشە،سەحرا و دەر و دەشت
هەر كوێی ئەو بووێ،ئەیژن پێ بەهەشت
عەكسی دا بە من،بە ڕەسم دڵداری
هەڵیگرم بۆ خوەم،بە یادگاری
ئاوی دا بە من،لە ئاوی كانی
گۆارا و شیرین،خوەشتر لە «ڕانی»
عەزیز و نازار،شیرینجوانم
ناوی هەمیشە،ها لا سەر زوانم
تەنناز و زەریف،ڕەعنایە یارم
دڵی من خوەشە،تەنیا بە یارم

جـــێ ئـەو هـا لە نـاو،گـلێنەی چـاوم
تـا تـاسەی ئـەکـەم،لە چـاو تـێ ئاوم
نـــزیکە بـــە مــن،هــەر وەك لیــباسم
ئـەو لە خـوەم زیـاتر،بـە خـوا ئـەناسم
وەك ئـەو لە دۆنـیا،هــەر پـەیا نـاکـەم
ساقیم چوو لە دەس،خوەم بۆ خوەم داکەم
تـاڵێ مـووی عـەوەز،بـە دۆنیا نـاکـەم
کـارێ غـەیر شـیوەن،بە شۆنیا نـاکـەم
ساتێ دوور لە یار،وەك ساڵ ئەگـۆزەرێ
ئـەترسم ژیـنم،بـێ ئـەو نـەگـۆزەرێ
زەنـجیری عشـق ئـەو،بـۆ مـن نـاچرێ
حـەز ئـەکـا بـە نـاز،دڵ مـن دادرێ !
ئـەو گـوڵی شـیرین،مـنیش پـەروانـەی
خـوەزگەم بـە «نـادر»،بـووگە دێـوانـەی

# ئەسیر

بــە داوی چـاوی مــەستی تــۆ،ئــەسیرم
دڵــم تــەنگە،لە دووریت بــۆ نــە گیرم؟!
بــــرۆ،بــــرژانگ و چـــاوت دڵـــرفێنە
دوو چاوی من لە دەس تۆ،ڕەنگی خـوێنە
لە چـاوی تـۆ،تـەمەننا بـووگە عـادەت
بە عەینەك چاوە كـانت،كـەم حـیسادەت
بـــە نـــازت،نـازەنین،بـوومە شكـارت
لە بـــیربردن شكـــارت،كـــار و بـارت
ئــــەسیرت بـــووگم و بـــەستووتە بـاڵم
لە دەس تـۆیە،كـە وا،وەك نـەی ئـەناڵم
بە مـن بێژە گـوڵم،چـەبكەم بـە دەستەو؟!
بە دەس خاڵ و خەت و ئەو چاوە مەستەو؟!
مـە كـە وێـڵم،مـە كـە شێتم،بـە قوربان
مـە كـە كـارێ كـە مـن بـمرم،تـۆ قـورعان!
لە مــن نـاپرسی ئـەحوالـم،لە بـەر چـی؟!
ئە گەر قـاری،بـە مـن بێژە،لە سـەر چـی؟!
چە زووخێ مـن ئـە كێشم!خـوەم ئـەزانـم
بــەهارم بــێ تــۆ بــووگە،وەك خـەزانـم
ســەرم لێ بــە،بــزا دەردی دڵــم چـەس؟
بــێ دەرمـانم بكـە،ئـەی یـاری چـاومەس
گــۆناحی «نــادر»ی بــێچارە جـا چـەو؟!
كە سەندۆ لێ بە جارێ،خواردن و خەو؟!

# ئەووەڵین دیدار

خـۆزگا ڕۆژ ئـەووەڵ،نـەبوای بـە یـارم
نـــــــەبوایـــــته قـــرار،دڵ بـــێقەرارم
خـۆزگا ڕۆژ ئـەووەڵ،نـەمئەدی چاوت
یـا کـە نـەمکردای،دڵ خوەم بە ناوت
کاش هەر ڕۆژ ئەووەڵ،نەوئەدا پێم دەس
بە درۆ نەتوتای،هەر تـۆم هـەس و بـەس !
کـــاش نـەوئەدا پـێم،شـەراو لە مـاڵت
بـــا ئـیمرۆ نـەبوایـم،شـێتی جـەماڵت
هـــەر تـۆم دی ئـۆسا،لە نـاو دڵـبەران
بـە نـاز و غـەمزە،عـەقڵت لێـم پـەڕان
وشـــــە و کـــــەلامت،ئـــەنیشێته دڵ
وتـــۆ:«یـــاری تـۆم»،کـەنی شـێتەدڵ !
بـۆچی بـوویته یـار؟!یـاری نیمەڕێ ؟!
بـــووگە بـە زیـندان،مـاڵ و جـێگە،ڕێ
ئـــــیتر وەک جـــاران،نـــانیشیته لام !
قسـەم بۆ نـاکـەی،حـەتتا یـەک کـەلام !
ئـــیسە کـــە بـــووگم،بـۆ تـۆ دێـوانـە
هەر لێم دوور ئەگری،هـەر وەک بێگانە
دەس نای،بە دەسمەو،ئەیژیت جۆزامـیم !
خـۆ مـن نـاقڵی،ویـرووس وەبـا نـیم !
ئـــــیتر نـــامناسی،بـــووگمە بـــێگانە
وەلێ کـــار «نـــادر»،لە تـــۆ سـەردانـە

# ئەویندارم

ئـــەویندارم بــە تــۆ،بــووگمە زەبــوونت
چ جــۆر بــاوەڕ بکــەم،ئـاخر نـەبوونت؟!
دڵـــە دامـــاگــەکــەم،غـــەمباری تــۆیە
لە دووری قـامەت و،ئــەو ڕەنگ و بۆیە
بــە ڕۆژا یــارەکــەم،تــا تــێتە ســەر شــەو
ئـــــەپرسم نـــاونیشانی تـــۆ،لەم و لەو
وتــم تــیت و ئــەکــەی،مـاڵم،چـراخـان
نــەهاتی نــازەکـەم،ئەی داخـی داخـان !
پــەرێشانم گـوڵم،چەبکەم لە دەس غـەم؟
ئـەزانــم عشـقی تـۆ،پشتم ئەکا خـەم
ژیــان تـا هـەس،گـوڵم،تۆ هـەی لە دڵـما
غـۆڵ و زەنــجیری عشــقت،هــا لە مـلما
گۆمان ناکەم کەسێ وەک من حەزین بێ
دووچــاری دەرد و یــاو و دڵــتەزین بـێ
دڵـــــــم پـــــڕ لە پـــەژارە،لێـــوبەبارم
بـــپرسە حـــاڵی مـــن،ئـــاخر هــەژارم
ئەمەکەی عەهد و قەوڵ و کـەی قـەرارە؟!
هـــــەرتا بـیتەو،دڵـی مــن هــەر تــەمارە
عــەوەز نــاکــەم جــەماڵی تۆ بـە عـاڵەم
ئـەگـەرچـی بـێخەوەر مـاگی لە نـاڵەم
بــــە نـــازی تـۆ،دڵـی «نـادر» شکـاوە
بــێ ســەیری چــاوەکـەم کـە،پڕ لە ئاوە

# ئینتزار

دامـــی گـــردووه،خـــەفەت،پـــەژارە
کـــارم شـــەو و ڕۆژ،هـــەر ئـــینتزارە
چاوم لە فرمیسک،پڕ بووگە وەک گۆم
بـــێتاقەت دیـەن،چـاوی ڕەشـی تـۆم
لە دیـــەن چـاوت،هـەرگیز تـێر نـاوم
عـــادەتی کـــردگە،بـــتوینێ چـــاوم
بـــێتاقەتی تـۆم،لە سـفح تـا بـە شـام
ئـــەلف قـــامەتم،تـــۆ کـردت بـە لام
چـەنێ سـادە بـووم،چە زوو بـوومە ڕام
بـــە ئـــەو زەنـجیرە،وا بـەستۆ بـە پـام
لە حـــاڵم ئـــیتر،نـــەپرسی ئـــەگـەر
لە خـــوا ئـــەخوازم،عـوٚمرم بـێتە سـەر
خـــالیە نـــازار،جـــێ تـــۆ بـە لامـەو
ئـــاسانە مـــردن،بـــێ تـۆ بـە لامـەو
دڵ پـــەرێش،مـەئیۆس،بـێزارم لە ژیـن
خوەشم تێ بێ تۆ،پام گیر کات لە مین!
هـەرچـەن لە جـەورت،دیگـمە زۆر ئـازار
لە خـوام داوایـە،هـەر خـوەش بـی نـازار
هەرچەن دوورم کەی،دوور ناوم لە لات
تـا کـوو بـمکۆژی،خـوێنم بـێتە پـات
دڵـخوەشی «نـادر»،تـۆ بـوویت لە دۆنـیا
خـوەشیم لە دەس چوو،وێـڵم بـە شۆنیا!

# باخ

له بـــیرته نـــاو بـــاخ،پـــاڵمان دا بــه دار؟!
تــواشـای دوو چـاوت،مـنی کـرده هـار؟!
دانــــه‌ی پـــه‌روانــه،ئـه‌هات و ئـه‌چوو
بـه ده‌ور گـولّێک وا،هـه‌ر له تـۆ ئـه‌چوو
له‌قـێ گـوڵ چـنیم،پـێشكه‌شی تۆ كـه‌م
تـــا بــه‌م بــه‌هانه‌و،ده‌ســی تــۆ بـۆ كــه‌م
گـوڵم دا ده‌ســته‌و،دیــم ده‌ستت داخـه!
وه‌خـته بـێهۆش بــم،له نــاو ئــه‌و بــاخه
وتم بموه‌خشه،گـوڵ وه‌ك خـوه‌ت نـه‌بوو
گوڵت له من سه‌ند،وه‌لێ چوویت،چه زوو!
هه‌رچێ خوه‌شی بوو،له ته‌ك خوه‌ت بردۆ
خــوا لێت بــۆ گــزه‌رێ،بـۆ كـارێ كـردۆ!
تـــۆ دووری له مــــن،نــه‌ماگــی له لام
مــن تــه‌نیا مــاگــم،زه‌نــجیرت بــه پــام
غـــــه‌مم،دووری تـــۆ،ره‌نـــجم فــیراقــه
دڵــم ئـــه‌سووزێ،ئـــه‌یژی ئـــۆجاقه
پــــه‌رێش و پــــه‌شێو،زۆر داپـــژیاگــم
نــازانــم بــێ تــۆ،مــن بــۆچه مــاگـم؟!
هــه‌ر وه‌كــوو شكــار،بــه تـیر پێویاگـم
به ده‌س دوو چـاوت،سـه‌ر لێ شێویاگـم
دڵـــم بـــۆ دووری،بـــاڵات پـــه‌رێشه
ســه‌ر تــا پـای «نـادر»،بێ تـۆ هـه‌ر ئێشه

# باری کرد یارم

بـــاری کــرد یــارم،لە لای مــن ئــەچێ
نــازانــم چــە بکــم،لەیــلەکــەم نــەچێ
یاری من تــەکــە،کــێ وەك ئـەو ئـەوێ؟!
چــەنێ نــەزرم کــرد،ئـەو جیا لێم نـەوێ
دڵـــــــم بـــــێ تاقەت،زۆر بــێقەرارە
بــــێقەراری دڵ،لە دووری یـــــارە
لافــاوی فــرمیسك،لە چــاوم بــەر بــوو
لە نــاو دلبــەران،یــاری مــن ســەر بــوو
نـــە یـــار ئــەوینێ،ڕۆخســاری زەردم
نـــە کـــار تـــەبیبە،دەرمـــانی دەردم
ڕەنگ و ڕووم زەردە،چوون دوور لە یارم
گـــــەڵاریزانـــە بـــێ ئـــەو بـــەهارم
نـــازانـــم چـــەبکەم،یــارم لێ جــیاس
چـــاوێکم لێــخا،لە ســەر مــن زیــاس
سەر خوەم هەڵ ئەگرم،ئەڕم بۆ غـۆربەت
خاكێ بەر مـاڵەکـەی،ئـەوەم بۆ تـۆربەت
لە ڕەنگــی گــێلاس،ڕەنگ لێــوی یــارم
گــێلاسێ شــەراو،ســەهل ئــەکــا کــارم
عــقلم گــۆڕیاگــە،یــارم چــوو لە دەس
شێتێ وەکوو من،جا عـەقلی بـۆ چـەس؟!
داخـــۆم بـــۆ یــاری،لە مــن بــێخەوەر
مـــردنی «نـــادر»،ئــەوا کــێ خــەوەر؟!

# باوکی عەزیزم

باوکی عەزیزم،باوکی لە دەس چووگ
موحتاج بە غەیر خوا،بە هیچکەس نەبووگ
نانئاوەر ئیمە،تو هەی لە کوینە؟!
سەر سفرە بی تو،دل پڕ لە خوینە
ئەهاتیتە مال،خەفەت دەرئەچوو
زوو چوویت و خەسەیت،هەرگیز دەرنەچوو
بو خوەشی ئیمە،خوەتو فەنا کرد
بە ڕوویـنت،بی یار،پشت و پەنا کرد
هەمیشە و دائم،دلواپەس ئیمە
ئیسە هەی لە کویی؟!،ئەی گشکەس ئیمە؟!
کارت هەمیشە،دلسوزی و پەند
بی تو ئەم دونیا،بووگە حەبس و بەند
ئەتوت مال‌حەڕام،گوناح و عەیبە
ڕزق بنیام لە ناو،خەزانەی غەیبە
ئەتوت تەک تەقدیر،لەجبازی مەکەن
کەس بە غەیر ویجدان،بە قازی مەکەن
گاهی توند ئەبووی،بە خاتر خوەمان
کە بی‌ڕاه نەچین،یک ڕوژ،یک‌زەمان
تو خوەت فیدا کرد،بو خوەشی ئیمە
سەر زیارتی تو،شەوجمعە جیمە
ئەمدی ئەسووتی،وەک شەم لە خەلوەت
ئەگیری «نادر»،بی تو بە خەلوەت

# برِو بێوەفا

بــــــــرِو بــــــێوەفا،بــــاڵابەرزەکـــەم
شکــایەت لە تــۆ،بــە خــوا عــەرز ئـەکـەم
ئــەووەڵ نــەمزانــی،دۆســی یــا دوژمــەن
ئــاوی بــۆ ئـاگــر،یـا ئـاگــر خــەرمەن
چـــەمزانـــی کـە تـۆ،ئـەونە زوانبـازی
مــــنۆ بـــە نـــازێ،زوو کــــردە رِازی!
بــێچارەمۆ کـــرد،بـــە دۆســـی،دۆسـی
هــــەر وەك شکـــارم،کـەنیاگـە پـۆسی
بــۆ تــۆ خــەڵەتیام،چـەنێ سـادە بـووم !
تــــۆ هـــەر سـوارە و،مــن پـیادە بـووم
دات بــە نـازی خوەت،قـەلبی مـن ئـاگـر
ئـــازاری ئـــاشق،کـەیفی چــەو ئـاخر؟!
دڵـــــم دەرتــــێرم،ئــیتر لە ژێـــر پـــاو
بــرِو دوورەو بــە،گـۆم بـە لە بـەر چـاو
خـــاتراتـــەکـــەت،ئـەنمە نـاو چـاڵێ
بۆ خوەم فـیداکـەم؟،هـەر لە بـەر خاڵێ؟!
لە بـیر خــوەم ئـەوەم،بـەم زوویـە ناوت
لە بــــەر چـــاو ئــەخەم،شـیرینی چـاوت
بـــــە چـــــاوت ئـــیتر،نـــیازم نـــیە
عشـقت پــەرت ئـەکـەم،چـۆن لازم نـیە
وتـــم تــەك عــاشق،لەجـبازی مـەکـە
بــە مــەرگی «نـادر»،خوەت رِازی مەکە

# بگەین بە داوما

فرمیسکم بەر بوو،ئەی مەی‌پەرەستان
بگەین بە داوما،تۆ گیانی کەستان
ئاو تێ لە چاوم،وەك تفڵ دەبستان
وەك ئەو بەفراوە،تێ لە دوای زستان
ژینم بە سەر هات،وەلێ ئەو نەهات
نازانێ یارم،بە سەر من چە هات!
شادی لە دڵ من،یەكبارە دەر هات
ژینم لە دەس چوو،عۆمرم بە سەر هات
دڵ پڕ لە ئاگر،ئەیژی تەنوورە
بۆ خوەم ئەسووتم،یارم لێ دوورە
یار وتی : «من تێم»،ماتڵ بووم کە بێ
پرسیم لە خواکەم:«یارەکەم کەی تێ؟!»
نەهات ئەوگوڵە،ماتڵ بووم تاکەی!
نیشت لە ڕۆخسارم،ڕەنگی زەردەبەی
بە ناز و غەمزە،زەجرم ئا یارم
پێ خوەشە،بێ ئەو،فرمیسك ببارم
دەس بە دامان و دەخێڵی یارم
لاڵیان لە یارم،بووگەسە کارم
نە سەبرم ماگە،نە ئارام ئەگرم
چۆن لە مەحشەرا،دامەنی نەگرم؟!
دڵ «نادر» بۆ ئەو،زۆر بێقەرارە
ئەگەر ڕەنگ‌زەردە،خەتای دڵدارە

# بمكۆژه به ناز

تــا هـــەم لە دۆنـــيا،لە تـــۆ نـايرم واز
خـوەشم تـێ بـە خـوا،بمكۆژی بە نـاز
بـــە بـــرژانگـــی ڕەش،بـمكە تـيرباران
ئـــازاری مــن بـە،هــەر وەكـوو جـاران
چـــاوی تـــۆم دیگــە،حـەیران و مـاتم
تـواشـای بـەر پات كە،من لە ژێـر پاتم
شـــيرين و نـــازی،گـوڵ بـێخارەكـەم!
هـــەسارەی ڕۆشـــن،لە شـــەوتارەكـەم!
دڵـم تـەنگ بـووگە،بـێ تـۆ بـۆ شـەراو
لە بـەر چـاوی مـن،دۆنـيا وەك سـەراو
پـــەرێش و نـــاڵان،غـــەمبەباری تـــۆم
تـــاكـــوو بـــتوينم،بـــێقەراری تـــۆم
وەخـتێ لێـم دووری،یـاری خوەشنگار
خـــــەفەت ئـــەوارێ،لە دار و دیـــوار
ســـەحرا و دەر و دەشت،بـــێ تـۆ نـاباره
بــــێ بـــا بـــتوينم،ڕۆژێ دووبـــاره
دڵـــی مـــن بـێ تـۆ،بـەهانە ئـەگـرێ
تـــۆ نـەوی،شـوێنی،مـەیخانە ئـەگـرێ
حـەفت ڕۆژی حـەفتە،مـن هـامە بـيرت
بـە پـيرت قـەسەم،مـن بـووگمە پـيرت
پـێ خـۆشە «نـادر»،هــەر وەك هـەژارێ
لە بـــەر مـــاڵی تـــۆ،بـــيدەن لە دارێ

# بۆت پەرەست

مــــن بــــۆت پەرەستم،یــــاری مــــن بــــۆتە
دوور لە ئــەو یــارە،دڵ مــن کــوت کــوتە
تــــاقانە یـــارم،وێــــنەی،کــــەس نــــیە
چاوێ،وەك چاو ئەو،خۆمار،مەس،نیە
تــیری بــــرژانگــــی،دڵ مــــنی پــــێکا
لەو وەختــــا بــــە نــاز،ئــەچوا بــە ڕێگــا
ڕوومــەتی جــوانی،هەر وەك خوەرەتاو
ئــــەترسم کــــەسێ،لە ئــــەو بــــدا چــاو
داخــــــــی داخــــــانم،یــــارم لێ دوورە
بــێ ئــەو نــەمردم!،دڵ چــەن سەبوورە!!
هــــێز و هــــەناسە و ڕوونــاکــی چــاوم
بــــێ‌تاقەت ئــــەوە،چــاوی پــــڕ ئــاوم
کــــەنین و شـــادی،لە بــیرم چــــووگە
لەو ڕۆژەو یــــارم،لە مــــن دوور بـــووگە
دوور لە نــــازارم،نــــازانــــم چــــەکــەم
لە دۆنــیا فــەقەت،حــەز بــە ئــەو ئەکەم
هــەر ڕۆژ و هــەر شــەو،دڵــم هــا لە لای
لە هــەر شــوێنێ هــەس،خوا پشت و پەنای
لە خــــــوام داوایـــە،دەردەدار نــــەوێ
گــــوڵی نــــازارم،هــــەر ژاکــــاو نــەوێ
ژیــانی «نــادر»،بــێ ئــەو بــە ســەر چــوو
یــار خــۆشەویسم،لە دەس مــن دەر چــوو

# بۆچە دووری کەی؟!

بۆچە دووری کەی،لە من،هەمیسان؟!
بۆ دوو چاوی تۆ،چاو خوەم ئەخیسان
تاسەی باڵاکەت،ئاخر چۆن نەکەم؟
خوەم لە دەرد دووریت،لاغر چۆن نەکەم؟
جوانێ وەکوو تۆم،هەرگیز نەدیگە
لەو ڕۆژەو تۆم دی،خەوم پەڕیگە
تۆ وەک فریشتە و حووری بەهەشتی
دەنگی تۆ خوەشتر،لە مایەی دەشتی !
هەر بۆی تۆ خوەشە،من گوڵ بۆ ناکەم
شێتم کەی لە غەم،دۆعای تۆ ناکەم
لە زۆقمی زمسان،تا تینی تاوسان
غەم و پەژارەت،تەک منا هاوسان
دەردم گرانە و ئێشی من زۆرە
ڕەحمت بێ نازار،لە من مەتۆرە
ئەی یاری شیرین،خوەش قەدد و قامەت
هەر بیرت ئەکەم،تا تێت قیامەت
ئەگەر بی بۆ لام،ئەی دڵدارەکەم
زوو ئارام ئەگرێ،دڵە هارەکەم
کفر خۆ ناوێ،تۆ بە یارم بی
ڕەفێق دلسۆز و یاری غارم بی
تەنیائی،«نادر»،لە پا دەر تێرێ
هەر وەکوو ئاهوویک،کە ئەیخوا شێرێ

# بووگمه فەرهادت

بــــووگمه فـــەرهادت،یـــاری شــــیرینم
کـــەی دەرتــی لە مــاڵ،تــاویٚ بـتوینم؟!
دووری لیٚــــم مــەکــە،پــەریٚش ئەحواڵــم
بــیٚ تۆ،چۆن سـەرکەم؟!،هـاوار بـە ماڵم؟
لە بـــەین مــن و دڵ،لە ســەر تــۆ شــەڕە
لە دەس دڵ،دائـــــم،دوو چــاوم تـــەڕە
هـــەر کـــاریٚ ئــەکــەم،لە بـیرم نـاچی
خــوەت بــیٚژە چـەبکەم،تـا لە دڵ لاچـی؟!
دڵـــی پــڕ لە غـــەم،زوو زوو تــیٚتە جـۆش
بــــەهانە ئــەگــریٚ،شــەراو بکــەم نـۆش
لە نــــاو دڵــــبەران،بــــە جــوانــی تـاقی
خــوەش ئـەو شــەراوە،تــۆ بــی بە ساقی
خـــەفەت دووری تــــۆ،گـــردگیە دەورم
خـــوەشم تــیٚ بــمرم،بــیتە ســەر قـەورم
ئـــەگــەر تـۆ ڕازیت،بــە مــەرگم نـازار
هـــەر تـاکــە ئــەمرم،هــەر بــمکە ئـازار
گــیانم بــۆت ئـەدەم،گـەر بیکەی قـەبووڵ
بـە پـات ئــەسووتم،هـەرتا بـم بـە بـووڵ !
لە دووریت کــــــارم،شــــیوەن و زاری
بـــۆچی نـــازانـــی،ڕەسـمی دڵـداری؟!
تــــەك دڵـــی «نـادر»،ئـەگـەر بسـازی
جـا ئــەو سـا ئــەویٚ،لەگــەردوون ڕازی

# بۆ لێم ئەتۆری؟!

بـــۆ لێـــم ئـــەتۆری،ئـــەی پشت و پـــەنا؟!
ئـــــەگـــــەر نـــــەیتەوە،خـــــۆ ئـــەوم فــەنا
لەو ڕۆژەو چـــــــووگی،دڵپــــــەرێشانم
چـــــە نـــــەفعێ ئـــــەوەی،لە دڵئـــێشانم؟!
بـــــە تـــیری بـــرژانگ،زوو بـــوومە شکـــار
ئـــارام ئـــەسووزم،هـــەر وەک نـــەخ سگـــار !
بـــێژە بـــــزانـــــم،لە بـــیرت مـــــاگــــەی؟
وتـــــم : «مـــن دڵـــم،بـــە چـــاوت داگـــە؟!»
وتـــــم : «تـــــۆ نـــــەوی،حـــاڵم خـــراوە؟!»
«وەک گـــــۆم و کـــــانی،چـــاوم پـــڕئاوە؟!»
بـــــە دەس ئـــــەو جـــــفتە،چـــــاوەخۆمارە
ڕۆژگــــــەل ئـــــاخرم،کـــــەفگە شـــــۆمارە !
بـــــە ئـــــاواتـــی تـــۆم،ئـــەی ئـــاواتـــەکـــەم
ئـــەچمە بـــان ئـــاویەر،هـــەر قـــاوت ئـــەکـــەم
بـــە قـــەوکـــێفئاویەر،غـــەم هـــا لە شـــانم
بـــــردن ئـــــەم بـــارە،مـــن کـــەی ئـــەتانم؟!
بـــەم هـــەوای ســـەردە،لەم ســـۆز و ســـەرما
لە عشـــقت گـــەرمم،وەک فـــەسلی گـــەرما
بـــــــێ،پـــــــەرێشانی،لە دڵ مـــــن لاوە
بـــــیخە نـــــاو چـــــاوم،ئـــەو جـــفتە چـــاوە
دەروونـــــم ئـــــاگــــــر،جــــەرگم بــــــراوە
«نـــــادر» بـــــەسیە ســـــا،کـــــەم کـــە وڕاوە!

# به خاتر چاوت

یاری دوور له من،دڵبەر چاوقەشەنگ
دڵی دێوانەم،زۆر بۆت بووگە تەنگ
پەرێش و پەشێو،له حەسرەت باڵات
مات و مەلوولم،غەرق له خەیاڵات
من و خەیاڵی لێوی سووری تۆ
تاوێ بەرم نات،خەفەت دووری تۆ
کارم دوور له تۆ،هەر ناڵه ناڵه
له بیر چۆن بوەم،ئەو ڕەشەخاڵه
ئەکەم بۆ چاوت،هەر نەزر و ساقه
ئا بەو قۆرعانه،ها لەو ئۆتاقه
هەرچەن له ژینم،بێ تۆ بێزارم
هەر تا نەفەس هەس،چاوئینتزارم
کەم کە ئازارم،عەزیز نازارم
چەو پێ ئەگەی وا،هەر ئەی ئازارم؟!
دڵم بێ‌تاقەت،پڕ له بەهانەس
ئەم دۆنیا بێ تۆ،بۆم بەندینخانەس
دڵی هەژارم،هەر داوات ئەکات
خوەت بە نیشانم،سواوە،وەک زەکات
له ناو دڵبەران،هەر تۆ ئەناسم
مردم له دووریت،بێ بۆ مەراسم
بە غەیر دڵتەنگی،بەشۆ پێم نەدا
«نادر»،ئەیتە کۆشت،بەم ناز و ئەدا

# بەخێڵم

بـــەخێڵم مـــــن،بـەخێڵی کـەم بـە شـانە
ئـــەکـــا نــــازی قـــژی تـــۆ،دانـــە دانـــە
بـە ئـاواتـم بـە جـێگەی شانەکـەت بـم
خوەشە خوەم کەم،سـەر و زوڵـفی تـۆ شـانە
مەگـەر مـن یـارەکـەی جـارانـی تـۆ نـیم؟!
بـــۆ نــــاپرسێ لە مـــــن،نــاو و نــیشانە؟!
پــــەژارەی عشــــقی تــــۆ،ئــەی نــازەنینم
لە دڵ مـــــــن،زۆر زەلام و زۆر گــــرانـــــە
ئـــــەپێکی دڵ،بـــە تـیری تـیژی بـــرژانگ
بـــرۆی پــەیوەستی جــوانت،وەک کـەوانـە
نــەسێحەت دڵ ئـەکـەم،نـاچێ بـە سـەریا
لە مـــن ئـــەگـــرێ،حـــۆزووری تـــۆ بـــەهانە
خـــوەشە بـی تـەک مـنا،ڕۆژێ بـۆ سـەیران
لە لای دەس یــەک بــچین،شـانە بـە شـانە
لە خەو تۆم دی،لە لای دەس یەک،بە تەنیا
قـــژی کـــاڵت،ڕژانـــدووت،بـانی شـانە
ئـەگـــەر هـــەروا قـــەرارە،دوور لە تـــۆ بـم
بـــــە ئـــاواتـــم بـــە ســـەر بـێ ئـــەم ژیـانە
لە بــــــیرت نــــاوەم و نــــاچی لە بــــیرم
بـە ئـەو خــوایــە،کـە بێکەس،بێ‌مەکـانە
ئـەگــەر مـەیلت نـەبوو،مـن یـاری تـۆ بـم
بـــۆ کـــردۆ قـــەلبی «نــادر»،تــۆ نــیشانە؟!

# بەش خوریاگ

له ئـەو وەخـتا،کـه شـادی،بـەش ئـه کـریا
بــەشم خــوریا،بــه مــن شــادی نــەدریا
چـــەمە چـاوانـی مـن،یـارم لێ دووره
ڕەشــه ڕۆژ و دوو چـاوم،ڕەنگـی سووره
بــه ڕۆژ و شـەو،بـه چـاوم نـاکـەفێ خـەو
پـــەرێشانم،دڵـــم شکـیاگـه بـێ ئـەو
گۆزەشت ئەو ڕۆژگـاره،دڵ،خـوەشی بـوو
له غەم سـەهمی نـەبوو،شـادی،بـەشی بـوو
خەفەت دووری له ئـەو،بـووگه بـەشی مـن
له ڕەنگـی زۆڵـفی ئـەو،ڕۆژی ڕەشـی مـن
له بـەر چـاوم هــەمیشه،هات و چوونی
خۆ وێڵ ناکـات غـەم و ڕەنـجی نـەبوونی!
کـز و مـات و حـەزین و گـۆشه گـیرم
وەلێ ئـــەو دڵـــبەره،نـــاچێ له بـــیرم
له دووری ئـەو،بـه ڕۆژ و شـەو،ئەگـیرم
جـــووانـــی چـووگه ئـیتر،ئـیسه پـیرم
دڵـــم شکـــیا،دو چـــاوم پـــر له ئـاوه
بـــۆ تـــیماری دڵـــم،فـرسەت نـەماوه
هــەموو عـاڵەم،له دەردی مـن خـەوەردار
ئـەسازم تـەک خـەفەتگەلما،له بـەر یـار
بزا «نادر»،له دەس غەم،چیت به سەر هات؟!
بـەسە ئیتر،بـەسە،هـەم کیشی،هـەم مـات!

# بەڵا

چاوی ناز و شۆخ و شیرین و بەڵات
ئەم دڵە دێوانەیە،کرد مۆبتەڵات
ئەم دڵە بێچارەمە،بێ دەست و پا
ژین و هەستیمی،لە ڕێتا دا بە با
هەر تۆ ئاواتی دڵەدێوانەکەم
باری ڕەنجی تۆ ئەکێشێ،شانەکەم
من حەزین و دڵشکاو و ڕەنجەڕۆ
بێ بپرسە حاڵی زاری من،مەڕۆ
بۆ برینی ئەم دڵە،هەر تۆیی شەفا
بۆ ئەکەی دووری لە من،ئەی بێوەفا؟!
دڵپەرێشان،چاو بە گریان،لێوبەبار
دەستی من تاوێ لە دەستت،بگرە یار
تۆ حەکیمی،تۆ تەبیبی دەردەکەم
تا لە من دوورەو ئەوی،زوو لەرز ئەکەم!
ڕۆژ و شەو تێت و بە یادت سەر ئەچێ
بێ تۆ ڕۆحی من،لە قاڵب دەر ئەچێ
عشقی تۆ دائم لە دڵ من باقیە
هاونشینم بێ تۆ هەر شەو،ساقیە
کەی ئەوێ،دەردی دڵی من کەی دەوا؟!
کۆشتنی ئاشق بە ناز،کەی هەس ڕەوا؟!
بێ تۆ،ڕەحمێ بەم دڵە بێچارە کە
یا بە خەنجەر،قەلبی «نادر» پارە کە

# بەڵاکێش

بەڵاکێشی غەمی تۆم،بێ بەڵا بی
دوٚعا ناکەم کە وەک من،موٚبتەڵا بی
بەلاگەردانی باڵاتم،بە قوٚربان
شەو و روٚژان لە بیری توٚم،بە قوٚرعان
ئەڕم بوٚ هەر دیارێ،توٚ دیاری
هەسم مەینەت،خەفەت،لێت یادگاری
دڵم ئەگرێ،بیانک ماڵەکەی توٚ
بوینم قەدد و باڵا،خاڵەکەی توٚ
توٚ خاوەن قەلب و ڕوٚح و چارەنووسم
کتێوێ بوٚ دوو چاوی توٚ ئەنووسم
وەکوو گوٚچان،قەد و باڵام،شکاوە
لە دڵ من،غەیر ئەوینی توٚ،نەماوە
سەرم لێ بە،توٚ گیان خوەت،جار،جارێ
بزا فرمیسک لە چاوم،چوٚن ئەبارێ!
بپرسە بوٚچە من حاڵم خراوە؟
هەسێڵی چاوەکانم،پڕ لە ئاوە؟!
کێ ئەیژێ چاوشیرین،بێ توٚ ئەمێنم؟
قەرارم بەستووە،بێ توٚ نەمێنم
لە دووری چاوی توٚ،گوڵچێرە،چەبکەم؟
بە جێم بێلی،بچی،من لێرە چەبکەم؟
بە ئاواتم،بوینم بەرزی باڵات
لە دڵ «نادر» بچێ،فکر و خەیاڵات

# بەڵا نەوینی

بــــەڵا نـــــەوینی،ئـــەی شــۆخ و بــەڵا
هەر چێ حەز بکەی،پێشکەش کەم تـەڵا
وەختێ ئەیژی بـێ،عـەزمی ڕێ ئـە کـەم
لە خەڵوەت،تەک خوەم،هەڵپەرکێ ئە کەم
وەک تــۆ نــازارێ،نــەمدی کــەسێ تر
وەک خوەم نەمدیگە،هـەرگیز مـەسێ تر
وەک عەتر و عـەبید،چـەنێ بـۆخوەشی
مــنت ئاشق کـرد،عشـقت پـێم چـەشی
چـــــاو دڵـــــرفێنت،ســــۆنع ئـــیلاهیە
گـــایی بــەر مــاڵت،بــۆ مــن شــاهیە
چـاوت لە نـاو تـواو،چـاوانـا تـەکـە
لاوە حــــێجابت،شــــەرمم لێ مــە کــە
بــــووگەکــاری تــۆ،هــەر دڵئــێشانم
ســــەرۆ لێـــم شــێوان،زۆر پــەرێشانم
من مەئیووس نـاوم،عـەزیز وەک چـاوم
بــــە هــیوام ڕۆژێ،بــی،بکــەی قــاوم
گـــــەر مـــۆسەڵمانی،یـــاری نــازارم
بــۆ ڕەزای خــواکـەت،کـەم کـە ئـازارم
خــوەشە خـوەم ڕۆژێ،بگـرم بـاڵەکـەو
پــا بــە پــا بــرین،هــەر تـا مـاڵەکـەو
نــــالەی دڵ «نــادر»،نــاڵەی نــەرمەنەی
تــینگم بــۆ مــەی،ڕەنگــم زەردەبــەی

# بەهار

گـــەڵارێزان و ســـــەرما،بـــەفر و بـــاران
بەسەر هـات و بـەهار،رووی کـرد لە شـاران
ئـــەوێ ســـــەرشاخی داران،پـــڕ شکـــۆفە
ئـــەوێتە ســـەوزْ و شـــیرین،بـــەرگی داران
ئـــەوینی پـــڕ لە گـــوڵ جـــا،بـــاخ و بـــێسان
ئـــە کـــەن لانـــە،لە ســـەر داران،هـــەزاران
ئە کـا بـولبوڵ،بە سۆزی دڵ،لە سەر گـوڵ
ســـــپاسی خـــــالقی فـــــەسلی بـــــەهاران
قـەناری،جـا،قـەراری خـوەی لە دەس ئـات
ئـــــەخوێنت و ئـــــەناڵێ،وەک هـــــەژاران
ئـــە کـــا ســـە یرە،لە ســـە یران،ئـــەم دۆعـــایە
کـــە:«یـــارەب،بـــە،تـــۆ ســـەبری بێقەراران»
لە نـــــاو بـــــاخ و لە ژێـــر دار و چـــەمەنزار
لە هـــەر گـــۆشەیک،ئـــەوینی،بـەزمی یـاران
ئـــــەوە،وا ئـــــاشقی یـــــارێک جـــــوانـــــە
ئـــــەنووسێ نـــــاوی یـــاری،بـــان چـــناران
ئـــــــەنیشن ئـــــــاشقان،دڵـــــبەرپەرەستان
لە ســـەر کـــانی،لە لای دەس چـاوخۆماران
بـــەهارە،فـــەسلی جـــووانـــی جـــوانـــە کـــانە
ئەچن خەڵوەت ئـە کـەن،تـە ک گـوڵعۆزاران
بـــــڕو «نـــــادر»،دەمـــێ بـــۆ نـــاوی بـــاخان
بکـــــە بـــــیری جـــــوانـــی،بـــیری جـــاران

# بێ

وتـــۆ:«تـــێم» و نـــەهاتی!مـــاتڵم،بـــێ
مـــەوە رازی،کـــە بـــیتە قـــاتڵم،بـــێ
شـــەوێ،ڕۆژێ،دەمـــێ،بـــێ بـــا،بـزانی
کە فرمیسکم لە چاوم،بێ تۆ چـۆن تـێ
لەمـەولا بـێ تـۆ مـن،رازی دڵـی خـوەم
تۆ بێژە من بە کـێ بـێژم؟بـە کـێ؟ کـێ؟!
مـــە کـــە زیـــاتر لەمـــە،ئـــازاری ئـــاشق
بـــێ بـــا ئـــەو گشـتە ئـازارە،لە بـیر چـێ
بۆ لا ناکەی لە دۆسی پارەکەی خوەت؟!
بـــە ئـــاواتـــم کـــە چـــاوێکۆ لە مـن بـێ
عـــەزیزی تـــۆ،لە گشت مـــەردم زیـــاتر
بـــە خـــاتر ئـــەو ئـــەوینە،مـا لە دڵ جـێ
بـــۆ چـاوکەفتن بـە تـۆ،وا زۆر عـەزیزی
ئـــەوێسم تـــاکـە بـی،نـازار،لە سـەر ڕێ
وەکوو مەجنونی ئـاوارە،بـە دەس لەیـل
ئەچم وەك دەر بە دەر،لەم شارە بۆ دێ
نـــــەما زیـــاتر لە چـــەن ڕۆژێ،ژیـــانم
فەقەت ماگەکەمێ،یەك یا دوو یا سێ
ئەگەر دێر بی،بۆ پـرسین حـاڵی «نـادر»
ئـــەوینی هـــیچ ئـــەسەر،ئـــیتر نـــەما لێ

# بێ ئاشت بینەوە

بــــێرەو دووبـــارە،بـا ئـاشت بـینەوە
بــــچین بــــۆ ئـاویەر،گــوڵ بــچنینەوە
لە تەك یەك،بخوەین،کۆلێرە و مـاسێ
تەختەنەرد بکـەین،هـەر دوو بە تـاسێ!
لە دڵـمان خـەفەت،بـا دوور خـەینەوە
هــــەر تـــا نـــیمەشەو،ئـیتر نـەینەوە
لێـــم بـــڕیا ئـــارام،ئـارامـی گـیانم
بـێ بـا شـیرین بـێ،تـەك تـۆ ژیـانم
بــــێ بـا بـتوینم،کـەم بـێ لە تـاسەم
بـۆ تۆ،هـەڵ ئـەسێ،زوو زوو،هـەناسەم
نـــاوی مـــن بــێرا،بـە سـەر زوانت
تـا بـم بـە قـۆربان،ڕوومـەتی جـوانت
بـە شـوێنتا وێـڵم،هـەر وەك ئـاوارە
دڵـــم لە دووریت،،پـــڕ لە هــــاوارە
هـەر ڕۆژ ئـەوێتەو،تـێمە بـەر مـاڵت
بـەشکەم،ئـەمە خواس،بینم جـەماڵت
کــوێر بـێ ئـەو چاوە،چاوت لێ ئـەدا
دل من،بـە غـەیر تـۆ،بـۆ کـەس لێ نـەدا
تـاوێ نـە تـاوێ،دڵ ئـاگر ئـەگرێ
چە بکەم بەم دڵە،بیانك تـۆ نـەگرێ؟!
دڵ «نـــادر» شکـــیا،نـــەهاتی بـۆ لام
تـا نـەی،نـازانـم،بـە چـە ئـەیژن کـام

# بێ ئەو

لە لای من کەپرە،بێ دۆسەکەم،کاخ
بێ ئەو خوەش نیە،دەشت و دەمەن،باخ
بەژن و باڵاکەی،داری سێنەوبەر
دووری ئەو حەدیس،ئەمبەر و ئەوبەر !
من لە ئەمبەر ئاو،ئەو لە ئەوبەر ئاو
مەر ئارام بگرم،بنۆشم شەراو
دڵم بە ئاوات،دیداری لەیلە
بەداخەو لەیلم،بە من بێمەیلە
ئازارم ئەکا،بە ناز و ئەتوار
لە چاوم فرمیسک،تێرێ بەرەو خوار
بوون و نەبوونم،بە دەستی یارە
ئاواتم وایە،بیتەو دووبارە
بزەی لێوانی،دڵ ئەوا ئاسان
بە نازی چاوی،ئەمکا هەراسان
هەرکە بیوینێ،دڵی ئەبازێ
بە ڕۆخساری وەک،مانگی ئەنازێ
لێوی وەک خۆنچە،شیرین وەک قەنە
بە خوێن ئاشقی،دەس ئەگرێ خەنە !
دوورم لە دڵبەر،دەردم گرانە
کاری دڵبەران،هەر دەس بڕانە !
دڵ«نادر»،کون کون،وەک نەی ئەناڵێ
هەر وا ئەزانێ،ها لە ناو چاڵێ

# بێ بە نازەوە

بـێ بـە نـازەوە،وەك کـەو خـەرامـان
دەسـتی مـن بگـرە،دەستم بـە دامـان
چاوێکم لێخە،خوەت لێم،گـێل مـەکـە
ئـەویـنداری خـوەت،تـەنیا وێـڵ مـەکـە
قـــاوێکم لێکـــە،تـــاوێ بـێمە لات
دانـیشم تـا دڵ،خـوەش بێ لە پـەنات
بـــێرەو دانـــیشە،بـــێرە لای دەســـم
بگـەی بـە داومـا،ئـەی هـەرچێکەسم
دەسـە نـەرمەکـەت،بـنە نـاو دەسـم
کـەمێ نـاز بکـە،تـا بکـەی مـەسم
تـۆ خـاس ئـەزانـی،خـاترخـات منم
وەك گـەڵازەردێ،لە بـەر پـات مـنم
نـــازانـــم چـــە بکــەم،بـێ دەسەڵاتم
دەخـــێلی خـوەت و شـێخ و مـەلاتم
بـە خـوا،دڵبـردن،هـەر لایق خـوەتە
وەلێ دڵ شکـیاگ،ئـاخر بـۆ چەتە؟!
کـەسم بـۆچیە؟،گـەر تـۆ کـەسم بی
لە خـوام داوایـە،هـەر تۆ کـەسم بی
ئـەگـەر هـاتیت و،وتـیان مـن مـردم
بـــزا لە دووری،بـــاڵات،دێـق کـردم
دەمـە خـۆنچەکـەو،ڕەنگـی شـەراوە
خـوەشی بـۆ «نـادر»،بـێ تۆ سـەراوە

# بێ تاقەتم

ڕەنگی ڕۆخسارت سپی،لێوت بە ڕەنگی خۆنچەیە
خوێنی ئاشق من ئەوینم جێ خەنە،بەو پەنجەیە
بێ سەفایە بێ حۆزوورت گوڵشەن و بێسان و دەشت
خوەش نیە بێ تۆ بە تەنیا،سەیری گوڵزاری بەهەشت
کەی جوانێ وەك تۆ هەس،ئیتر لە ناوی لاوەکان؟
زینەتی بۆ ئەم ژیانە،زیوەری بۆ باخەکان
تاکە ماگم،بێ بە لەنجە،دەرد و ڕەنجم چارەکە
بێ دووبارە یاری من بە،دیدەمەس،وەك پارەکە
ئەی گوڵی باخی ژیان،تەنیا گوڵی،گوڵزاری من
بەو دوو چاوی خوەت،بڵێ،باکەم بکەن ئازاری من
بیکە بۆ خاتر خوا،ڕەحمێ بە ئەم بێچارەکە
یا بە دەس خوەت،ئەم دڵە،تۆ خوا بە خەنجەر پارەکە
نامەوێ من ئەم ژیانە،بێ ڕۆخت،دڵدارەکەم
خەنجەرێ بە،با دڵی دڵبەرپەرەستم،پارەکەم
هەر بنازە نازەکەم،دائم بە نازی چاوەکەت
گیان بە قۆربانت ئەکەم،شیرینە وەك خوەت،ناوەکەت
تۆ بڕو شادی بوینە،من ئەمێنم،غەم ئەخوەم
من شەهیدی چاوی تۆم،ئەی چاوەکەم،خوەزگەم بە خوەم
بێ تۆ ئارامی دڵ و شەوقی چرای ژینم نەما
هێزێ بۆ گریان لە دووریت،چاوێ بۆ شینم نەما

تــا تــۆ دوورەو بــوی لە مــن،ژیــن و ژیان،تامی نـەما
کـەی لە بیری مـن ئـەچی؟!تـۆ هـەی لە کۆنجی سینەما
ئـــاسمانی چـــاوەکـــانم،پـــڕ لە غـــەم،بـــارانـــیە
ئـــاشقی،ئـــاوارەگـــی،هـــەم شـــێتی و حـــەیرانـــیە
قــانعم تــاوێ تــواشــام کــەی،بە گۆشەی چاوەکـەت
جــا پــەرێشانم بکـەی،وەك زۆڵـفەکاڵ و خـاوەکـەت
گــەرچی «نـادر» دڵحـەزین و پڕ لە ڕەنج و وەرهـەمە
گـەر بخەی چـاوێ لە ئـەو،ئـەم کـارە بۆ ئـەو مـەرهەمە

# بێخەوەر چووگی

خەفەت دووری تۆ،دەردێ زەلامە
دوور لە من ناوێ،دائم لە لامە
بێخەوەر چووگی،بێ خواحافزی
بە مەرگم ڕازیت،مەگەر قابزی؟!
بۆچی پێت خوەشە،بموینی حەزین؟!
بۆ قەسدی گیانم،ئەکەی نازەنین؟!
بێکەسم بێ تۆ،دوورکەفتگ لە یار
بێیار،بێهاودەم،دائم لێو بەبار
چوومە لای دووکتر،وتی : «ناساقی
چەن ڕۆژێ زیاتر،نەتماگە باقی!»
بێ با نەمکۆژێ،خەفەتْ دڵداری
دەس کێشە دڵبەر،لە دڵئازاری
تۆ هەی لە کوێنا؟!چۆن تۆ پەیا کەم؟!
پەیات گەر نەکەم،مەحشەر بە پا کەم
لە کوێی بتوینم،سۆمای چاوەکەم؟!
ڕەشەو بێ یا خوا،بێ تۆ ناوەکەم
من ئەسیری تۆم،بە داوت گیرم
تا قام قیامەت،ناچی لە بیرم
کەس کوا؟،ها لە کوێی؟،وەك تۆ بێ نازار؟!
جەلاویش وەك تو،کەس ناکا ئازار!
«نادر» بۆ خاڵی،گۆنات بووگە شێت
بە خاتر خاڵت،دڵی داگە پێت

# بێچارەتم

تــا ئـــەو ڕۆژە هـــەم،بـــێچارەتم مــن
لە کـــووچە و کـــۆڵان،ئـــاوارەتــم مــن
بـــــوومە ئـــاشقت،تـــا لام کـــردەوە
دڵـــــم دا بـــە تـــۆ،هـــەر نـــەمبردەوە
دەرد و بـــەڵای تـــۆ،بـــە گـیان ئـەسێنم
وەلێ شـــــەرتە دڵ،لە تـــــۆ نـــەسێنم
چـــۆنکە دێـوانـەی ئـەو زۆڵـفە کـالەم
بـــمگەینێ بـــە تـۆ، چـارەنووس عـالەم
لە بـــیرم نـــاچی،هـــەر هـــەی لە بـیرم
بـــە ئـــیمڕۆ ســـۆزی،تـۆ کـردۆ،پـیرم
ســاقەی ســەر چـاوت،کـەم بـمکە ئازار
شـــایەد تـــا سـۆزی،بـڕ نـەکـەم نـازار
ئـــاسمانی دڵ،بـــێ تـــۆ پـــڕ هـــەورە
بـە تـۆ نـاکـەفێ،ئـەم جـەفا و جـەورە
ئـــاگـر دووری تـۆ،بـەر بـوو لە گـیانم
لە بـــەر چـــاوم کـەفت،بـێ تـۆ ژیـانم
چـاوی تـۆ بـاعێس،دووری مــن لە دیـن
نـــەبوونت دەلیـــل،بـــێمەیلیم بـە ژیـــن
ئـــیتر خـــوەش نـــیە،ژیـــن لەم زەمـانە
ئـــــاواتـــم بـــێ تـــۆ،ئـــیتر نـــەمانە
بـێژە «نـادر»ت،بێ تۆ چۆن سـەر کـات؟!
عشـقی تـۆ لە دڵ،چ جۆر بـە دەر کـات؟!

# بیرم بۆ ناکەی؟!

لە بــیرت چــووگە،ڕۆژێ یــارت بــووم؟!
مـنۆ گـەرەك بـوو،کـەس و کـارت بـووم؟!
بـــۆ وەکـــوو جـاران،مـەیلت نـەماوە؟!
چـــەو لە مــن دیگـــە،بـەو شـیرین چاوە؟!
کـــــارم گـــریانە،شـــەو تـــا بـــەیانی
لە بـــــەر چـــاوانـــم،دائـــم عـــەیانی
دڵت لێـــم گـــۆڕا !نـەمزانـی بـۆ چـی!
عـاشقت ئـەمرێ،گـەیگە وەخت کـۆچی
بـــێ تـــۆ گــــۆزەشتم،لە خـــەیر ژیـانم
بـــۆ چـــیمە بـــێ تـــۆ،ئـــیتر گـیانم؟!
غـــەم نـــیشتە دڵـــم،خـــەوم لێ بـــڕیا
دڵ وەك حـــەریرم،بـــە دەس تـۆ دڕیـا
لە بـــان سـەرم هـەس،هـەمیشە هـەورێ
بـــێ تـــۆ وازانـم،هـام لە نـاو قـەورێ
بـــیرت ئـــەکـــا دڵ،بـــێتاقەت ئـەوم
لە دەس ئـەم دڵـە،کـەی ڕاحـەت ئـەوم؟!
غـــــەریب و تـــەنیام،نـــیمە هـــاورازێ
قـــاتڵ مـــنی تـــۆ،بـە غـەمزە و نـازێ
نـــەماگـــە بـــێ تـۆ،تـاقەت و سـەبرم
ئـــەزانـــم بـمرم،نـای بـۆ سـەر قـەبرم
ئـەو سـەبرە ئـەیژن،کـوا؟! هـا لە کـوێنا؟!
دڵ «نـــــادر»ئـــیتر،غـــەرقە لە خـــوێنا

# بێرەوە

تواشای هەر کوێی کەم،تۆ هەی لە ئێنا
زوو بێرەو بۆ لام،خوەشیم بۆم بێنا
لە کوێی،نازەنین،ئاخر پەیات کەم؟!
تواشای دوو چاوی،پڕ لە حەیات کەم؟!
هەر کەس ئەوینم،تۆ تیتە نەزەر
لەم جەور و جەفا،بۆ ناکەی حەزەر؟!
یاری بەشەرم و زۆر بەحەیاکەم
وەك چاوت،چاوێ،لە کوێی پەیاکەم؟!
لەو ڕۆژەو چاوت،لە من دوور بووگە
دڵخوەشی ژینم،لە دەس دەر چووگە
وەختێ نازارم،تۆ تیتە بیرم
نازانی چەنێ،بێ تۆ ئەگیرم!
تواو ئاە و ناڵەم،بە بۆنی تۆیە
دڵی سووتاگم،پڕ لە بۆسۆیە
دڵم ئاشق و زەبوونی تۆیە
دەلیل غەمباریم،نەبوونی تۆیە
کردگمە تاسەت،تۆ هەی لە کوێنە؟!
بێرەو وەك جاران،کەمێ بمدوێنە
کەی سزاوارە،ئەم گشتە جەفا؟!
مەگەر نەماگە،لەم دۆنیا وەفا؟!
عەزیزی «نادر»،شیرین خەت و خاڵ
بێرەو،ژیانم،ئەونە مەکە تاڵ

# بێکەس

کوا لە ئەم دۆنیا،کەس وەک من بێکەس؟!
وێڵ بێ بە شوێن یار،وەک شێتێکی مەس؟!
ئەو گشکەسمە چوو،چۆڵ بووگە دەورم
کەسێکم نەما،بکێشێ جەورم
لەو ڕۆژەو چووگە،ناجۆرە حاڵم
سەرم لێ شێویا،وێرانە ماڵم
سەقفێ بۆ ماڵی،وێرانم نیە
یارێ وەک ئەو ناو،ئێرانم نیە
نازانم جەفا و،جەوری،لە بەر چەس
ئازارم ئەکا،بە چاوگەلێ مەس
هەرچەن یار دوورە و،تەک من ناسازێ
بیری ئەو ئەکەم،بە هەر ئاوازێ
ئەگریجەی خاوی،ئەمکا پەرێشان
کارێ نازانێ،بە غەیر دڵئێشان
بووگە قسمەتم،چاوێ پڕ لە ئاو
دەرمانی دەردم،چەن ئیسکان شەراو
شەراوم پێ بەن،بە قەسدی مەستی
فەرامۆشم بێ،خەفەت گەل هەستی
لەم سینە،مەینەت،با خالی بکەم
ئەگەر خەفەت بێ،خوەم حاڵی بکەم!
دل «نادر»،فەقەت،بۆ ئەو لێ ئەدا
گەر خوا مەیلی بێ،ئەوێ بۆی فەدا

# بێگانە

دڵدێـــــوانـــەمی،بـــە نـــاز بـــردووە
لە ئـــاگـــر هـــیجری،گـــڕم گـــردووە
عـــەزیزترین کـــەس،بـــووگە بـــێگانە
داخـی تـا مـاگـم،هـەس لە سـەر شانە
دەمـــــێکە یـــــارم،لە مـــن تـــۆراوە
لەو ڕۆژەو دڵـــتەنگ،چـــاوم پـــڕ ئـاوە
تـــاوێ نـــە تـــاوێ،هـــەر تـــێتە بـیرم
ئـەچمە گـۆشەیک و بـۆ خـوەم ئەگـیرم
چـاوم پـڕ فـرمیسک،دڵـم پـڕ لە خـوێن
لە دووری یـاری،شیرین وەک هـەنگوێن
یـاس بـووگم لە دەس،ئـەم گشـتە ئـێشە
خـەفەت وێـڵ نـاکـات،ئـەیژی سرێشە!
دڵـــم پـــڕ خـــەفەت،حـــاڵم پـــەرێشە
کـــەی نـــەجاتم تـێ،لەم ژان و ئـێشە؟!
زۆر دوورە لە مـــن،ســتارەی بـــەختم
لە بـــەر چـــاوم کـەفت،ژیـانی سـەختم
دوور لە چـاوی ئـەو،خـەم،وەک کـەوانـم
فـــەرقی بـــۆم نـــەما،مـــان و نـــەمانم
خـۆزگە بـە جـاران،کـە ئـەو یـارم بـوو
هـــەسارەی ڕۆشـــن،لە شـــەوتارم بـوو
دڵ «نـــادر» غـــەمین،پـــڕ لە پـــەژارە
نـــاسازێ تـــەکـــیا،ئـــەم ڕۆژگـــارە

# بێوەفا

خەفەت دووری ئەو،تاوێ من بەر نات
لە من نازارم،خۆ هیچ وەخت سەر نات
بمرم لە خەفەت،یار پێم نازانێ
لە دڵ بیمارم،یارم چا زانێ؟
ها لە کوێی داخۆم،شیرین یارەکەم
یاری پارەکە و،هەم پێرارەکەم
بە یەک ئێشارە،زوو کەفتمە داوی
خواوەننا،بەڵا،دوورکەی لە چاوی
هەر بیری ئەکەم،تا ژین بە سەر چێ
تا ئەو رۆژە گیان،لە قاڵب دەرچێ
لێم داخراوە،درگای ماڵەکەی
جا چۆن بزانم،داخۆم حالەکەی؟!
یارم خوەشی بێ،هەر بەختەوەر بێ
قەیچاکا چاوم،بێ ئەو خەوەر بێ
ڕەسمی زەمانە،داخۆم بۆ وایە؟!
ئاشق فەقیر و دڵبەر وەک شایە؟!
بێ ئەو حەوسەلەی سەیرانم نەما
خوزگە هەمیشە،لە لای من ئەما
هەرچەن کە دوورە،ها لە بەر چاوم
داخۆ لەبیری،ئەو ماگە ناوم؟!
یارم لێ دوورە،جام بۆم پڕ ناکات
بەم جۆرە «نادر»،ساڵێ بڕ ناکات

# پائیز

بــوو بــە پــائیز،شاخ و بــەرگی مـن وەری
ئــاشقی تــۆم،تـۆ لە دڵ مـن کـەی ئـەڕی؟!
تـا لە مـن دوورەو ئـەوی،زوو یـاو ئـەکـەم
بـــێئیرادە،نــاوی جـوانت قــاو ئــەکــەم
مــن خــەزانـم،دارێکـم،بێ شـاخ و بـەرگ
بێ تـۆ ئـەی نـازارەکـەم،ڕازیـم بـە مـەرگ
لار و لەنـــجە و نــازی تــۆ،بــۆ مــن دەوا
ژیـــنی تـــاڵم بــێ حــۆزوورت،نــاڕەوا
زۆر بـــەنازە چـــاوەکـــانی تــۆ،بــەڵام
حــەیف دڵــی بــێچارە،نــاگــەینی بەکـام
گشکــەسی مــن،بــێ تــۆ تــەنیا،بــێکەسم
بێ مـەی و بێ بـادە،هـەر شـەو،سـەرمەسم
لەم زەمـــانە بــووگە بــەش مــن،بــێبەشی
فەرقی چەس بۆم دڵخوەشی؟یا نـاخوەشی؟!
خـــەڵوەتێ کـــوا تــا بگــیرم زاری زار؟!
مـن لە دووریت،یـاری شـیرین گـوڵعۆزار؟!
ڕۆژ و شەو بیرت ئەکەم،هـەر کـوێی ئـەچم
دوور لە تۆ،تەک عالەما،تەک خوەم لەجـم
نـــازی تـــۆ،شــادی لە دڵ مــن،بــردووە
ســـەد هــەزار خــۆزگە بــەوە وا مــردووە
گەرچی جووانی چووگە،«نـادر» بـووگە پـیر
عــەهد و پــەیمانێ کـە بـەستوی،هـا لە بـیر

# پەروەندەی عشقت

پــــەروەندەی عشـــقت،لە دڵــما بــەسیا
هــاتگمە ســەر عــەقڵ،لە خــواکــەم،بــە زیـا
تـــا ڕۆژێ مـــا گـــم،نـــاوت لێ نــاوەم
شـــەرتە نــاوەکــەت،لە بــیر خــوەم لاوەم
نــاوت پــاك ئــەکــەم،لە لەوحــی ســینە
دڵ خــوەم پــڕ ئــەکەم،وەك تۆ لە کینە
ئـــیتر ئـــەحواڵت،لە کـــەس نـــاپرسم
لە جـــیابوون لە تـــۆ،ئـــیتر نـــاترسم
وەمـــزانـــی گـــوڵی،نـــەمزانـی خــاری
ئـــەسڵەن نـــازانـــی،ڕەســمی دڵــداری
دڵـــم دا بـــە تـــۆ،نـــەوزانـــی قـــەدرم
مــاتڵ بــووی بــمرم،بــیتە ســەر قــەورم؟!
مـــنت ئــەسیر کــرد،هــەر بــە ســیاسەت
قــەوڵم دا بە خــوەم،هیچ نەکــەم تــاسەت
لە زەنـــجیری تــۆ،خــوەم ئــازاد ئــەکــەم
شـــەرتە لە مـــەولا،بــیری تــۆ نــەکــەم
حــەیف ئــەو شــێعرانــە،بۆ تــۆم ئــەنووسی
هــەزاران ڕەحــمەت،بــە دۆژمــەن ڕووســی !
مـــن نـــەمدی لە تـــۆ،غــەیر بــێوەفائی
شـــوکــر،کــە واگــەی،وەخــتی جــیائی
نـــاو تـــۆم بـــێوەفا،لە بـــیر بـــردەوە
تـــۆیش نــاوی «نــادر»،دەفــعەی‌تر مــەوە

# پەرێشان

وەک زوڵف بڵاوت،بوگمە پەرێشان
کارم شەو و رۆژ،منت تۆ کێشان
لە چاوم فرمیسک،تۆ کردت رەوان
تاریک تۆ کردۆ،رۆژم وەک شەوان
تۆ لە من دووری،من بۆت خۆمارم
تۆ نیت کە بێژم،رەنج بێ شۆمارم
لە دووری تۆیە،تێ لە دیەم ئاو
قانعم لە دوور،بتوینم بە چاو
بێ تۆ خەفەت هات،دو چاوم تەر بوو
بۆ دیەن باڵات،دڵ دەر بە دەر بوو
جل و لیباسم،هاورەنگ عەزایە
خەفەت دووری تۆ،بۆ من غەزایە!
مەبەست و ئاوات،دڵ دێوانەمی
فکر و خەیاڵ رۆژ،هەم شەوانەمی
لە باخی ژیان،بوومە پەروانەت
سەرۆ نیا سەرم،بووگمە دێوانەت
ئەچمە سەر ئاویەر،هەر هاوار ئەکەم
عالەم لە غەم خوەم،خەوەردار ئەکەم
بمکۆژە بە ناز،یا بە ئەمانم
چۆن بە دەس خوەتە،مان و نەمانم
نەجات بە «نادر»،لە دەرد و بەڵا
عەلاج کە دەردێ،شێت و مۆبتەڵا

# پەشیمان ئەوی

وتـــۆ:«جــێم بـێلا،بـڕوه شــۆن کــارت»
تـــۆ رووێت و تــــەنیاس،ئـــاشقی زارت
تا تۆ چوویت،خـەفەت،له دڕگـا دەرهـات
خوەشی تـەك تـۆا،چە زوو بـە سـەرهات!
هــەرچــەن له دەســتەو،شـێت و دامـاگـم
خـــۆشەویس مـــنی،عــەزیز،تـا مــا گــم
بــە تــەورات،ئـێنجیل،بــە قـۆرعان قـەسەم
له عشــــقت پـــڕە،تــــەواوی جــــەسەم
خـۆزگه بــەو ڕۆژه له لای دەســم بـووی
هەم ڕەفێق،هەم یـار،هـەم گـێشکەسم بـووی
له نــاو ئــەم خـەڵکە،هـەر تۆم بـه دڵ بـوو
بــێ تــۆ دڵـخوەشی،شـادیم له دەس چـوو
فـــره پــێم خـۆشه،بـه قـۆرعان عــەزیم
عــەتر و بــۆت بـێرێ،بۆ لای مـن نـەسیم
تــــووشی خــــەفەت و ڕەنـجی فـیراقــم
نــــێشتومه بــــێ تـــۆ،له کــــۆنج ئـۆتاقم
خـــــــەتای چــــاو تـــۆه،وا دەردەدارم
تـــا ڕۆژێ ئـــەمرم،هــــەر بـــە تــەمارم
پـــەشیمان ئـــەوی،ئـــەتوینم دواجـــار
تـــیتەو بـــۆ لای خــوەم،ئـاخری نـاچار
چــە خــوەش بــه دەســتەو،گـیرم کــردگه
تـــــا لاکـــــەیتەوە،«نـــادر» مـــردگه

# پەلکە زێڕینە

پــــــەلکەزێڕینە،پـــــڕ لە نـــازەکـــەم
تـــۆ ئـــاوات مـــنی،دڵـــنەوازەکـــەم
تـۆ گـیانی خـوەت و،ئـەو جـفتە پـەلکە
لایکـــم لێ کـەرەو،مـۆشکڵم حـەل کـە
لە پـــا خســـتمی،چـاوە جـوانـەکـەت
چـــەنێ شـیرینە،لەهـجە و زوانـەکـەت
لە تـــاق ئـــاسمان،شـــەو،مـانگەشەومی
خـــوەشە ئـەو خـەوە،وا تـۆ لە خـەومی
بـــە کـــڵپەی ئـاگـر،عشـقت ئـەسووتم
لە دەس هـیجرانت،گـیان گـەیگە لووتـم!
دەریـــچەی ئـــۆمید،پـــەنجێرەی مـاڵت
مـــەمکە نـــائۆمید،تـــۆ ســـەوزەشاڵت
لە پشت پـــەنجێرەو،ســـەر بـــێرانـە دەر
بـزا لە دووریت،مـن چـەم هـات بـە سـەر
چـەنێ بـۆ خـوەشە،بۆی جل و بـەرگت
خـوا نـەکـا بـمری،بـم بـە پێشمەرگت
زەنگ ئـــام لە مـــاڵت،خـوەم دائـەشارم
وەخـــــتێ بـــیتە دەر،ئـــەیژم هـــەژارم
بـە نـاز ڕێ ئـەچی،وەک کـەو خـەرامـان
دێـقکۆژم نـەکـەی،هـەوشۆ بـێ ئامان!
تـا دوور ئـەوی لێـم،کـەم تـێرم نـەفەس
بـێ تـۆ،بـۆ «نـادر»،دۆنـیا وەک قـەفەس

# پەلکە شۆڕ

قـــەسەمت ئـــەدەم،بـــەو پـــەلکە شـۆڕە
نـــازارەکـــەی مـن،دڵ لێـم مـەگـۆڕە
هـــەرچـــەن چـاوانت،لە دۆنـیا تـەکـە
بـــاسی جـــیایی،لە تـەک مـن مـەکـە
نـاوت لە سـەر زوان،تـاوێ نـاکـە فـێ
تـاکـوو نـەمردم،تـۆ خـوا زووکـە بـێ
حـــاڵم بـــپرسە،هـــەر وەک پـارەکـە
ژیـن بـێ تـۆ سەختە،سەختیم چارەکـە
شـیرینی فـەرهاد،کـەی ئـەگەیتە پات؟!
خـاتراتـەکـەت،کـەی وێـڵم ئـەکـات؟!
پـــەژارەی دووریت،دەس هـەڵ نـاگـرێ
مـــن ئـــەسووتێنێ،هـەر وەک ئـاگـرێ
حـــەمد و سـەنا بـۆ،خـالق چـاوەکـەت
ئـــەمکۆژێ ئـــاخر،زۆڵـفە خـاوەکـەت
دوور لە تـــۆ تـــەنیا،مـــات و غـــەمینم
لە نـــاو خـــەیاڵم،هـــەر تـــۆ ئـــەوینم
کـوێریش ئـەگـەر بم،هەی لە بـەر چـاوم
بـــێژی بـــمرە بـۆم،ئـەیژم سـەر چـاوم
لە دووری بـــاڵات،نـــەمماگـــە تـاقەت
ئـــاخری رۆژێ،ئـــەوم بـــە ســـاقەت
بـــێ بـــۆ لای «نـــادر»،تـاوێ دانـیشە
خـــەفەت دەر بـــێرا،لە بـــێخ،لە ڕیشـــە

# تابلۆ نەقاشی

زەریـــف تر کـــە هـــەر،تـــابلۆ نـــەقاشی
ئـــــەحواڵت پــــرسیم،وتـــیان کـــە بـاشی
بـــــزانـــم خـــوەشی،مــن خــوەشم نــازار
هــۆشت بـێ لە خـوەت،لەکـووچە و بـازار
نــە ســاڵێ،نە دووان،عۆمرێ یـارم بـووی
ڕەفـــێقی خـــاس و،یــاری غــارم بــووی
بــە گــیانت،گــیانم،گــەیگە نــووك لووتـم
بــــێ‌تاقەت دیـــەن،زەریـــفی ڕووتـــم
ئـــــەچوایـــن بــۆ خــیابان،بـازار و پـاساژ
دڵـــمۆ چــەنێ خــاس،ئــەدا تــۆ مــاساژ !
وەکوو بەهەشت بـوو،بـاخچەی مـاڵەکـەت
خوەم بێم بە دەورتا،هەر وەك شاڵەکـەت !
دۆســـــی عــــەزیزی چـــــەندین‌ساڵەکــەم
نـا گـەی بــە گــوێچکەت،ئـیتر نـاڵەکـەم
لە بــیرتە ئــەتوت:«تــۆیت ژیـانەکـەم»؟!
من چیم کـرد بـوویتە،دۆژمـەن گیانەکـەم؟!
بـــێ وەکـــوو جــاران،لایکــم لێ کــەرەو
بــێ،شــان بـە شـان یـەك،بـچین بۆ دەرەو
بـۆ مــن ئـەگیریای،وەختێ دوور ئـەبووم
مـــنیش بــەگــیریان،لە لای تــۆ ئــەچووم
لەو ڕۆژەو تـــۆم دی،بـــووگی بــە ئـاوات
دڵ «نـــادر» دائـــم،هـــەر ئــەکـا داوات

# تاسەتم کردگە

تاسەتم کردگە،عەزیزباوانم
ئەونە گیریاگم،کوێر بوو چاوانم
دڵم بە دەستەو،پڕ لە هاوارە
بە شوێنتا وێڵم،بووگمە ئاوارە
هاتن تۆ دەرمان،لەرز و یاوەکەم
پێشکەشی تۆکەم،هەر دوو چاوەکەم
سفح و نیمەڕۆ،ئێوارە تا شام
هەر دۆعا ئەکەم،تا تۆ لە دەس نام
هەرچەن کە جەفا،بووگەسە کارت
دەس بەرنا لە تۆ،ئاشقی زارت
نیشتە سەر دڵم،خەفەت دووری تۆ
ناوێنم ڕۆخسار،پڕ لە نووری تۆ
لە دووری تۆیە،دڵ پەرێشانم
بێ دەس بکێشە،لە دڵ ئێشانم
کارێ نارەواس،ئەم دەس برینە
گوناحە بە خوا،ئەم دڵ دڕینە
هەرچەن غەمۆ دا،پێم یادگاری
داوای تۆ ئەکەم،لە زاتی باری
لە دەس خەفەت تۆ،دڵ دارزیگە
مەرگ خوەم ئەوینم،زۆر پێم نزیکە
هەرچەن کە ناکەی،تۆ بیری «نادر»
من بیرت هەرگیز،ناوەم لە خاتر

# تاق و تەنیام

ئـەی عـەزیزتۆراوەکـەم،ئـەی نـازەنینی خـوەش‌جەماڵ
ئـــەم ژیـانە دوور لە چـاوانـی خـۆمارت بـووگە تـاڵ
تـاق و تـەنیا،بـۆ خـوەم و بـۆ دڵ ئەگـیرم ڕۆژ و شـەو
بـووگە زیـندان ئـەم جـیهانە،بـووگە بەندم بێ تـۆ ماڵ
تـــۆ دوو ڕۆژە واکـە چـووگی،وا مـنۆ جـێ هـێشتگە
ئەم دوو ڕۆژە تاڵ و سەختە،بێ تۆ چوو،هەر وەک دوو ساڵ
بـێ شـیرین کـە ئـەم ژیـانە،ئەی عـەزیزی چاوشیرین
بـێ سـەرم بـە،ئەی قژی خـاو و درێـژت،کـرچ و کـاڵ
بـێ تـۆ تـاریک و ڕەشە،ڕۆژ و شـەوم،ئەی چاورەشم
بـێ تـۆ سـەختە ئـەم ژیـانە،ژینی مـن،بێ تـۆ مـەحاڵ
دڵ مـــنۆ پـــێکا بـــە ئـــانێ،ئـەی جـەماڵت دڵـرفێن
داتـــە نـاو خـاڵی دڵـم،نـازارەکـەم،بـەو دانـە خـاڵ
تـۆ لەکێ چاوت بـڕیگە،تۆ لەکێ فێر بـووی جـەفا؟!
هـیچ ئـەزانـی بـەم جـەفایە،تـۆ لە مـن،گـردکتە حـاڵ؟!
زۆر بەخێڵی کەم بەکۆتر،سەد هـەزار خـۆزگەم بـە خـوەی
مـن قـەفەس بـووگە بـەشم،مـن ئـەو مـەلەم،بەسیاوە بـاڵ
بـــەسیە ئـــازاری دڵـــی ئـاشق،بـە قـوربان،بـێرە لام
کـــەم بکـــەم بـا نـازەنینم،مـن لە دووریت،نـاڵە نـاڵ
مـــن بـە دڵ،نـازت ئـەکێشم،نـازەکـەم،زوو بـێرەوە
بـیخە دەور مـل ئـاشقت،بـا ئـەو دوو دەسـتە،بێتە شاڵ
گـــەر نـــەپرسی حـاڵی زارم،یـا نـەکـەی دەردم دەوا
قـــار و دووریت،بـێ‌خەیالیت،ڕۆژێ «نـادر» نـێتە چـاڵ

# تاقەتم نەما

تـــــاقەتم نــــــەما،ئـــــــارامـــــی گیانم
پـــێم خـــۆشە بـــێ تـــۆ،تـــەرکی ژیـــانم
چـــاوم لە فـــــرمیسک،هـــەمیشە ســـوورە
بـــــە خـــــاتر ئـــــەوە،چـاوت لێـم دوورە
تۆ وەک گوڵ،شیرین،مـن زەرد،وەک گـەڵا
بـەڵات بـۆت نـەگـەی،شـیرین زۆربـەڵا
شــــەراوم گــــەرەک،شــەراو دەســی تــۆ
بـا مـنیش مـەس بم،وەک چاومەسی تۆ
ئـــاگـــر دەروونـــم،ئـــاگـر خـەرمانە
شــــەراو لە دەس تـــۆ،بـۆ مـن دەرمـانە
شـــــەراوێ خـــوەشە،تـۆ بـۆمی داکـەی
ئەو ڕۆژە کـەی تـێ ؟،تـەمار بـم تـاکـەی؟!
مـــــەزەی شــــەراوم،تـــواشـای جـەماڵت
خـــوەشە مـــەس کـــەم و،پـــاڵ بـــەمە پاڵت
ئــــــەگــــەر بــــتوینم،لە شــــیرین خەودا
گـلەی کـەم:«شەراو،بۆچی پێم نەودا؟!»
دەرد و بـــــەڵاکــــەت،بـــە گـیان ئـەسێنم
بــــە خـــۆشی دیـــــەن،بـــاڵات ئـــەمێنم
گـەر خـوانـەخواسـە،بـۆت بگـەی بەڵا
وەک شــێت،لە شـــاران،ئـــەوم بــەڕەڵا
نــەیماگـە ئـەرزش،ئـەم ژیـنە بـێ تـۆ
خـــوا بـیکا «نـادر»،بـمرێ بـە جـێ تـۆ

# تاڵان

گــــــوڵم،چـــاوانـــــم پـــــڕیه له بـــاران
نـــه شـادیم مـاگــه،نـه خـۆشی جـاران
دڵــــــخوەشی مـــــنی،عشـــق و ئـــەوینم
چــــەنێ بـــۆم ســەختە،چـاوت نـەوینم
شــــیرین وەک قـــەنی،یـــاری نــــازارم
تــــۆ سـاقەی سـەرت،کـەم کـه ئـازارم
له دەس ئـــــــەتوارت،مــــەلول و مــــاتم
دوور مـه گــره له مــن،مـن کـەوشی پـاتم!
قـــەسەم بــــه ئـــائین،دیـــن و ئـــیمانم
لەم ژیـــنه بـــێ تـــۆ،مـــن پـــەشیمانم
هـــەم دڵـــنیا بــه،هـەم بـه،خـاترجـەم
له ســــەر پـــەیمانم،تـا ڕۆژێ کـه هـەم
بــــه ئــــیمرۆ،ســــۆزی،شکـــاندو پشـتم
کــــاسەی گـــدائـــی،تـۆ نـیایته مشـتم
ئـەچم بـۆ هـەر کـوێی،دڵـم پـڕ غـەمه
خــــەفەت دڵ فــره و،شـادی مـن کـەمه
نـــەمماگــــه تـاقەت،نـەماگـه سـەورێ
دۆنـیا بـۆم تـەنگه،هـەر وەکـوو قـەورێ
دڵــــی دێــوانـەم،نـیایته ژێـر پـاکـەت
بـۆچه واتـه کـرد،ڕۆحـم بـه سـاقەت؟!
تـــــــەقدیری «نـــــادر»،دەرد و بـــەڵایه
ڕۆخســــاری پـــڕ غـــــەم،زەردە گــەڵایه

# تۆ ئیمانی منی

نــەوینم چــاوی تــۆ،بێ نووره چاوم
بــە عشــقی تــۆ،له ئــەم دۆنـیایە،ماوم
تــــۆ ئــــیمانی مــــنی،ئــاین و دیــنم
له خــــوا داوامــە،مــەرگی تــۆ نــەوینم
تــۆ دڵســۆز و ڕەفــێق و یــاری بــاشم
له بــــان دارێ،گــوڵم،نــاوت ئــەتاشم
به ڕۆژ و شەو،کـه بیر و یادی تۆکـەم
بـه دڵ ئاوات کـەنین و،شادی تۆکـەم
دوو لێوی تۆ گوڵم،هـەر پێکەنین بێ
دوو چاوم با له دووریت،پڕ له شین بێ
خــەفەت مــێمانی مـن،شـەو تـا بـەیانی
له بــــەر چــاوم،هــەمیشه تــۆ عــەیانی
له بــیرم کــەی ئــەچێ،وا هـاتمه ماڵت
سەری شێوان له من،حۆسنی جـەماڵت!
ئــەشێ گــیانم،بۆ گیانی تۆ فیدا کـەم
ئــەگـەر مام و نـەمردم،شـەرته واکـەم
له دڵــما ئــاگرێ،بێ تۆ گـەشەو بـوو
تــواو دۆنـیا،له بـەر چاوم ڕەشـەو بـوو
وەکــوو هــەورم،هــەمیشه پـڕ له باران
ئــەزانــن دەردی مـن،هـەر دەردەداران
ئەگەر «نـادر» بکـەی،ڕۆژێ فـەرامـۆش
له جەوری تۆ ئەوێ،غەمبار و ڕەشپۆش

# تۆ بۆتی

تــــۆ حـــەیات و ژیــنمی،ئــاوی حــەیاتم بـۆ چــیە؟!
ڕۆژی کـــۆچ و مـــردنم،ئــــیتر خــەڵاتم بـۆ چــیە؟!
تۆ شیرینی،وەک قەن و شەهد و شەکەر،هەنگوێنی باخ
شــاخەگــوڵ،شــیرینەکــەم،شــاخەینەواتـم بـۆ چیە؟!
گــەر لە بــیری تــۆ بــچم،وێـلم بکـەی،یـادم نـەکـەی
پــــێکەنین و دڵــــخوەشی،شــادی،نشــاتم،بــۆ چــیە؟!
گەر تۆ قەسدی گیانی من کەی،گیانەکەم،هەر وەک جەلاو
ســەر لە بــەر تــێغت ئـەنم،ڕێگـەی نـەجاتم بۆ چیە؟!
دۆژمەنی من،هـەر دوو چاوی،پـڕ لە نـاز و مـەستی تـۆ
چەک لە سەر شان،خەنجەری دەس،بۆ خەباتم بۆ چیە؟!
ڕۆژ و شــەو هــەر تـۆیی لە دڵـما،گـیانەکـەم،نـازارەکـەم
گــەر تــۆ مــەعبودم نـەوی،نـوێژ و سـەلاتم بۆ چیە؟!
هــەر بـە شـەوقی وەسلی تـۆ،مـن مـاگـم و شـادە دڵـم
گــەر بــە خــاتر تــۆ نــەویٚ،مــن خـاتراتـم بۆ چیە؟!
بــۆتپەرەستی،کــار و بــار و دیــن و ئـائین «نـادر»ە
تــۆبۆتی بــــۆتخانەمی،«لات» و «مـــناتم» بــۆ چــیە؟!

# تۆ حەکیمی

تـــۆ نـــازی،نـــازەنینی،مـــن ئـــەویندار
حـــەکـیمی،دووکـتری،مـن لێت بـریندار
تـــــەبیبی دەرد و زامـــــی لاعـــەلاجم
لە دەس ئـــەم گشـتە نـازە،هـاج و واجـم
دەرێـغۆ کـرد لە مـن،بۆچی،شـەفاکـەت؟!
لە بـیرم کـەی ئـەچێ،جـەور و جـەفاکـەت؟!
شـەوم ڕەش بـوو،بە سۆرمەی چاوەکـانۆ
غـــــەمی پـــێم دا،وتـــن،دالاوەکـــانۆ
لە دووری تۆ،لە دەس چـوو،سـەبر و تـاقەت
وەلێ هەر حەز ئەکەم،خوەم کەم بە سـاقەت
لە ئـــەو ڕۆژەو،کـــە تـــۆ،بـویتە ئـەوینم
دوو چـاوم حـەز ئـەکـا،غـەیر تۆ،نـەوینم
لە دووری تـــــۆ،ژیـــانم وەک ســەراوە
عـــەلاجێ دەردەکـەم،خـۆمرەی شـەراوە
دڵـــم غـــەمگین،لە دەس ئـــازاری تـۆیە
پـــەرێشان بـــۆ،دوو چـاو،نـازاری تـۆیە
تـــــۆ نــــازار و عـــەزیز و نـــازەنینی
وەلێ فـرمیسک دوو چاوم،کـەی ئـەوینی؟!
قـەرار و عـەهد و قـەولت،نـیاتە ژێـر پـات
بە دەس جەور و جەفات،عۆمرم بە سەر هات
دڵـــی «نـــادر» بـــۆ بـردۆ وا بـە تـاڵان؟!
بگـــیرم هـــەر بـــە شـوێنتا،وەک مـناڵان

# تۆ خۆشەویسی

تـــــۆ خـــۆشەویسی،زۆر بـــێ ئەنازە
بـۆ چـاوی شـینت،شێت بووگم تـازە
ئـــەونە زەریـــفی،هـــەر ئـەونە نـازی!
دڵـــم بـە دووریت،هـــەر نـاوێ ڕازی
نـازانی دڵـم،تۆی چەن خۆش ئەوێ
تـا دوور ئـەوی لێـم،دڵ بێهۆش ئەوێ
تـــــو ئـــــارامشـــی،دڵبـــێقەرارم
وەخـتێ کـە تـۆ نـیت،لە ژیـن بێزارم
ئـــومید ئـیمرۆژم،دڵـخوەشی سـۆزیم
بـووگە خـەفەت تـۆ،بە ڕزق و ڕۆزیـم
ئـــــارزوی دڵ و،ئـــاواتـــی ژیـــنم
ڕۆخسـاری جـوانت،تـا کـەی نـەوینم؟!
سـەختە بـووم دووریت،تاقەت نـاگرم
لە یـــاو ئـــەسووتم،ئـەیژی ئـاگـرم!
بـــزەی لێـــوانت،دڵ تـــێرێتە جـۆش
تـاوێک،دەقـێقەیک،نـاتکەم فـەرامۆش
کـــەمەندە زوڵـــفی،درێـــژ و کـاڵت
کـەی ئیجازەم ئـەیت،پا بـنمە مـاڵت؟!
ئـــەو ژیـــنە ژیـــنە،تـو بـی لە پـاڵم
بـــە حـــەق و نـاحەق،بـپرسی حـاڵم
عـــەزیز و ڕەفـیق،هـاوموونس «نـادر»
هـــۆشی پـــێتەو بـێ،ئـیزەدی قـادر

# تۆ و من

تــۆ ســووره‌گــوڵی،جێت بـان یـاڵه‌کـان
مـــن تــاڵع شـــوومم،له‌ نــاو فــاڵه‌کـــان
کــلامت شــیرین،ده‌نگت وه‌ک هــه‌زار
مــن بــه‌سه‌زوانـم،هـه‌ر وه‌ک لاڵـه‌کـان
تـــۆ بــه‌ستۆ بــه‌ قــژ،دڵ و ده‌س و پــام
هــه‌ر تــۆم بــه‌ دڵ بـوو،نـاو قـژکاڵه‌کـان
به‌ خـاتر خـاڵت،ڕۆژ خـوه‌م کـرده‌ ڕه‌ش
خـــاڵ تــۆ شـیرین‌تر،له‌گشت خـاڵه‌کـان
خـــه‌فه‌ت دووری تــۆ،تــه‌نیا مــوونسم
دۆس و ڕه‌فێق تۆن،تواو خوه‌ش‌حاڵه‌کان
بــه‌ختی تــۆ سپی،خـوا هـه‌ر یـارت بـێ
شانس و جێگه‌ی من،نـاو ژیـن تـاڵه‌کـان
تـۆ ئـه‌و به‌هاره‌ی،شـیرین ئـه‌کـه‌ی سـاڵ
بــــه‌هارم نـــیه‌،له‌ تـــواو ســـاڵه‌کـان
تـــۆ ســۆڵتان مـنی،مــن فــه‌قیر و گــام
هــه‌ر وه‌ک فــه‌قیرێ،ئـا له‌ مـاله‌کـان!
مـاڵی تـۆ بـه‌هه‌شت،پـر نـوور و خـوه‌شه‌
مـاڵ مـن تـاریکه‌،وه‌ک بێخ چـاڵه‌کـان
دوور نــــاوێ له‌ تـــۆ،تـاوێ پــێکه‌نین
کــار «نــادر» گــریان،وه‌ک مــناڵه‌کــان

# تۆ هەسارەی ئاسمان

تــۆ هــەسارەی ئاسمان،مـن شـەورەشم
مــن لە ئـاگـر هـیجری تـۆ،دائـم گـەشم
ئەی عەزیز و نازەنین و شـۆخ و شـەنگ
لەم ژیــانە،بــێ تـۆ مـن،هـاتوومە تـەنگ
دیمەن و ڕۆخسـاری جـوانت،مـانگەشەو
ئەم دوو چـاوە،دوور لە تـۆ،نـاچێتە خـەو
مــن ئــەسیری چاوی تـۆم،تـۆ سـاحری
بـــۆ دڵ و دیـــن،بــردنی مـــن،مــاهری
یـــاری شـــیرین،نـــاز و بـــالابەرزە کــەم
تــا ئـەوینم تـی لە دوورەو،لەرز ئـەکـەم
لەم دڵــە،شــادی ئـەچێ،وەخـتێ ئـەچی
خوا بکـا دڵـبەر،لە دەس مـن،دەر نـەچی
ئــاشق و دێـوانـەکـەت،بـوو دەر بـە دەر
بێ تۆ چاوی مـن هـەمیشە،سـوور و تـەڕ
دڵ تەمەننای تۆ ئـەکـا،هـەر ڕۆژ و شـەو
بــێ لە ئــاشق خـوەت بسێنە،یـاو و تـەو
دڵ بـــــــریندارم،تـــــەبیبم،مــــەرهەمێ
بــێ تــۆ قـیمەت داری دۆنـیا،دێـرهەمێ
بێ دووبارە،ڕۆژێ تـەک مـن،سـەر بکـە
خوەت خـەفەت لەم ژیـنە تـاڵە،دەر بکـە
تۆی لە «نادر» سـەندگە،چـەرخـی زەمـان
پــێم خــوەشە بـێ تـۆ گـوڵم،ئیتر نـەمان

# تەقدیر

له دەس تــــەقدیرەو،دڵـــی مـــن پــــرە
له کـــاری گـــەردوون،ســـەری مـــن ســڕە
تـــەقدیر و قســـمەت،هـــەم قـــەزا و قـــەدەر
دەسیان دا دەس یـەک،تـا بـم دەر بـه دەر
تــــەقدیر لەعـــــنەتی،دۆژمـــــەن شــــادیه
گـــۆرگه و بـــــه زاهـــر،ســـەگ ئـاوائـــیه
تـــــــەقدیر،بــــاعێس و،بـــانی جـــیائی
بــــه دەس شــــاوه ئـا،کــاسەی گــدائـــی!
عـــــەزیز نــــازارم،له مـــن دوور ئـــەخات
ڕێگـــەی هـــەموارم،بـــەرەو ژۆر ئـــەکـــات
تـــەقدیری زاڵـــم،کـــەی حـــەیا ئـــەکـات؟!
خـــــەفەتگەل تــــازە،بـۆم پـــەیا ئـــەکـــات
تــەقدیر تـــەک مـــنا،هـەر خـەریک شـەڕە
بــــه دەســـــیەو چـــاوم،هـــــەمیشه تـــەڕە
تـــەقدیر،چـــاودیەن،خـــوەشی ئـێمەی نـەو
خوەشیم زوو تواو بوو،هەر وەک دیەن خەو!
تــەقدیر،خــوەی ئــەووەڵ،ئـێمەی کـردە یـار
ئـــیسه بـــێ دڵـــبەر،ئـــاوارەم له شـــار
پــــەکـی نـاکــەفێ،تــەقدیر بــۆ کــەسێ
کــاری هــەلاکــەت،گـوڵ بـێ،یا خـەسێ
نـــاشۆکـــری بـــــەسه «نــادر» دێـــوانـــه
کـــەمێ قـــەدر نـــێعمەت،خـوا کـەت بـزانـه

# تەنیا

بـــە تــەنیایی نــیە،وەک مــن لە دۆنــیا
خوەشی هەر دەرئەچێ،من هەر بە شۆنیا
ڕەفــێقی بــاخ و بــێسانم لە دەس چــوو
بــە جێ مـاگـە لە ئـەو،تـەنیا تـەڵێ مـوو
غــەریب و بــێکەسم مــن،تــاق و تـەنیا
بە ڕووم،دەرگای خوەشی،بەم زوویە ژەنـیا
ئــە گــیرم زۆر بــە یادێ ئـەو،لە شـەودا
ئــەوێنم ڕەنگ و ڕۆخســاری،لە خـەودا
ئــە گــەرچــی بــێخەوەر مـا گـە،لە نـاڵەم
عــەوەز نــاکـەم،جـەماڵی ئـەو بـە عـاڵەم
زەمـــانە تــەک مــنا،بــێ ئــەو خــراوە
لە تــاسەی چــاوەکــەی،چـاوم پڕ ئـاوە
سـپی بـوو مـووی سـەرم،قامەت کـەمانە
جــووانـی چـوو لە دەس،فـەسلی نـەمانە
لە مــن دوورە،عــەزیز و یــاری جــاران
لە تــاسەی ئــەو،دو چــاوم پــڕ لە بـاران
خـــوەشی جــارانــی مــن،ئــیتر نــەماوە
خـــەفەت زۆرە لە دڵ،پشـــتم چــەماوە
نــیە وەک یــارەکــەم،یــارێ لە عــاڵەم
بــەداخــەو،کـەی ئــەوینێ ئـاە و نـاڵەم
دڵـــی بــێڕەحمە،وەک ســەنگی‌مەزارە
خـــەفەت «نـــادر»،زیــاتر لە هــەزارە

# تەنیایی خوەشه

بـــا هــەر تــەنیا بــم،تــەنیایی خــوەشه
یـــــارم بـــێمەیله،جــــیایی خـــــوەشه
فــــەرقی بـــۆم نــەما،ڕۆژان و شــەوان
نـــە هــێزم مــاگــە،نــە تــاقەت،تــەوان
ئـــەونەگـــیریاگـــم،لێــڵ بــووگە چــاوم
ڕەد بـــــووگە لە چـــل،وابــزانــم یــاوم!
ســـــــەبر و تــــاقەت و قــــەرارم نــــیە
ڕێگـــــــەی نـــیجات و فــــەرارم نــــیە
ئـــەڕم بــۆ جــێگەی،کــەس نـا ئـازارم
راحـــــەت بـــم لە دەس،یـاری نـازارم
ئـــەچمه بـــیاوان،یـــا خــەڵوەتباخێ
بـــۆ تـــاڵی ژیــــنم،بکـــێشم ئـاخێ!
نـــەکــەس بــموینێ،نــەکــەس بــوینم
لە دڵ بـــا دەرکـــــەم،عشــق و ئــەوینم
نــەکـەس یـارم بێ،نە یـاری کـەس بـم
بــێخەوەر لە خــوەم،هــەمیشه مـەس بـم
شـــام و نـــــە هـــــارم،شـــەراو و نــانێ
بـــا کــــــەسێ ڕەنـــجی،دڵــم نــەزانـــێ
نـــامەوێ کــــەسێ،لە مـــن بـدا ســەر
خـــاترات دڵـــبەر،ئـەکـەم لە دڵ دەر
ســفرەی دڵ «نـادر»،بـوکـەس داناخەم
شەراو غەیر بۆ خوەم،بۆکـەس داناکـەم

# جادەی نەجات

پێچ و خەم کۆڵانە کەت،جادەی نـەجات
عاشقت بۆچی لە غـەم،نـادەی نـەجات؟!
بـۆ دڵـە مـەجنونە کـەم،بـووگیتە لەیـل
بۆ وە کوو جاران،عەزیز،نەتماگە مـەیل؟!
دەردی بـــێدەرمانی دڵ،نـا کـەی دەوا
بـووگە بـێگانە،دوو چاوم تـە ک خـەوا
زۆر دوو چاوم بۆت،ئە گیرن ڕۆژ و شەو
لائـــەقەڵ بـێ بـا بـوینم،تـۆ لە خــەو
بــیکە بـــۆ خـــاتر خـوا،دەردم دەوا
بـــــێوەفائی نـــــاپەسەندە و نـــاڕەوا
مـــن هــەژارێکـی فـەقیر و بـێکەسم
تـۆ بـە تـەنیا،خـزم و قـەوم و گشکـەسم
مـــن وەفــادارم بـە تـۆ ئـەی بـێوەفا
ئـاشقی تـۆم،مــەمدە بـەر تـێغی جـەفا
بـیکە بـۆ سـاقەی سـەرۆ،زوو بـێرەوە
مــــاتڵم،هـــەر دائـــەنیشم لێـــرەوە
لەم ژیـــانە پـڕ لە زووخـە،سـەردە دڵ
بێ بکەین باز هەم لە تە ک یە ک،دەردەدڵ
ئـەم ژیـانە،بـێ تـۆ وە ک ژانـە لە لام
هــەر تـۆ ئـاواتـی مـنی،تـۆ،والسـەلام
گەرچی گەردوون،تۆ لە «نادر» جیا ئە کات
ڕۆژ بە ڕۆژ،عشقت لە دڵما زیـا ئـە کـات

# جەحانم جێمە

چـــاوت دڵـــڕفێن،شـــیرین و بـــەڵاس
ڕێخ بەر ماڵەکـەت،بـە چـاو مـن تـەڵاس
تەپ و تـۆز مـاڵت،سۆرمەی چـاوەکـەم
لە بـــیرت نـــەچێ،یـــا خـــوا نـــاوەکـــەم
بـــــرژانگ و بـــــرۆت،تـــیر و کـــەوانـــە
ئـــەگـــەر عـــاشق بووم،تـەقسیر ئـەوانـە!
مـــــن ئـــــەسیرم،بـــەو،بـــرژانگ و بـــرۆ
بـــە خـــواوەن قـــەسەم،پـــێت نـــایژم درۆ
بگـــــەی بـــە داومـــا،بـــەرم نـــا خـــەفەت
تـــــەنیا ئـــــاواتـــم،تـــەنیا تـــۆی فـــەقەت
تـــۆ غـــەزای ڕۆح و،مـن بـێ تـۆ بـرسی!
نـــە زەنگ،نـــە نـــامە،نـــە لێـــم ئـەپرسی!
بـــــزا ئـــــەو قـــژە و پـــێچ و تـــابەکـــەی!
حـــــاڵم نـــــاپرسی،داخـــۆ تـــابەکـــەی؟!
کـــــەم کـــــە ئـــــازارم،بـــا دڵـــم نـــەیشێ
مـــــێمانم بکـــــە،بـــە نـــووش و عـــەیشێ
شـــەرتە تـــا ڕۆژ مـەرگ،لە بـیرت نـەوەم
خـــــاتراتـــــەکـــەت،ڕۆژ مـــردن،ئـــەوەم
لە بـــــیرم بـــــوەیت،لە بـــــیرت نـــــاوەم
تـــۆ لە نـەسل مـەغۆڵ،مـن خێلی کـاوەم
هـــەی دا و هـــەی بـــێدا،لەم دڵـــە شـــێتە!
«نـــــادر»،بـــــەم دڵـــــەو،جـــەحانم جـــێتە

# جەفا

دڵــمۆ بــە نــازێ،لە ڕێ بــە دەر کــرد
جا بە جەفاکـەت،دوو چـاومۆ تـەر کـرد
مــەعنای ئــاشقی،تــۆ کــەی ئــەزانـی؟!
غــەیر جــەفا بــە مــن،ئیتر چـە زانـی؟!
لاک ناخوونەکەت،سوورە وەک گێڵاس
دڵت نەرم نـاوێ،وەک تـەختە سێ‌لاس!
یــــا خــوا پــەشیمان،نــەوی لە کــارت
بــــە تـــیری جـــەفا،کـوشتنی یــارت!
بـێرانــە بــیر خــوەت،عـەهد و قـەرارت
شــــاهد قــەرارمــان،چــاو پــڕشەرارت
بۆ خوەم دانـیشتگم،ساکت لە سووچێ
مـــاتڵم گــەردوون،ڕۆژێ لە ڕوو چــێ!
لە بـیرت نـاوەم،هــەر بـیرت ئـەکـەم
خــوەم زیـاتر ئـەسیر،زەنـجیرت ئـەکـەم
یــــادگارەکــــەت،هــــا لە بــەر چــاوم
بـــەیادی جـــاران،پـــڕ لە زووخــاوم
چــــە ســــەهلە بــۆ تــۆ،لە بـیرەو بـردن
چــە ئــاسان بــۆ مــن،لە داخ تۆ مـردن
بــەشکەم یــا تــۆ بـی،یـاکە عـزرائـیل
بــمرم،خـەوەر بـم،بـە سـوور ئـیسرافـیل!
یــــا خـــوا بـــتوینم،لە ڕۆژی جــــەزا
بـــۆ مــــەرگی «نــادر»،گــردکتە عــەزا!

# جەفاکار

لە بیرم تێ، وتۆ : «من بێوەفا نیم»
وەلێ ئیمرۆ لە تۆ،جەور و جەفا دیم
دڵم پڕ لە غەم و،چاو بوو بە کانی
تۆ ئەم زوڵم و جەفایە،چۆن ئەتانی؟!
هەسارەی ئاسمان،لەو بانە بەرزە
لە ئاهی من خەوەر بوو،کەفتە لەرزە!
جوانیم دا لە پای،جوانێ وەکوو تۆ
ئەکەی ئازاری من،ئەی بێوەفا،بۆ؟!
بە ناز و غەمزەکەی تۆ،بوومە بیمار
تەبیبی من خوەتی،بێ بمکە تیمار
حەکیمێ من وەرە،زۆر دەردەدارم
لە دووری و فیراقت،بێقەرارم
تۆ دەرمانی غەم و تەسکینی دەردی
تواشای عاشقت کە و،ڕەنگی زەردی
گۆمان ناکەم،نەجاتم بێ بە دەستەو
بە دەس خاڵ و خەت و،ئەو چاوە مەستەو
بەسەزوان و هەژارم،مەمدە ئازار
لە چاوی من مەخە ژین،یاری نازار
ئەترسم نازنین،بمرم لە تاسەت
بە کاری من نەخوات،ئیتر هەناسەت!
تۆ بۆ من،تاکە هەم،عشق و ئەوینی
ئەترسم ڕۆژێ بی،«نادر» نەوینی!

# جەفا مەکە

لە ئەو ڕۆژەو،کە چوویت،نەوکرد لە من لا
غەم و مەینەت،کۆلووریکۆ بە من دا!
گوڵی بێسان و باخ و سەرزەوینم
بۆ دووری کەی لە من؟!ئەی نازەنینم؟!
لە خەو،هەر شەو،جەماڵی تۆ ئەوینم
هەتاکەی،شەرم و نازێ تۆ نەوینم؟!
نەوی،شادی بە لاما،ئیتر هەر نایت
خەفەت ئەونە بە من،تۆ بۆچە هەر ئایت؟!
بێ نازارم،لە دەس مەینەت،بەرم بە
بە جێگەی شۆرەبی،سێوەر سەرم بە
نەبوونت یارەکەم،ئەمکاتە گریان
دوو چاوم بۆ دیەن تۆ،زیت و وریان!
لە چاوم خوێن بە جێ فرمیسک ئەوارێ
خوەشم تێ،بەم،لە بەر ماڵی تۆ،چارێ
چە مەزلوم و بەسەزوانە دڵی من
بە دەورت بووگە پەروانە،دڵی من
عەزیز خوەش‌قامەتم،خوەش‌لار و لەنجە
گەڵوومی گردگە،عشقت بە پەنجە!
نەهاتی ئەی درۆزن،تا ئەجەڵ هات!
بۆ ڕۆخ جوان و شیرینت،کیشم،هەم مات!
لە بەر چاوم تۆ ڕەد بووی،وەک غەریبە
جەفاکاریت،لە تەک «نادر»،عەجیبە!!

# جەلاو

بــــرژانگ و بـــرۆت،بـووگنە جــەلاوم
ئــە کــەن پـــەرپــەرم،ئـەی گـوڵگوڵاوم
هـــەر وەك جــەلاوێ،کــەفتگنە گــیانم
ڕەنگ ئـــە کــەن قــژم،لە ڕەنگ دیــانم
ڕاســـی پـــێم بـــێژە،دەردۆ لە گــیانم
بـــۆچە ڕەشت کــرد،لە غــەم،ژیــانم؟!
بـە نـاز و غـەمزەت،بـووگمە دووچـارت
بـــۆ،عــاشقکۆژی،بــووگەسە کــارت؟!
چــۆن لە دەس چاوت،خـوەم بپارێزم؟!
بـــێ تـــا بـــوینی،چــاو وەك کــارێزم
کـــارێکی ســـەختە،دۆســـی بــەرێزم
پــیر بــووم بــە دەســتەو،نــەماگـە هـێزم
وەخــتە بـۆ دووریت،گـیانە کـەم دەرچـێ
فیدای تۆی ئەکەم،حەز ئەکەی هەرچـێ
خــەرامــان چــووگی،بـە فـرزی کـەوێ!
دووبــارە نـیشتن،لە لات،کـەی ئـەوێ؟!
دوور لە تـــۆ نــازار،خـوەشیکم نــەدی
ئـــازارم کـــەم کــــە،بـۆ خــاتر نــەبی
بـــێمە دەور خــوەت و،بــاڵا و قــامەتت
ئـــاواتـــم دائـــم،هـــەر ســڵامەتت
بــە ڕۆژ و بــە شــەو،هـەر تـۆم لە فکـرە
دەســتم بــە داوێــن،دەس «نـادر» بگـرە

# جیٚایی

لەعنەت لە قسمەت،تۆی لیٚم جیاکرد
رەنگ و رووی منی،زەردەگیاکرد
ژیان کەی خوەشە،بیٚ تۆ،یارەکەم؟!
تۆ تەنیاگولٚی،ناو گولٚزارەکەم
باڵای کەسیٚتر،وەک باڵات نیە
کەس وەک تۆ ساحەیو،کەماڵات نیە
نەمدی کەس وەک تۆ،لەم سەرزەوینە!
هەیلاکی چاوتم،تۆ وام مەوینە!
جوانتر لە تۆکەس،نەیدیگە چاوم
بیٚ تۆ حەز ئەکەم،رەشەو بیٚ ناوم
بیری تۆ ئەکەم،بە هەر نەواریٚ
تا بیرت ئەکەم،باران ئەواریٚ!
عشقت لە دلٚما،هەر بەردەوامە
هاتنت بۆ لام،تەنیادەوامە
تۆ مانگ و خوەری،شەوگەل هەسارەم
وەختیٚ لیٚم دووری،پرِ لە پەژارەم
لە بیرم ناچیٚ،هەرگیز ناوەکەت
من نیمە تاقەت،دووری چاوەکەت
ژیانم بیٚ تۆ،هەر دەرد و بەڵاس
لەم هە موو دەردە،بۆ نامکەی خەلاس؟!
دلٚ «نادر» شکیا،بووگە ویٚرانەو
بیٚرەو تەک خوەتا،شادی بیٚرانەو

# جێگەت خالیە

جـــێگەت خـــالیە،لە نـــاو چـــاوانـــم
مـنت بـە جیّ هـێشت،چـی بـوو تـاوانـم؟!
تـــۆ بـــەرزی لە گشت،بـــاڵابەرزەکـــان
تـەرکت دا بـە مـن،نـوێژ و فـەرزەکـان
ســـەندی دوو چـــاوت،ئـــیمان و دیـنم
بـــێ تـۆ خـوەش نـیە،ئـیدامـەی ژیـنم
دۆنـیای مـن بـێ تـۆ،وەکـوو غـەمخانەس
مـــاڵم هـــەس وەلێ،ئـەیژی وێـرانـەس
فـــرمیسکی چـاوم،هـەر وەکـوو بـاران
هـــەروا تـێتە خـوار،بـە یـادی جـاران
شیرین‌تر لە مانگ،ڕووت وەك مـانگەشەو
ڕازیـــم کــە جـار جـار،بـتوینم لە خـەو
دڵپـــــــەرێشان و حـــــــاڵم نـــــاسازە
جـوانـیت لە مـن سـەند،بـەم گشتە نـازە!
تـــا ڕۆژی مـــردن،هـەر هـەی،لە بـیرم
لە دووری بـــاڵات،هــــەر ڕۆژ ئـــە گـیرم
شـیرین و زەریـف،هـەر وەك گـوڵی ڕۆز
لە دووری بـــاڵات،ئـــە گـــیرم بـە سـۆز
بـــاڵات ئـــەوینم،هـــەر شـوێنێ ئـەچم
عـاشق ڕەنگ‌پـەڕیاگ،بـە وێنەی گـەچم
بـــێژە بـــزانـم،کـەی دەرتـی لە مـاڵ ؟
«نـــادر» پـــەرێشان،بـێریتە سـەر حـاڵ ؟

# حووری بەهەشت

ماڵەکەت بەهەشت،خوەت حووری،پەری
حووری حەدی چەس؟!لە حووری سەری
مـــن گـــەڵای زەردم،تـــۆ ســـەوزەڵانی
کـەفتگمە ژێـر پـات،بـۆ پـێم نـازانـی؟!
بـــە شــەرم و بــە نــاز،ئـەڕی بـە ڕێگـا
چـــە مـــەحشەرێکە،خســـتووتە ڕێگـــا؟!
لێـــوە خـــۆنچەکـــەو،هـــەر پـێکەنینە
کـام گـوڵی بـاخان،وەك تـۆ شـیرینە؟!
زەریـــف و شـــیرین،هـــەم چـاودۆرشتی
دڵ،لە ئـــەم،لە ئـــەو،ئـــەوەی لەگشـتی!
چـەن بـە نـازی تـۆ،کەبکی خـەرامـان؟!
بـــۆ خـــاتر خـواکـەت،بـەرێکە لامـان
شـــیرینی چـــاومەس،دەسـم بـە دامـان
دڵـــم نـــەشکێنی،ئـــامان،ســـە ئـامان
فــرمیسك شـەوانـەم،لە دووری چـاوت
دڵـــی دێـــوانـــەم،هـــەر ئـەکـا قـاوت
هـــەم لە بـــەستەرا،نـــاخوەش و نـاساق
لە دووریت ئـــەمرم،لەکـــۆنجی ئـــۆتاق
زۆر بـــە ئـــاواتـــم،بگـــەیمە خـزمەت
دیـــەن دووبـــارەت،بـــوێتە قســـمەت
جـــەفا بـــە «نـادر»،هـەرکـاری تـۆیە
ئـــاواتـــی مـــن هـــەر،ڕزگـاری تـۆیە

# حەلەبچە

حـــەلەبچە،ڕۆژێ،هــەر وەک هــیروشیما
کــــرا خــاپوور،بــۆ زاڵــم،ڕووڕەشـــی مــا
ئـەهات فـرمیسک،لە چاوی تـواو هـەژاران
لە ئـــەو کــاتە،ئـــەیان کــرد،بــۆمب،بــاران
قـــیامەت بـــوو،جـــەحانم بـــوو،بـــەڵا بـــوو
لە مــاڵ و دەشت و کـۆڵان،هـەر،هـەرا بـوو
هــەموو لاوانــی چــاک و فـرز و بێباک
بـــە دەس ئـــەو زاڵـمانە،چـوونە ژێـر خـاک
ژنــێ،لاشـەی مـناڵی خـوەی بـە دەس بـوو
نـــەما مــنداڵــە کـەی،ڕەنـجی عـەبەس بـوو
جــوانــێ،دەس لە گـەردەن یـارە کـەی بـوو
جــنازەی ئــەو نــزیک،دڵــدارە کـەی بـوو
هـــەموو کــوژیان،بــە تــاوان بــێ گوناحی
بــــــە تـــــاوان بـــێکەسی و بـــێپەناهی
شــەهیدان،هــەر بــە وانت،بــار ئــە کـریان
دوو چــاوی دۆسـە کـان،پڕ بـوو،لە گـریان
لە دار،هــــــەروا،ئـــــەڕژیا،مـــیوە کــــانی
هـــــەزار و بـــێنەوا بــــوون،بـــێوە کــانی!
جــووانــێک،چـاو بـە گـریان،وەک مـناڵی
بـــە دەس زوڵــم و لە دەس زاڵــم،ئــەناڵی
مـــــناڵی،دەس بـــــە دامـــەن خــالقی دیــم
بە دەسیەو بـوو،تـفەنگێ پـڕ،بـە جـێ کـیم!

له ئـــــــەولاتر،مــــنالّی پـــاپەتی بـــوو
فــەقەت كــاری خــەفەت،بــێتاقەتی بــوو
وتی : «دایكم،له تەك باوكم،له دەس چوو»
خوای ئەو،تەك خــوای زاڵــم،یــەكێ بـوو!
خــوایــا،ئــەم هــەموو زوڵــمە نــەوەخشی
جــــنایەت زاڵــــم و بــێرەحم و وەحشـــی!
حــــەلەبچە،شـــــارەكـــەم،شـێواوە حــاڵم
له تـــۆ كـــۆتا بـــوینم،دەســـتی زاڵــم
بـــــەڵا ئـــیتر نـــەوینی،بــێقەزا بـــی
وەكوو گـوڵ،سـوور و شـیرین،بێعەزا بـی
بــەسە ئــاوارگــی،ئــەم شــار و ئــەو شــار
نـــەوینم لاوەكـــانی تـــۆ،له ســـەر دار
ئـــــەوی ڕۆژێ له زوڵـــــم و زۆر،ئـــازاد
دووبــــارە تـــۆ ئـــەكـــەین،ئــاوان و ئــاباد
ئـــــەزانـــــم دڵ هـــــەمووتان،زۆر پـــەشێوە
ئـــەكـــا «نــادر»،هــەناسەی،پێشكەش ئێوە

# خاتراتت

ئــــەڕن ڕێــــژە،لە بــــەر چــاو،خــاتراتت
ئــــەڕژنن جــــا لە چـــاو،ئــاو،خــاتراتت
تــۆ نــازانــی،بــە مـن چـەی کرد،فـیراقت!
لە ژیـــــــنم،شــــادمانی بــــرد،فـــــیراقت
بــــە چــــاوانت،دڵــی مــن،مـۆبتەڵا بــوو
ئــــەوینی مــــن لە عــــاڵەم،بــەرمەڵا بــوو
لە هــــــــیجران و لە دووریت،دەردەدارم
تــۆ نــاوینی کــە چــۆن،فـرمیسک ئـەبارم
بــــە قــــۆرعانی عــەزیم،وا هــا لە مــاڵت
لـە ئاورووی خوەم،گـوزەشتم بـۆ جـەماڵت
بـە لامـەو مـاگـە تـاڵێ،زوڵـفی کـاڵت
لە ئــــەو ڕۆژا،کــــە پـــاڵم دا بـە پـاڵت!
لە عشقت،گـەرچـی کـەفتمە،نـاو فـەلاکـەت
ئــەسێنم مــن بــە گـیان،دەرد و بـەلاکـەت
دەمــێ،ڕۆژێ،عــەزیز،بــێ سـەر بـە لێـمان
ئـەکـەم گیانم فیدات،گـەر بی بـە مێمان
بــــە قــــۆربانی دوو چـاوی پـڕ لە ڕازت
ئــــەزانــم ئــەمکۆژێ ئــەم گشــتە نــازت
ئــەگــەر ڕۆژێ بـنم،مــن پـا بـە مــاڵت
بـە قـەو قـەڕنێ ئـەکـەم،تـواشـای جـەماڵت
لە «نـادر»،گــەرچـی مـاگی بـێخەوەر،یـار
هــــەرتا ئــەو ڕۆژە مــاگــم،نـیتە جـێگار

# خانەباخ

چووم لە تەك یارم،ناو خانەباخێ
خوەش بوو ئەو جێگە،وەك قەسر و كاخێ
دایكرد بۆم شەراو،بە قەو لیوانێ
جا ڕەقسی بۆم كرد،بە ساز دیوانێ
دیم بە چاوانم،بەهەشتی بەرین
غەم و پەژارە،لە دڵ من پەڕین
لە لای ئەو خوەش بوو،گۆزەشتی زەمان
جا باران باری،دیم ڕەنگینكەمان
حەوزێ لێنا بوو،حەوزێ بووچكەلە
كەنی،جا وتی:«ئەكەی تیا مەلە؟!»
پێكەنینەكەی،دڵمی داوەشان
بە من ئەو مانای،دڵخوەشی چەشان
گۆزەشت ئەو ڕۆژە،وەك باقی ڕۆژان
لەو ڕۆژەو خوەشی،ڕووی لە من پۆشان
نەمدی دووبارە،هیچوەخت یارەكەم
باری كرد یارم،لە ناو شارەكەم
لەو ڕۆژەو ژیان،تەكما ناسازە
ئیتر هەر نەمدی،ئەو چاوە نازە
ئەو ڕۆژە تكرار،هەرگیز ناوێتەو
مەگەر یارەكەم،لە غۆربەت بێتەو
شارم بێ دڵبەر،بووگە كەلاوە
تەقدیر تەك «نادر»،ئەیژی جەلاوە

# خۆدکۆشی

بــم بــه پێشمەرگت،یاری دوور له مـن
هەرچەن غەیر خەفەت،نەودا هیچ به مـن
له دڵ دەرنـــاچێ،هـــەرگیز خـــەیاڵت
بـــووگه ئـــاواتـــم،سـلامەتی حـاڵت
دڵ هــەر هــێن تــۆیه،لا نـاکـا له کـەس
تـۆ نـەوی نـازار،ئـەم ژیـنمه بـۆ چـەس؟!
دڵ تــەنگم،فــەقەت،جــێ تـۆ ئـەکـاتەو
خــوەشه بــێژن پــێم،یــارەکــەو هــاتەو
بــێ وەکــوو جــاران،وشکــەوکه چاوم
له بـــــان کـــتێوت،بـــنووسه نـــاوم
بــووگه مــێمانم،خــەفەت بــه جــێ تـۆ
له بــەر چــاوم کـەفت،ئـەم ژیـنه بـێ تـۆ
قســـەی حــەساوی،گــوێچکه نـا دڵـم
تـــا ڕۆژێ کــه بــی،مــن هــەر مـاتڵم
بــێ بـا بـاوەڕکـەم،تـۆ بـێوەفا نـیت
مەگەر نەتوت پێم،تۆ ئەهل جـەفا نـیت؟!
له خوا نەترسیایم،خوەم ئەکـۆشت نـازار
نــەجات خــوەم ئــەدا،لەم خـەفەتبازار
به دەس ئەم دڵەو،پشت مـن،بـووگه کـۆم
حــەیف خـوا فـەرمووگیه:«لا تَـقتُلوُکُـم»
«نـــادر» نـــاساق و حـــاڵی بـــەترەفه
دڵـــی ئـــاشق و یـــەکـبار مــەسرەفه

# خۆزگای

کەس وێنەی نیە،یارە جوانەکەم
بە ئاوات ئەوە،دڵ دێوانەکەم
خوەش‌ترین جێگە،لە ناو شارەکەم
کۆڵان و کووجی،بەر ماڵ یارەکەم
خۆزگە بوایتایم،هاوسای ماڵەکەی
زوو زوو بمدیای،خەت و خاڵەکەی
پۆسچی بوایتایم،زەنگ بەم لە ماڵی
وەختە هاتە دەر،بپرسم حاڵی
یا نەوکەر بوایم،بۆ خزمەتکاری
هەرتا هەمیشە،بمبە غەمخواری
بچمە ناو زوڵفی،هەر وەک شانەکەی
لیباس بۆی هەڵخەم،لە بان بانەکەی
لە وەخت ناساقی،بگرم یاوەکەی
جا کەمێ ناز کەم،زوڵفە خاوەکەی
کاش سێوەر بووایم،بروایم لە تەکیا
یا خوێنی بووایم،جاری لە ڕەگیا؟!
کاش قاڵی بووایم،لە ناو ماڵەکەی
بمنێتە ژێر پا،لە ناو هاڵەکەی
کاش باڵش بووایم،بمنێتە ژێر سەر
نزیکی بووایم،هەر وەک جل و بەر
خۆزگە ئەبوومە،دووگمەی کراسەکەی
چرای کەم مەسرەف،بان تراسەکەی

خوەشم تێ بووایم،ئەنگوشتەر دەسی
یا عەینەك لە بان،دوو چاوی مەسی
کاش خرخاڵ بوایم،لە بان مووچ دەسی
نیشانمی بدای،بە خزم و کەسی
کاش جلێ بوایم،تا بمکاتە بەر
یا گیرەی قژی،بمیدای لە سەر
خۆزگە ئەبوومە،ملوانك ملی
یا ئەو دووگمە وا،هان لە بان جلی
کاش کیفێ بووایم،لە سەر شانەکەی
یا پووڵەوردە،ناو گیرفانەکەی
خۆزگە ئەچوومە،سەر کڵاسەکەی
وەك پەرەی کاغەز،لای گڵاسەکەی
گەر قەڵم بووایم،بە دەس دڵدارم
ئەمنووسی بۆ ئەو،«بۆت بێقەرارم»
ئەو نەوێ،ژینم،زۆر،زۆر،بێ تامە
کەس وەك یارەکەم،ها لەکوێی ؟!کامە؟!
«نادر»،بەسیەسا،کەم کە،ئارزوو
دڵبەر هات و چوو،چاوت پیەو نەبوو؟!

# خۆزگەم بە جاران

بالابەرز،شیرین،ئەی خوەش لەنجە و لار
دڵ پەریشانم،بۆ نیایتە سەر کار؟!
دل پڕ لە غەم و،چاو پڕ لە باران
نەمماگە خوەشی،خۆزگەم بە جاران
لەو ڕۆژەو کردۆ،دیەن من،قاخە
قسەی سەر زوانم،هەر ئاخ و داخە
تۆ فکر و زکر و دین و ئیمانم
تۆ خوا پێم مەیژە،من پەشیمانم
وەختێ کە تۆ چوویت،من دیم قیامەت
تەک خوەتا بردۆ،خوەشی،سڵامەت
سەر لێ شێویاگم،بێ نەجاتم بە
ڕێگەم گۆم کردگە،ڕێ نەجاتم بە
بۆ خاتر خواکەت،لێم دووری مەکە
بەنەی خوا جیا،لە حووری مەکە!
بە داوت کەفتم،بە غەمزە و بە ناز
تا نەمردگم،لێم مەیرانە واز
دەردەدارم من،دەردی تۆیش بۆ من
خوەشم تێ بمرم،بە دەستی تۆ،من
وەک بەندینخانەس،دۆنیا بە لامەو
چاوم ها بە ڕێ،کەس بێرێ نامەو
کار «نادر»،بێ تۆ،هەر ڕەنجەڕۆیە
شێعر و هەڵبەستی،تەوسیفی تۆیە

# خۆزگەم بە چاوم

خۆزگەم بـە چـاوم،وا تـۆی دی لە خـەو
خـەویٚ خـوەشیٚ بـوو،تـۆ نـازانـی چـەو!
لە خەو وەک جاران،تەک من سـەمیمی
تـۆ نـیمەی مـن نـیت،زیـاتر لە نـیمی!
ڕۆژی مـن بـووگە،لە ڕەنگ ڕۆژرەشـان
یادی بە خەیر وا،ئەچواین شـان بـە شـان
لە دووری چـاوت،مـن خـەفەتبارم
دامـاگ و زەلیـل،زۆر گـرفتارم
ئـیٚشارەت لیٚـم کـرد،بـەو جفتە چـاوە
چـەنیٚ سـادە بـووم،نـەمزانـی داوە
دڵ لە دەس خـەفەت،خـەلاسی نـیە
مـاسیگیر خـەوەر،لە مـاسی نـیە!
نە غەمخوارم هـەس،نـە دڵسۆزیٚ خـاس
ئـیتر هـەر نـایرم،بیٚ تـۆ تـاسیٚ خـاس!
شەوانـە،شـەراو،خـوەم بـۆ خـوەم داکـەم
تـۆ ویٚـڵم بکـەی،مـن ویٚـڵت نـاکـەم
لە دووری بـاڵات،زۆر پـەریٚشانم
دەس کـیٚشە تـۆخوا،لە دڵئـیٚشانم
دڵـیٚ شکـیاگ و چـاویٚ پـڕ لە ئـاو
پـیٚشکەشی تـۆ کـەم،عـەزیزی قـژخـاو
ئـازارم ئـەکـەی بـە نـازت هـەروا
لە کـۆشتن «نـادر»،بـۆ نـاکـەی پـەروا؟!

# خۆزگەم بەو ڕۆژە

خـــۆزگە بـەو ڕۆژە،دڵـبەر یـارم بـوو
لە نـاو ئـەم خـەڵکە،کـەس و کـارم بـوو
لە مـــــن،دڵـــبەرم،بـــەینێکە دوورە
ژیـانم بـێ ئـەو،هـەر سـەرەو ژوورە!
تـــا لە ئـەو بـڕیام،خـەفەت دامـیگرد
ڕەنـجێ هـیجرانـی،دەس و پـامی گـرد
هـــەر وەک کـــۆترێ،دوورم لە لانــەم
یـــارم نـــاژنەوێ،شـــیوەن شـەوانـەم
شـــام و نـــەهارم،تـــێکەڵ خـــەفەتە
چـــەرخـــی زەمـــانە،بـــێمەعرفەتە!
شکـــیاگـە بـێ ئـەو،دڵ بـێڕیاکـەم
یـاری دلسـۆزم،لە کـوێی پـەیاکـەم؟!
خـوەشە ئـەوکـاتە،بیری ئـەو ئەکەم
هـەر عـەزیز منە،بیری چۆن نـەکـەم؟!
حەز ناکەم غەیر ئـەو،کـەس کـەم تـواشا
ئـــەوینی لە دڵ،چـۆن بکـەم حـاشا؟!
دڵـــم پــڕ لە خـوێن،هـەناری سـاوەم
مـــن بـــێوەفا نـــیم،لە بـیری نـاوەم
ئـەگـەر دوورەو بـین،لە مـەیش زیـاتر
خـــاتراتـــەکـــەی نـــاوەم لە خـاتر
هەر ڕۆژ و هـەر شـەو،هـەر نـاوی ئـەوەم
بـەشکەم بـێ،«نـادر»،دەر بێرێ لە غـەم

# خوەش ئەو ڕۆژانە

خوەش ئەو ڕۆژانە،دەس لە ناو دەس بووین
بێ خواردن شەراو،هەر دوومان مەس بووین
لە بـــیرت مـــاگـــە،عـــەزیزی نـازار؟!
ئــەهاتین،ئــەچوایــن،لە کــووچە و بـازار؟!
بۆ سـەفەر ئـەچواین،ئـەم شـار و ئـەو شـار
هــەر وەك دوو کـۆتر،دوو ئاشق بـێعار
ئــەو ڕۆژە تــۆم دی،ئــەزانـی کـەی بـوو؟!
خـــوەشی دڵ ئــێمە،هــیچکەسێ نــەیبوو
تـــۆم دی لە نـــاو بــاخ،لە پــای چــنارێ
هــەر چــێ خــەفەت بــووم،نـیامە کـنارێ
تـــۆم دی لەو بــاخە،خــەریك گــوڵچنین
چەنێ زەریـف بـوویت،لە وەخت پـێکەنین!
دڵـــی لە مـــن سـەند،چــاو پــرشەرارت
بــۆ چــی لە بـیر چـوو،ئـازا قـەرارت؟!
خـوەشی جـارانـمان،چـە هـات بـە سـەریا؟!
بـــێژە خـــوەشیمان،بـۆ زوو گـۆزەریا؟!
ئـیسە بــە جــێ تـۆ،خـەفەت بـووگە دۆس
بــە دۆســی دۆسـی،کـەندی لە مـن،پـۆس
فـــرمیسك بـــۆم نـــەما،ئـــیتر بـــرژنم
ســـــزایــە ژیــــنم،لە یـــەك بـــپژنم
ئـــەگـــەر بـۆت کـریا،بـیرم کـە گـاهێ
بـــــە یـــادی «نـــادر»،بکـــێشە ئـــاهێ

# خەفەت دووری تۆ

خـــەفەت دووری تـــۆ،لە دڵ مـــن زۆرە
دڵــــــم داغـــان و حـــاڵم نـــاجۆرە
لەو ڕۆژەو کــە تـــۆی،دیگـە دوو چاوم
یـــاوم کـــردگە و کـــەم نـاویٚ یـاوم
نــاوی تــۆ بــردن،بـۆم بـووگە عـادەت
تـــەرکت دا بــە مــن،زکــر و عــبادەت
بـــە شــوێنتا دڵــم،هــەر شــوێنیٚ وێــڵە
ئـــەونە گـــیریاگــم،بــەر چـاوم لێــڵە
قـــەسەم بــە چـاو و،گــەرمی بـازارت
شێت بـووگم بـە دەس،سـەختی ئـازارت
ئـــازاری ئـــاشق،مـــەهپارە،مـــە کـە
بـــیٚ تـــۆ نـامێنم،ئـەم کـارە،مـە کـە
لە تـــۆ نـــازەنین،بـــێخەوەر مـــاگــم
وە ك داریٚ وشك و،بـیٚسەمەر مـاگـم
زەعـیف و نـەحیف،پیری چاوی تـۆم
پـەرێشان وەکـوو،زۆڵـفی خاوی تـۆم
هـــەمیشە مـــۆشتاق،زیـــارت ڕووتـــم
ئـــەسیر و ئـــاشق،تـــاڵیٚ لە مـــووتم
فــــەسلی خـــەزان و گـــەڵاریٚزانـــە
بـیٚ تـۆ دیٚـق ئـە کـەم،قـەدرم بـزانـە
ئـە گـر «نـادر» مـرد،ڕۆژیٚ لە بـەر پـات
بـە مـەردم بێژە،عۆمری بـە سـەر هـات!

# خەفەت‌دەرکەر

خوا قـەزای بـاڵات،یـاری خـوەش‌جەماڵ
کــەسێکم نــەدی،وەک تــۆ بــا کـەماڵ
خــەفەت‌دەرکەری،بـە غـەیر تـۆم نـەبوو
وەختێ کـە تـۆم بـوو،پشـتم کـۆم نـەبوو
تــــا تــۆ ئــەهاتی،خــەفەت ئــەیبرد بـا
خەتای گەردوون بوو،وا تـۆم لە دەس دا
بــە گـەردەن گـردوون،دەیـنی مـن و تـۆ
دیــــواری کـــێشا،بــــەینی مــن و تــۆ
هـیچکەس لە دڵ مـن،جـێگەت نـاگـرێ
کام نۆکـەر ئـاخر،جێگەی شـاگـرێ ؟!
تــــۆ نـــەبزی مــنی،تـا ئـاخر نــەفەس
من چۆن دڵم تێ،جێ تۆ،بەم بـە کـەس؟!
تــۆ ڕەگ حــەیاتی،ڕۆحــم بـە ساقەت
بــــە شــەوقی تــۆیە،گــردوومە تــاقەت
لەم دۆنــیا فــەقەت،بـاڵای تــۆم ئــەوێ
ئــەم دۆنــیا بــێ تـو،میخام هـەر نـەوێ
دوور لە چــــــاوانت،زۆ زۆر کــــڵافەم
بــۆ تــەسکینی دڵ،هــەر شــەو لە کـافەم
دڵـــــی ئـاوارەم،هــەر نـایتەو بـۆ مــاڵ
فــەقەت بۆ لای تۆ،هـەر ئـا،پـەڕ و بـاڵ
ســـفح و نــــیمەڕۆ،عـــــەسر و ئــێوارە
چـــاو «نــادر» پــڕ ئـاو،وەک زرێــوارە

# خەفەت فیراقت

خــــەفەت فـــیراقت،بــە قــەو ســەدهەزار
بــــە گـــیانت ڕازیــم،بــچمە ژێــر مــەزار
هـــــەر هــــا لە بـیرم،قــەوڵی پــارەکـەت
بۆچی بە جێت هێشت،دۆس و یارەکەت؟!
نـــووری چـــاوانــم،زۆر ســەختە دووری
سەخت‌تر لە دووری،هەر ڕۆژ سەبووری!
ڕازی نـــیم بــــێ تــــۆ،بکـێشم نـەفەس
بـووگە ئـەم دۆنـیا،بــە لام وەک قەفەس
لە دووریت غــــەمبار،پـــەرێش،دامــاگــم
لە بـــیرت نــــاوەم،عــــەزیز،تــا مــاگــم
دڵـم تـەنگ بـووگە،بۆ ڕەنگ چاوەکەت
لە زوان نــــاکــــەفێ،تـــاوێ نـاوەکـەت
دەس هـــــەڵ نــــاگـــرم،لە چـاوخۆمارت
کـێ هـەسی ئـاخر،حۆسن بێ‌شۆمارت!
ڕۆژم ڕەش،هەر وەک،سۆرمەی چاوەکەت
پــــەرێشانم وەک،زۆڵــــفە خــاوەکـەت
تـــەرکی ژیـــن ئـەکـەم،گـەر بکـەی تـەرکم
ئـــــاواتــی ژیــنم،بــۆ نــاکــەی دەرکـم؟!
ڕازیــــم کــــە چـــاوم،بــۆ تــۆ دەر بـێنم
دوور لە تــــۆ ئـــازیز،مــن بــۆچ بـمێنم؟!
بــــێرەو شـــیرین کـــە،ئــەم ژیــنە تــاڵە
دڵ «نــادر» فــەقەت،تەک تۆ خوەشحاڵە

# خەڵەتیام

فـەوری خـەڵەتیام،بـە ناز چاوەکـەت
حەک بـوو لە بـان دڵ،شیرین‌ناوەکـەت
پـەخش و پـەڵایە،ئـەگریجەی خاوت
ئـاشق شـێت ئـەکـا،خۆماری چاوت
ئـاو تـێ لە چاوم،وەک کـانی جۆشان
بێژە لە بـەر چـە،رووت لە مـن پۆشان؟!
پـاو نـیا بـە دڵـما،ئـەی کـەوش‌کەتانێ
ئـــەمگشتە جـەفا،تـۆ چـۆن ئـەتانی؟!
هــــەرچـــەن دڵــرفێن،زۆر فـرەزانــی
مـــانای ئـاشقی،تـۆ کـەی ئـەزانــی؟!
زووخـاوم مـەیرا،بـە غـەمزە و بـە نـاز
بـــێلا بـــوینم،رۆخســـارەکـەت بـاز
دڵـــم دوور لە تـــۆ،هـــەمیشە ئـەیشێ
بێ تۆ خوەش نیە،هیچ نووش و عـەیشێ
بـۆ ڕەزای خـواکـەت،سـەرێکم لێ بـە
جـــارێتر پـــیالەی،شـــەراوم پـێ بـە
نـــازانـــی ژیـنم بـێ تـۆ چـە تـاڵە !
بـــێ بـــا بـــوینم،ئـــەو قـــژە کـاڵە
دەنگــی تـۆ مـەوزوون،وەک قـەناریە
وەخـــتێ لێـــم دووری،کـــارم زاریـە
هـەرچـەن چـاو دیـەن،«نـادر»ت نـیە
سەد جارتر ئەیژم،کـەس وەک تـۆ کـیە؟!

# خەوم دی ئەمرم

خــەوم دی بــێ تــۆ،ئــەمرم بــە ڕاسـی
ڕەنگ و ڕووم زەرد بوو،خوەمم نەناسی!
لە جــەور و جــەفات،ئاخر بۆ نـەمرم؟!
لە بـــان ســەرم بــی،ڕاحــەتتر ئــەمرم
مــن خــوەم ئـاشق و دڵـم دێـوانــەس
تـــۆ نــەوی،مــاڵم،ئــەیژی وێــرانــەس
حـــاڵم بـــپرسە و لایکــم لێ کــەرەو
بــێ بـا وەک جـاران،بــچین بۆ دەرەو
مــەگــەر نـامناسی؟!مــن یـاری پارت
وا ئــێشارەت کــرد،جا بـووم بە یـارت
پــەرێشانت کــرد،زۆڵــفت بــە دەس با
مــن بــۆ تــۆ عــەقل و،دینم لە دەس دا
گـــێج و حـــەیرانــم،لە کـاری دڵــم
بــێ بـا ســۆکــەو بــێ،غــەمباری دڵـم
دوور بگــری لە مــن،گــیانم دەرئــەچێ
کەی بێ تۆ بۆ من،ژیـان سـەرئەچێ؟!
چـــین و چــرووکی،ڕۆخســاری زەردم
بــە خــاتر ئــەوەس،لە لای تــۆ تــەردم!
نــەوی بــە یــارم،تــەرکی دین ئەکەم
بەینێ دوای ئەوە،تەرکی ژین ئەکەم
زۆڵــفت،دڵ «نـادر»،پــەرێشان ئەکات
چـاوی تـۆ تـەمرین دڵئێشان ئەکات

# خەیاڵ

چــەن خــوەشە پێم،ئەو خــەیاڵە،تۆ ئــەوینم،تــی لە دوور
تی بەرەو من،وەك فریشتە و وەك پەری،جوانتر لە حوور
تـــی دووبــارە،تــا بــپرسی حــاڵی مــن،وەك پــارەكــە
جــا ئــەویٚ شــیرین لە بــەر چــاوم،دووبــارە شــارەكــە
تــی ئــەوینم رِوومــەت و،هــەم قــامەتی بــەرز وەك چــنار
تـــێتە نـــاو دڵ شــادی و،رەنــجم ئــەویٚ زوو بــەرکنار
تــی وەکــوو جــاران ئــەکــەی ناز و،دڵــم تــێریتە جۆش
جــا ئــەسێنیٚ نــازی تــۆ،ئــاسان لە ئاشق،عــەقل و هــۆش
تــی لە مــن دوورەو ئــەکــەی،رەنــجی فــیراق و بــێکەسی
گــیانی تــازەم پــیٚ ئــەدەی،تــەك خــالقا،تۆ هــاودەسی؟!
گەر خەفەت بیٚ،هەر وەکوو جاران،بــە داومــا تــۆ ئــەگــەی
هەم بە دەستی نەرمی خوەت،فرمیسك لە چاوم پاك ئەكەی
دەستی من ئەگری،ئــەوەی مــن تــەك خــوەتا،بــۆ خــانەباخ
جا لە دڵ من دەر ئەكەی،زووخ و خەفەت،هەم ئاخ و داخ
پا بە پا،هەم شـان بـە شـان،هـەر دوو ئـەچین بـۆ گـوڵچنین
جـــا بـــە لۆتــفی تــۆ شــەفا پــەیدا ئــەکــا،کــۆنەبرین
بـــۆم ئـــەرژنی،پـــر پـــیاڵەی،لەو شــەراوە ســـوورە وا
مــەست ئــەکــات و دەرد و مــەینەت،زوو لە سینە لا ئــەوا
زۆر تــواشــای تــۆ ئــەکــەم،تــا بــەشکە بشکیٚ،تــاسەکــەم
بۆت ئەکەم،هەر وەك گوڵیٚ،شیرینگوڵم،گــوڵ یــاسەکــەم
جـــا بـــە تـــۆ ئـــەیژم:عــەزیزی«نــادر»ی،ئــیتر مــەرِۆ
تــۆ حــەیات و ژیــنمی،تــەرکم مــەکــە،ســاقەی ســەرِۆ

# چاو ئینتزارم

چـــاوبەگـــریانم،پـــەشێو و دڵــتەنگ
له تاسەی چاوت،یـاری شـوخ و شـەنگ
چـاو ئـینتزارم،هــەر ڕۆژ و هــەر شــەو
بــێرەو دووبـارە،خــەرامـان وەک کـەو
بـــەشکەم بـــیتەوە،ئـــەی گــوڵعۆزارم
مـــن لە بــەر دووری،چـاوی تـۆ،زارم
لە بـــیرم نـــاچی،ئـــەی دڵــدارە کــەم
تـاوێ نــە تـاوێ،هــەر تـاسەو ئـەکـەم
فـــەرقی بـــۆم نــەما،ڕۆژان و شــەوان
سەرت لێم شێوان،بـرۆت وەک کـەوان !
ئـــەناڵم بـــە دڵ،هــەر وەک قــەناری
بـۆ تـۆ،کـە شـیرین،وەک گـوڵ هـەناری
تــۆ شــیرین،شــە کــەر،مـن تـاڵی قـاوەم
تـــا ڕۆژێ مـــاگــم،لە بـیرت نـاوەم
کــێ وتــی نـازار،دڵ لە مــن بــەردە؟!
کێ خستیە بەینمان،ئـەم گشـتە نـەردە؟!
سەیری گوڵ نـاکـەم،لە گـوڵ جوانتـری
لە گشت ئــەم خــەڵکە،شـیرینزوانتـری
جـــێ تـــۆ لە دڵــما،کــەسێ نـاگـرێ
وەسـڵی تـۆ نـازار،یـا خـوا پـاگـرێ
حـــــاڵم پـــەرێش و،دڵ گـــرفتارە
دڵت لە «نـــادر»،کـــەی ئـاگـادارە؟!

# چاو بە ڕێ

دڵ دام بــە دڵــبەر،بــە خــوەی و خاڵی
نــــازانــم چــەبکەم،لە دەس ژیــن تاڵی!
مــاڵەکــەم بێ ئەو،بێ ڕەونـەق مـاگـە
بــەوبەخت ئــەو کــەسە،وێــرانــە مــاڵی
هـــــەمیشە و دائـــم،چــاو بــە ڕێگــەیم
لە نــاو چــاوگەلما،جــێگەی ئەو خاڵی
چە زوو بە سەر هات،زەمان عەزیزیم
کــەفتگمە ژێــر پــا،وەک بــەڕ و قـاڵی
بەینێ،تەکیەگا و،سەنگ سەبوورم بوو
دووبــارە کـەی تێ،پاڵ بەم بە پاڵی؟!
دڵــی دوور لە یــار،کــاری هــەر شــینە
تـــــاڵعی نـــــەحسە و،تـــــاریکە فـــــاڵی
هـەر کـەس بێکەسە،وەک مـن لە دۆنـیا
بـــــەزەی نـــــایتەوە،کـــــەسێ بـــە حـــاڵی
هــەر کـەسێ وەک مـن،دڵـی بـا بـە یـار
پـــــەنجەی عـــــزرائـیل،ئـەوێتە شـاڵی!
غـــــــــەریبی ئـــــــاشق،زۆر دڵ کـــــــزێنە
دوورە لە یـــــــــار و،دوورە لە مـــــــــاڵی
ســــــەر ئـــــەنێتەوە،ئـــــاشق بـــــەداخـــەو
ئـــەواتـــە ژێـــر خـــاک،ئـاوات وســاڵی
«نـــادر» گـــەر بـــمرێ،زوو لە بـیر ئـەچێ
تــا لات کــردگەسەو،زوو گـەیگە سـاڵی!

# چاوت شکارچی

جوان و ڕێک و پێک،شیرین و ڕەعنا
بۆ من،ئاشقی،تۆ کردۆ مەعنا!
چاوت شکارچی،برۆت تیرکەوان
لە من سەندگیە،عشقی تۆ تەوان
ئیسە وەک جاران،خۆ نیم نازەنین
لە بیرم چووگە،بێ تۆ پێکەنین
قەشەنگ و زەریف،هەم مانگی،هەم ناز
دڵ،شێتی تۆیە،شیرین دڵنەواز
بۆچی وەک جاران،مەحەل لێم نانی؟!
ئەم گشتە جەفا،تۆ چۆن ئەتانی؟!
دڵی من ناسک،لەتیف،وەک پەڕە
تۆ خستە ژێر پا،وەتزانی بەڕە؟!
بێژە لە سەر چی،عەزیز باوانم
دوورەو بووگیتەو،لە بەر چاوانم؟!
بیکە بۆ خاتر،سیی‌جزمەی قۆرعان
بێ با بتوینم،خوەم کەم بە قۆربان
غەریب و بێکەس،دوور لە خاکی خوەم
هەر وەک کیسەڵێ،چووگمە لاکی خوەم!
بەشکەم لە داخت،زوو سەر بنمەوە
با خەفەت دووریت،لێم جیا بێتەوە
ها لە ناو جەرگم،کڵپەی ئاگرێ
دڵ «نادر» لە تۆ،دەس هەڵ ناگرێ

# چاوخۆمار

له دەس چـاوی خـۆماری تۆ،خۆمارم
پـــــەرێشان و غـــــەمین و دەردەدارم
شـەو و ڕۆژان له داخـی تـۆ ئـەسووتم
ئـەسیری پێچی زوڵـف و،تاڵێ مـووتم
بـــەڵاگـەردانـی تـۆ بـێ،چـاوەکـانم
بـۆ نـادەی تـۆ،وڵـامی قـاوەکـانم؟!
تۆ جوانی،وەك پەری،حووری،فریشته
بـەڵام جـەور و جـەفا،ئـائین و کیشته!
بۆ بیر نـاکـەی له یـاری بێ‌پەناکـەت؟!
که بێ تۆ،کەفته ناو،بەحری فەلاکـەت؟!
له تـۆ دوورم،ئـەکـەم بۆت بێقەراری
گـولم،هـیلاکـی دەردم،بـمده یـاری
بـەهاری تـۆ،وەلێ مـن وەك خـەزانـم
گـــوڵەنازارەکــــەم،قـەدرت ئـەزانـم
وەکـوو جـاران،بـێ بۆ لام و،سەرم بـه
له دەس مـەینەت جـیایی،بـێ،بەرم بـه
دڵـم ڕۆسـوای زەمـان و خـاس و عـامه
نـەوی،شـادی،خـوەشی،ژیـنم تـەمامه
دڵــی «نــادر»،خـــەفەتبار و هــەژاره
ئەگـەر بی،کۆچ ئەکـا،ڕەنج و پـەژاره

# چاو شیرین

چـــاوی شــــیرین‌تر،له چـاوی ئـاهوو
کراسه سه‌وزه‌که‌ی،سه‌وزه وه‌ک کـاهوو
لێــــوی شــــیرینی،له ڕه‌نگ هـــه‌ناره
له‌تــیف و زه‌ریــف،وه‌ک گــوڵ‌به‌هاره
ئـــاشق‌کوشتنی،بــــه نـــاز،زۆر عــالی!
مـــاڵی هـــا له خــوار،«مــزگتی والی»!
گـــۆناسووره‌کــه‌ی،وه‌ک ســێفی‌سووره
بـــه‌داخـــه‌و چـاوم،له چـاوی دووره!
ڕوومــــه‌تی جــوانــی،مــۆدل نــه‌قاشی
عـــه‌مه‌ڵ بــه پــه‌یمان،وه‌لێ زۆر نــاشی!
ئـــه‌و نـــایت بــپرسێ،ئـیتر له حـاڵم
بـــێ‌ناز داکـه‌فتگم،له گـۆشه‌ی مـاڵم!
بـــێ‌تاقه‌ت بــــووگم،بـۆ قـژی کـاڵی
نـــازانـــم له کــێ،بـــپرسم حــاڵی!
نـــه‌یوینم ئــیتر،گــه‌ر خــوانــه‌خواســه
ریشـــه‌م ده‌رتــێره،خــه‌فه‌ت،هــه‌ناسه!
من که‌،له ده‌س چووم،خوا یاری ئه‌و بێ
خوا نه‌کا ئـه‌ویچ،وه‌ک مـن بـێ‌خه‌و بێ
ئـــاواتـــم وایــه،بـمرم بــه جــێ ئــه‌و
بـــمێنێ،بــچێ،خــه‌رامـان،وه‌ک کــه‌و
مـــن بـــۆ هــه‌میشه،دڵــم دا بــه ئــه‌و
ئـــیتر جـــیا نـاوێ،دڵ«نـادر» له ئــه‌و

# چاو کەژاڵ

چـــاوت شــــیرین تر،لە چـــاوی کـەژاڵ
چـــاوت بـە ئـاشق،تـاوێ نـات مـەجاڵ
هــــەڵاڵەی بــــەهار،ســـەر دارە کـــانی
روونــــاك تـــر لە گشت،هـــەسارە کـانی
سووری ڕەنگ لێوت،هاوڕەنگ گـوڵاڵەس
بـــۆ ئـــەو ســـوورییە،دڵ پــڕ لە نـاڵەس
لە دەس دوو چـــاوت،کـاری مـن،زاری
ڕۆخســـــــارم زەردە و،بـــرینم کــــاری
شـــەوم وەك،تـــۆنێل،درێــژ و تـاریک
ڕۆژیـــچم هـــەروا،ئـەی کـەمەرباریک!
ئـەم دۆنـیا بـێ تـۆ،هـەر وەك زیـندانـە
هــــەر کـــەس ئـەوینم،وەك زیـندانـبانە
کــــــردگیە دووریت،پــــیر و بــیمارم
بــێرەو دووبـــارە،خـــوەت کـە تـیمارم
بــــێ ســــەحرا بـــچین،شـــانە بـە شـانە
جـا بـێم بـە دەورتـا،هـەر وەك پـەروانـە!
خـــوەشە دانـــیشم،دڵـخوەش لە لای تـۆ
بـۆ گـەڕیان بــچم،جـا پـا بـە پـای تـۆ
ئـــیسە کــــە چـاوت،مـنی کـرد ئـەسیر
تـــۆخوا ئـەسیرت،هـەر نـەوەی لە بـیر
تـــــەنیا ئـــاواتــــی «نــادر»،وســـاڵت
دوور نـــاوێ لە تـــۆ،بـــووگە وەبـــاڵت!

# چاومەس

دوو چـاوی مـەستت،شـەیتان و بـەڵاس
دڵ پــــەرێشانم،بــــە تــــۆ مــــۆبتەڵاس
مــنۆ نــیا سـەرکـار،لە نـاو ئـەوکـووچە!
قـەوڵ نـازارەکـان،وەک پـڕ یا پـووچە!
بە دەس چاوی تـۆ،لە دەس دەر چـووگم
مـەگــەر نــەوزانـی،ئـاشق تـۆ بـووگم؟!
تۆ خۆ،وا نەبوویت،بـۆ واتـە پـێ هـات؟!
مــنۆ رۆســوا کــرد،لە شــار و دێـهات !
دڵــمۆ،بــێوەفا،بــۆ خســتە ژێــر پــات؟!
دڵ مـنۆ شکـاند،نـام چـۆن دڵـت هـات؟!
خــــاتراتــــی تــــۆ،بـــووگنە رەفــێقم
بــۆ عــەهدۆ شکــاند،دۆسـی شـەفێقم؟!
چۆن فەرق ناکا بـۆت،بـوون و نـەبوونم!
داوام هــەس لە خــوام،لە دۆنـیا چـوونم
بــــە عشــــقی تــۆیە،هــەمیشە مــەستم
بــۆ چــاوی تـۆیە،شـێعر و هــەڵبەستم
لەم دۆنــــیایە دا،هــەر تـۆیت مــەبەستم
فــــرامــــۆشت کــــەم،بــزانــە پــەستم
هــــەرتاکــە مـاگـم،بـۆ مــن ئـەوینی
دەرد و رەنــج فـیراق،هــەرگیز نــەوینی
شــــەو تـــا بـــەیانی،بـەیانی تـا شـەو
چـــاو و دڵ «نـــادر»،پـــڕیە لە تـاسەو

# چاوەکەم

من لە دووریت زۆر ئەگیرم،تاکە کوێر بێ چاوەکەم
چـون شـیرین و زۆر بە نازی،دڵبەرە قژخاوەکەم
بەو دوو چاوە پڕ لە نازە،بێ بوینە حاڵی من
چاوی سوور و پڕخەفەت،هەر ڕۆژ و شەو،پڕئاوەکەم
کەی ئەزانی حال و ئەحواڵی دڵم،ئەی دیدە مەس؟!
بێ بزا دەردی دڵم،ئەی دڵبەرە تۆراوەکەم
من ئەویندارى جەماڵت،ئاشق و پابەندی تۆم
پێچی زوڵفی تۆ کەمەندە،ئەی گوڵە لەولاوەکەم
من ئەسیرم،کاخ و ماڵم،بووگە زیندان و قەفەس
بێ نەجاتم بە،لە زەنجیر و کەمەند و داوەکەم
زۆر بریندار و نەخوەش بووم و،دڵی من پڕ خەفەت
تۆ نەهاتی ئەی شەفاکەم،تاکە کەم کەی یاوەکەم
هەر بە ئاواتم کە ڕۆژێ بێم،بوینم قامەتۆ
بێئیرادە،روو بە ماڵی تۆ ئەچێ،هەنگاوەکەم
تاکە عالەم بەرقەرارە،چاوەڕێتم،ماتڵم
عۆمری من بێ تۆ بە سەرهات و لە ژینم،ماوە،کەم
وێڵ و سەرگەردان،وەکوو دێوانە،هەر شوێنێ ئەچم
ناوی شیرینت،شیرینم،من لە هەر کوێی قاو ئەکەم
خوەم ئەزانم زوو بە زوو،ڕۆژێ لە بیری تۆ ئەچم
هەم فەرامۆشت ئەوێ،ڕۆژێ لە ڕۆژان،ناوەکەم
بیری «نادر» هەر مەکە،با دڵحەزین،وەک من نەوی
تۆ بڕو خوەش بە،گوڵم،با هەر بژیت،سەرچاوەکەم

# چەبکەم؟!

چەبکم من لە دەس،یاری نازارم؟!
بە چاوی مەسی،ئەکا ئازارم
جەفا پێم ئەکات،دڵم ئەشکێنێ
ئەترسم لە لام،ڕۆژێ نەمێنێ
دڵم دا بە ئەو،بە یادگاری
لای من،خەفەت ئەو،ماگە بە دیاری
لێوی وەك گوڵە و،دوو چاوی زۆر مەس
بەداخەو دوورە و،ناکەفێتە دەس
شپرزم،بێ حاڵ،هەر وەك ئاوارە
دڵم بێ‌تاقەت،پڕ لە هاوارە
دەردم زۆر فرەس،بەیان ناکرێ
بە لای ئەم و ئەو،عەیان ناکرێ
ئەونەگیریاگم،بۆ ناز ئەو قژە
بەر چاوم تارە،ئەیژیتە مژە!
ئەجەڵ ئەوینم،بێ ئەو،پێم نزیك
تێتە پێشەوە،ئارام،بێ‌دزیك
ها لە بەر چاوم،مۆژەی چاوانی
گۆناح ئاشقی،سەختە تاوانی!
کۆنەبرینی،ها لە سەر جەرگم
نەوێت بە یارم،ڕازی بە مەرگم
لە ناز و غەمزە،ئۆستاد و ماهر
قاتڵی «نادر»،دڵسۆز بە زاهر!

# چەنێ شیرینی؟!

چـــەنێ شـــیرینی،پـــامووره لە پـا؟!
دڵ و دیـن ئـەوەی،بـە نـازێ،یـەک جـا!
خـــاڵت بـــە نـــیشان،ئـاواتـی ژیـنم
حـــێجابت لاوە،بـــا خـــاس بـــتوینم
خســتووتە گـیانم،هــەرچــەن ئـاگـرێ
دڵ بـاز هـێن تـۆیە و بە غـەیر نـادرێ
لە زۆڵـفت،تـاڵێ،جـێ مـاگـە لامـەو
زەنـجیر ئـەوینت،هــەر هـا بـە پـامەو
دڵــم بــۆ لای تـۆ،وەک کـۆتر ئـەفرێ
هــەرچەن ئـەزانم،بـە دەس تـۆ ئـەدڕێ
ئــــەونە کــێشامە،غـــەریبی،دووری
ئـــیتر نـــازانـــم،مـــانای ســەبووری!
لە دۆنـــیا،ئـاوات،بــە غــەیر تـۆم نـیە
بـــێژە لە دۆنـــیا،وەکـــوو تـۆ کـیە؟!
هەرچـەن دەرمـۆ کـرد لە نـاو شـارەکـەو
هـــەر هـا لە تـەکـما،یـادگارەکـەو!
هــەر وەختێ نـازار،بیر جـاران ئـەکـەم
خـــاتراتـــەکـــەو،گـولباران ئـەکـەم
بــۆ دوو چـاوی تـۆ،چاوی مـن،گـریان
بە غەیر تۆ،دڵ خەڵک،بۆم بوو بـە بـریان
تـۆ خـەریک بـەزم و،هـەڵپەرکێ گـەڕیان
«نـادر» و دڵـی،لە سـەر تـۆس شـەڕیان!

# دایە دڵتەنگم

دایـــە دڵتـــەنگتم،فـــرە و فـــەراوان
نـــیت بـێژی بــە مــن«عـەزیزی بـاوان»!
لە دووریت دایـــــە،غـــەمینم،نـــاڵان
ژیـــنم تـــاریکە،وەک تـــەنگەداڵــان
تـــۆ هــەی لە کــوێنا،بـزانـــی حــاڵم؟!
وەک کـــۆتر ئـــەسیر،بـڕیاگــە بــاڵم
خـــەوەر نـــاپرسێ،لە کـــار و بـــارم
لەو ڕۆژەو چـــووگی،بـێکەس و کــارم
دائــــــم لە دووریت،وەک دەردەدارم
خـــەفەت و گـــریان،بــووگەسە کـارم
تـۆ خـۆ نـاوینی،مــووی سـپی سـەرم
تـــۆ کـەی ئـەوینی،عــازیەتی بـەرم؟!
دایـــە گـــیان،دڵـــم،غـەمباری تـۆیە
مـــاتڵ مـــۆحەببەت،دڵـــداری تـۆیە
تا کـەی تـەنیا بم؟،غـەریب و بێکەس؟!
هــەر وا ئـەزانـم،هـام لە نـاو قـەفەس
ئـــیتر لە دووای تـــۆ،شـادیم نـەدیگە
دڵـێکم هــەس مــن،زۆر تـیکە تـیکە
لە بـیرمە دایـە،خوەشمۆ گـەرەک بـوو
وجـوود نـازارت،لە دۆنـیا تـەک بـوو
نـاوینی لە چـاو،فـرمیسکم چـۆن تێ!
کــاش بــمرم،قـەورم،نـزیک بـە تـۆ بێ

قــەوڵت دا هــەرگیز،تــۆ تــەرکم نــەکــەی
خاوەن هیچ دەرد و،هیچ ئەرکم نــەکــەی
فرمیسک دوو چاوم،باران سەر قــەورت
بۆ وەفات نــەکــرد،بــە عــەهد و قــەوڵت؟!
شــــەو و ڕۆژ بــێ تــۆ،دائــم غــەمبارم
هـــەر وەک مــنداڵــی،بــۆت بــێقەرارم
هــــەرتا ڕۆژ مـــردن،چـــاو ئــینتزارم
لە دووری تـــــۆیە،وا ئـــــەونە زارم
هـــەرچــەن لە دووریت،دائــم نــاشادم
وەلێ تـــا مـــاگـــم،نــاچی لە یــادم
لە دووری بـــاڵات،مـــن کــز و مــاتم
ئــەزانــم تــۆ نــایت،تــا بــەی نــەجاتم
بـــە هـــیوام شــەوێ،تــۆ بــیتە خــەوم
تــا لە نــاو خــەوا،شــیرین بــێ شــەوم
خــەفەت دوور بکــەی،لە دڵ پــڕ غــەمم
خــوەت خــاڵی بکــەی،لە دڵ وەرهــەمم
لە بــیرمە ئــەتوت،ڕۆڵــە «نــادر» گــیان
مــن لە تــۆ ڕازیــم،خــوەشۆ بــێ ژیــان

# درۆزن

له بیرت چووگه؟،قەولو دا:«که تیّم»؟!
دلّمۆ بردگه و،غەمۆ داگه پیّم
بۆ به درۆ وتۆ :«من یاری غارم؟!»
تۆ چوویت و خەفەت،بووگه به یارم
له چاوم باران،نم نم ئەواریّ
دلّم پڕ ئەویّ،به هەر نەواریّ!
چاوم دوور له تۆ،پڕ له بارانه
دلّی مِن به داخ،خوەشی جارانه
خەفەت نەبوونت،کەمەرشکیّنه
کار چاوم بیّ تۆ،فرمیسك تکیّنه
به غەیر ئاشقی،من چیم بوو خەتا؟!
بۆ خاتراتت،نەتبرد تەك خوەتا؟!
به ناز و غەمزه،له دین دەرمۆ کرد
به جیّمۆ هیّشت و،قوّڕ به سەرمۆ کرد
دەردۆ له گیانم،شیرین کاڵه کەم
بیّرەو،شیرن که،ژینه تاڵه کەم
ئەترسم ڕۆژی،بپرسی حاڵم
له ژیّری خاك بم،به دەستەو،زاڵم
خەفەت،نەهار و مەینەت شامه کەم
به دوایی تیّرم،شیّعر و نامه کەم
جوانیم دا له دەس،پیر بووم به دەستەو
له زیندانی عشق،«نادر»ۆ بەستەو

# دڵ

له چـاوم هــەر تــێ،فـرمیسك وەك بـاران
بگـــەین بــە داومــا،له دەس چــووم یــاران
دەردێکــم هــەس مــن،بــێ دەوا و دەرمــان
هــەر وەك ئــاگــرێ،کــەفگە نـاو خـەرمان!
دەور و بــــەرم چـــۆڵ،بــێکەس و بــێ‌یار
دڵ هــەر ئـەپرسێ،«داخـۆم کـەی تـێ یـار؟!»
بــــە دەس ئـــــەم دڵـــەو،مـــاڵم وێـــرانــە
هـــەر ئـــەیژێ:«بــــچۆ،دڵـــبەر بــێرانــە!»
دڵ مـــــــن شـــــعووری،حـــەساوی نـــیە
له لیست عــــــاقڵان،هـــــەر نـــاوی نـــیە!
دڵ،پــــــەلێ گـــۆشتە،وەلێ زۆر بـــەڵاس
ئەیژێ:«تەك دڵبەر،وەخت هەر،وەك تەڵاس!»
وەك نــەی شــوانــەکــان،دڵ پــر له نـاڵەس
ژیــــنی تــــاڵی مـــن،وەك پـێشە تـاڵەس!
زۆر هــــــاژ و واژە،دڵ بـــــــێ‌تاقەتم
نـــیە غـــەیر خـــەفەت،هـــیچ لیـــاقەتم
ئـاخ له دەس دڵ و،ئۆف له دەس گـەردوون
کــــارێ کـــــردنە،خـــۆشە پــــێم،نـەبوون!
دڵـــی دێـــوانـــە،بـــۆچ ئـــەونە هـاری؟!
بـــۆ دەس نــــاکــێشی،تــۆ له دڵـداری؟!
چـــەسپیاگـــە پــێمەو،ئـەجەڵ،وەك کـەنە!
بــەین «نـادر» و مــەرگ،وەك تـاڵێ بـەنە!

# دڵ سووزیاگم

بۆی قرچەی کەواو،لە دڵ سووزیاگـم
تێت و نـازانـم،بێ تـۆ چـۆن مـاگـم!
چـــاوشیرینەکـــەم،یـاری بـاڵابەرز
بـێ با دەردی دڵ،بـەتۆ بکـەم عـەرز
گـــژگیانم ئـەیشێ،لە پـا تـا مـەلاج
مەگەر دەردەکەم،خۆت بکەی عەلاج
بگـــەی بـــە داومـــا،یـاری بـێوەفا
خوا قەبووڵ ناکات،ئەم جەور و جـەفا
تـۆ نـەوی،شـادی،بـۆ مـن حـەرامـە
ئاخ لە دەس گەردوون،چەن بێ مەرامە!
دڵـە شێتەکـەم،هـەر داوات ئـەکـات
خەفەت دووری تۆ،من لە پـا ئـەخات
شـێت و دێـوانـە،خـۆ شـاخی نـیە
مـردن شـێتەکـان،هـیچ داخـی نـیە!
من کـە قـابل نـەوم،تـۆ بـی بـە یـارم؟!
پـێم بـێژە بـۆچە،بـوویتە دڵـدارم؟!
ئـــاواتـــم وایـە،ڕۆژێ کـە ئـەمرم
دووبـــارە،تـاوێ،دەسـی تـۆ بگـرم
عۆمرم بە سەر هات،هەر بـە یـادی تـۆ
لە ڕەنـج ئـاشقت،بـۆچە شـادی تـۆ؟!
دڵ «نـــادر» بـــۆ تـۆ،زۆر،بـێقەرارە
تـۆ بـی بـە یـاری،زمسـان بـەهارە

# دڵ شکیاگ

دڵ شکـــیاگ ئـیتر،شـەفایکی نـیە
مـەککـە بـێ کـەعبە،سـەفایکی نـیە!
دڵـی مــن شـێتە،مـەنعی دڵ مـەکـە
ئـــاشق دێـــمەنت،خــــەتایکی نــیە
خــۆزگە بــەو کــەسە،وا ئـاشق نـەوگە
یــارێ پــر جــەور و جــەفایکی نــیە
عشـــق و عــاشقی،دەرد نــاخۆەشێکە
ئـــەم نـــاخوەشینە،دەوایکـــی نـیە
وەک شــەم نـاسووتێ،بـەڵا نـاوینێ
هــــەرکە دڵــبەرێ،بـــەڵایکی نـــیە
بـــــێچارە دڵـــــم،وا ئـــەویندارە
دل ئـــــەویندارا‌ن،بـــەهایکی نـــیە
لە نـــاوەو وێـــران،بـە زاهــر ئــارام
دڵــــم بـێدەنگە و،هــەرایکـی نـیە
ســـــەرگەردانـــە دڵ،بـــێخانومانە
بـۆ خــەڵوەتی شــەو،ســەرایکی نیە
ئـــارام نــــاگــرێ،دڵـی دێـوانـەم
یـــارم بـــێمەیلە و،وەفـــایکی نــیە
نـووری مــاڵەکـەم،جـەماڵی تـۆ بـوو
ئــیسە کــــەلاوەس،چــرایکــی نـیە

قەناری قـەفەس،وەختێ دڵتەنگ بێ
ئـــیتر نـــاخوێنێ،نـــەوایکـــی نـــیە
هــەناسەم ڕۆژێ،دامــەنت ئـە گـرێ
کـێ ئـەیژێ دڵ مـن،خـوایکـی نـیە؟!
«نــادر»،وەک دارێ،بــێڕیشە مـا گـە
ســـــەمەر و گـــــوڵ و،گــەڵایکی نــیە

# دڵم

دڵـم،پــر لە غــەم و،زوخـاو و وەرهـەم
وەکـوو وێـرانـەیە،داغـان و دەرهـەم
دڵــم بــێتاقاقەت و،چـاوم پـڕ ئـاوە
تـــەوان و سـەبر و هـۆشم،لێ بـڕاوە
ژیـانی مـن لە دووری تـۆ،چـە تـاڵە !
لە تــۆ دوورم گــوڵم،ژیـنم بـەتاڵە
دڵم خوەش بوو،لە تەک تۆ،کەفتە بەر چاو
وەکـوو وێـرانـە ماڵێ،کـەفتە سـەر ئـاو
لە دڵ ئـیتر نـەما،ئـارام و سـەبرێ
لە بەر ماڵت خوەشە بەم،چار و کەپرێ
پـەرێشانم وەکوو زوڵفی تـۆ،ئەی یـار
بە چاوم مەرگ ئەوینم،ڕۆژێ چەن جـار
تـۆ نـازانی کـە مـن،بێ تۆ چە تـەنیام!
خوەش ئەو ڕۆژانە وا،تەک تۆ ئەکـەنیام!
گـوڵی مـن،بـێ تـۆ بێزارم لە هـەستی
هـەتا بـمرم،تـۆ ئـاوات و مـەبەستی
هـەمیشە هـەی لە نـاو فکـر و خـەیاڵم
لە دووری تـۆ ئـەشێ،تـا کـەی بناڵم؟!
لە بـەر چاوی منە،هـەر شـەو خـەیاڵت
لە دیـوانـم ئـەکـەم،وەسفی جـەماڵت!
دڵـی دامـاگـی «نـادر»،عـاشقی تـۆ
بـە قـۆربانت ئـەبم،چـۆن لایـقی تـۆ

# دڵم بۆت تەنگە

دڵم بۆت تەنگ بوو،هەناسەم دەرهات
لە چاو تلێر بوو،فرمیسک وەک هەڵمات !
نیشتە ناو گەڵووم،بۆغزێ،لە دووریت
شیرین‌تر لە گشت،تۆ بۆ من،حووریت
ژیر بوو ئەم دڵە،تا تۆی دی بە چاو
وەختێ کە تۆ چوویت،دۆنیا کەفت لە چاو
بۆم سەختە ئیتر،چاوت نەوینم
چاوی تۆ مایەی،عشق و ئەوینم
ئەگەر دڵی من،تۆ بدا لە دەس
ئەمرم،دێق ئەکەم،یاری دیدەمەس
بیر و باوەڕ و،دین و ئیمانم
تا تۆم دی بە چاو،نیامە گیرفانم !
ڕفاندۆ لە من،دڵم بەیەک جار
لەو ساوەو بووگم،بە عشق تۆ دووچار
من شەوی ڕەشم،تۆ هەسارەی گەش
بێ لاوە لە دڵ،پەژارە و ڕەنگ ڕەش
داخۆم دووبارە،تیتە ماڵەکەم؟!
بوینی بە چاو،ڕۆژ و حاڵەکەم؟!
کەی تی،بەر پاکەت،خوەم کەم گوڵباران؟!
بێمە پێشوازت،وەک جاری جاران؟!
تۆ بۆ دڵ «نادر»،ئارامی گیانی
مەبەست و ئاوات،خوەشی ژیانی

# دڵم بێمەنتق

دڵم بێمەنتق،دڵم ناحاڵی
ژیانی لێم کرد،بێ تۆ بە تاڵی
نازانی حاڵم،عەجەب حاڵێکە
دوو رۆژ نەتوینم،پێم بەساڵێکە!
لەم دۆنیا فەقەت،بە تۆ دڵخوەشم
لە شادی،خوەشی،نەکەی بێبەشم
خواقەزای خوەت و شیرینزوانەکەت
منی شێت کردگە،چاوەجوانەکەت
چاوێ وەک چاوت،هەر پەیا ناوێ !
یا خوا لە بەر ماڵ،بتوینم تاوێ
هەزاران هەزار،چاو ها بە شۆنت
گشتی شێت بووگە،بۆ عەتر و بۆنت
هەرچەن لە دووریت،زۆر داپژیاگم
بە خۆشی دیەن،تۆیە کە ماگم
ڕازیم هەر لە خەو،چاوم،پێت کەفێ
بەداخەو چاوم،هیچ شەو ناخەفێ!
لە باخی ژیان،تۆیی گوڵی ژاڵەم
بەوگەینێ بە من،چارەنووس عاڵەم
ئەزانم چاوم،هەر پێت ناکەفێ
بە دەردی خوەمەو،با دڵ داکەفێ!
بە داوی چاوت،دووچارم،دووچار
فیدات بێ«نادر»،نەیەک جار،سەد جار

# دڵم دێوانەس

دڵــــم نـــاحالی،زۆر هـــیچ نـــەزانــە
بــە حــەق و نــاحەق،ئــە گــرێ بــەهانە
قســە و نــەسێحەت،خــۆ حــاڵی نــاوێ
ئــە کــا لەجــبازی،هــەر خــەریك مانە
کــار و بــاری دڵ،هــەر عــەزیەت منە
لە یــــار ئـــەپرسێ،دائـــم نـــیشانە
بە من حۆکم ئە کا،«زەنگــێ بە،بۆ یار»
هـــەر فــەرمان ئــە دا،ئــەیژیتە خــانە !
لە نـــاو مــەردما،مــن بــووگمە ڕۆســوا
هـەر ئـان لە مـن،خـەڵک،تـەشەر و تـانە!
بـــە دەس ئــەم دڵــەو،وا هــیچ نــافامێ
قســـمەتم لە ژیـــن،دائــم هــەر ژانــە
ڕۆژێ لە ســەحرا،دڵــم پــەرت ئەکەم
یـــا ئـــەیخەمە خــوار،لەو بــەرزەبانە !
دڵ بـــووگە بـــاعیس،نــوێژ و ڕۆژگــم
ئـــەیژێ ئـــاشقی،عـــەینی عـــرفانە!
بـــزانــم بــە زەرب،تــەعنە و هــەرەشە
دڵــــم ژێــر ئــەوێ،ئــاخری یـا نــە؟!
لە کــار ئــەم دڵــە،ســەرم سـر مــاگــە
«نــادر» ،شــێت ئــە کــا،ئـا بـەم قـۆرعانە!

# دڵم ناشادە

دوو چـــاو ڕەشــی تـۆ،لە پـا خســـتمی
بـــۆیە وا ئــــەیژم،ژیـــــن و هـــەستمی
پـــــڕ لە پــــەژارەس،دڵــــی نــــاشادم
بـۆ ئـەوە هــەرگیز،تــۆ نـا کـەی یادم
پیر بـووم،وەلێ دڵ،وەک تـفڵ دەبستان!
بـەهاری لێـم کـرد،بــێ تۆ بـە زستان
مــەستی چـاوی تــۆم،نـە مـەستی بادەم
چـاوی مــەستی تـۆ،بـە عــاڵەم نـادەم
جـــوانـی دیــمەنت،لە دۆنـیا تــەکـە
نـــاوی شــــیرینت،لە دڵــــما حــەکـە
دڵــــم هـــیلاکـــە،لە دووری چـاوت
دڵـــپەرێشانم،بـــۆ زوڵـــفی خـاووت
هــــەر لە بـــەیانی،تـــا کـــە خـوەراوا
ئـــەم دڵــــە شـــێتە،تــــۆ ئـەکـا داوا
تــــۆ خــــوەشی دڵ و بــــینایی چـاوم
خــۆزگە بـەو دەورە،وا ئـەوکرد قـاوم!
تـا چـاوی تـۆم دی،لێـم بـڕیا ئارام !
کــــەی بـتوینم بـاز،شـۆخی دڵـارام؟!
لە بـــاڵای بـەرزت،سـەد مـاشاللە بــێ
دوو چـــاوی نـازت،دوور لە بـەڵا بــێ
دڵـــم دا بــــە تــــۆ،لێـــتی نــاسێنم
لە «نـــادر»،جـــۆنوون،شـێتی،نـاسێنم!

# دڵنیا بە

دڵنیا بە،تاکە هەم،تۆم ها لە بیر
دڵ بە داوی لار و لەنجەت،کەفتە گیر
کۆنجێ سینەم،پڕ لە زووخ و داخ و ئاخ
وەک تەنورم یا جەحانم،داخی داخ !
من مەلولم،پڕ لە ڕەنج و مەینەتی
تۆ عەتیقە،وەک بۆتێکی قەیمەتی!
زوڵفی ئاڵ و کاڵ و جوانت،وەک تەڵا !
چاوی مەستت،ناز و شیرین،زۆر بەڵا !
تا دوو چاوی تۆ ئەوینم،شێت ئەوم
جا بە قۆربانی دوو چاوت،چۆن نەوم؟!
هەر دوو چاوی من بە قۆربان چاوەکەت
وا منی کردە ئەسیری داوەکەت
بێ تۆ هەر ڕۆژ و شەوێ،دۆسم غەمە
سەد بەڵا بۆ دڵ بگەی،هێشتا کەمە
بێ بوینە،چاوەکانم پڕ لە ئاو
جا وەکوو جاران،بە پێم،پیالەی شەراو
بێ بوینە،سەد هەناسەی سەر لچم
دوای دیەن تۆ،جا لە ئەم دۆنیا،بچم
ها لە ناو جەرگم برینت،سەدهەزار
شاد ئەوم وەختێ کە بی،بۆ سەر مەزار
تۆ خوەش و من ناخوەشم،جا کوا دەوا؟!
کەی ئەزانی حاڵی «نادر»،لەم شەوا؟!

# دڵواپەسی تۆم

هەمیشە،ڕۆژ و شەو،دڵواپەسی تۆم
خۆمار و عاشقی،چاوی مەسی تۆم
تۆ سێفەسوور منی،واها بە شاخەو
بە دەستم ناکەفی،ئەی گوڵ،بەداخەو
لە دووری تۆیە،تووشی ڕەنج و دەردم
بەیانی ئاشقی کا،ڕەنگی زەردم
گوڵم بێ تۆ،بەهاری من خەزانە
حەرارەت یاوەکەم،خۆرماپەزانە!
لە هەر کوێی بم،نەوی لێنا،غەریبم
بۆ کردۆ دیدەمەس،حەسرەت نەسیبم؟!
لە بەر ماڵم،خوەشە ڕۆژێ گۆزەر کەی
بە چاوانت،بە چاوی من،نەزەر کەی
دڵم پڕ لە غەم و،ناڵەی شەوانە
لە چاوم جۆگەلەی فرمیسك،ڕەوانە !
ژیانم بێ تۆ بووگە،زەهرمارم
نەماوی لامەوە،بۆ شێت و هارم
لە تەنیایی،لە دووریت،دلغەمینم
بە خۆشی هەر بژی،داخت نەوینم
دڵم داوای کەسێ ناکا،مەگەر تۆ
خوا بیکا کە من،بمرم لە بەر تۆ
ئەگەرچی دڵخوەشیم،ئیتر نەماگە
دڵی «نادر»،بە عشقی تۆیە ماگە

# دڵەشێتەکەم

دڵـە شـێتەکـەم،بـۆ نـاگـری ئـارام؟!
خـــــۆ نـــاپرسێ لێت،یــــاری دڵارام
دڵـــــی دێـــوانــــە،بــــۆ دانــــارزی؟!
یــارەکـەت چـووگە،بـێ خواحـافزی!!
لە بـیر خـوەی بـردەو،بستگیە پـەیمان !
رۆژێ هات و چوو،وەك هاتن مـەیمان!
ئـەی دڵ،لە مــن یـار،کـەم کـە تـەقازا
دێـــر هــاتگە دڵـبەر،زوو چـووە ئـازا!
کێ ئەیژێ کە دڵ،بە دڵ ڕێگەی هەس؟!
ئەگەر ڕێگەی هەس،بۆ ماگی بێکەس؟!
نـازانـم ئـەونە،بـۆچ خوەش‌خەیاڵی؟!
هــەر وەکــوو بـولبوڵ،بـۆ یـار ئـەناڵی؟!
کەم هات‌وچوون کـە،لە بـەر ماڵ دڵـبەر
خـــــاترات دڵـــــبەر،بــــیکە لە دڵ،دەر
ئـەزانـم سـەختە،چارە چـەس ئـاخر؟!
عـاقیبەت هـەر عشق،مـەرگە،دەس‌ئـاخر!
هــەرچــەن کـە تـەقدیر،بێ‌تەقسیر نـەبوو
کــاریگەر،دۆعــای،شـیخ و پـیر نـەبوو
تەقدیر بە دەس خواس،عەوەز خۆ نـاوێ
وەسەت تەختە،تـاس،عـەوەز خۆ نـاوێ!
لە دەســتەو «نــادر»،هـەر تـووشی دەردە
ســەر لێـوی دائـیم،هــەناسەی سـەردە!

# دڵی تۆ بەردە

لەو ڕۆژەو زانـــیم،دڵـــی تـــۆ بــەردە
ئـــــازای ئـــەنامم،وەرهـــــەم و دەردە
بــە لامــا خـوەشی،بیٚ تـۆ هـەر نـەهات
ژانــم پــیا پــیٚچیا،ئــەی شاخەی‌نەوات!
تــۆ تــەنیا گــوڵی،نــاوچەی کــۆردستان
تۆ گـوڵ چـوار فـەسڵی،حـەتتا لە زسـتان
هــەر شــویٚنیٚ ئـەڕم،شـویٚنی تـۆ ئـە گـرم
دوور لە تــۆ نــازار،بــەم زوویــە ئــەمرم
تـــۆزیٚ ڕەحــم بکــە،بــەم دیٚــوانــەتە
بـــە دەورتـــا ویٚــڵە،ئــەم پــەروانــەتە
لە دووری بــاڵات،وەک شـەم ئـەسووتم
مــەنعی مــن مــە کــە،مـن ئـاشق ڕووتـم
لە ئـەم دۆنـیایە،هـەر تـۆم هـەس و بـەس
جــیٚگەت لە دڵــما،نـادەم بـە هـیچکەس
بــە خــاتر تــۆیە،فـرمیسک چاوەکـەم
بـــۆ تـــۆیە شـــیٚعر و هــۆنەراوەکــەم
جەفات کـرد بـە مـن،دەنگـم دەرنـەهات
حــەیف لە ئــەو دڵــە،وا نـیاتە ژیٚـر پـات
هــەرچــەن کــە جـەفا،هـەر کـاری تـۆیە
ئـــاوات مــن فــەقەت،ڕزگــاری تــۆیە
بــیتەو لای «نــادر»،بـەم زوویـە،بـەشکەم
بیٚ تۆ بەم دۆنیا،دڵم چۆن خوەش کـەم؟!

# دڵی خەیرنەدیگ

دڵـــی خـــەیرنەدیگ،دڵــی دێــوانــە
بـــە دەســـتەو مـاڵم،بـووگە وێـرانـە
بـۆ دانـا کـەفی،لە گـۆشەی دنـجێ ؟!
ئـازارت فـرەس،خـوەت بـە قـەو فـنجێ!
دڵـــــی بـــێمەنتق،دڵ بــــەهانەگـــیر
بـە خـاتر دڵـبەر،مـن ئـەیتە بـەر تـیر؟!
بــــۆ ئـیسرار ئـەکـەی،دڵـی دێـوانـە
من عـەزیەت ئـەکەی،لە سـەر بێگانە؟!
دڵــــی نــــائارام،ئــــاشقی وێـــڵ کـــە
دڵبەر ئەگـەر هـات،خـوەتی لێ،گـێل کـە
هەر بە یەک ناگەین،دوو خەت مەوازین
ئـــێمە بـــۆ تـــەقدیر،وەســیلەی بــازین!
مــــەکــــە ئـــــازارم،دڵــــی دارزیــاگ
دڵـی کـۆسکەفتگ،دڵـی دووابـڕیاگ!
بـــەشکەم بسـووزی،لە مـەیش زیـاتر
جـــیاکـەفی لە مـن،لە مـەیش جـیاتر
ئـــەودەمە بـــەر تـیر،بـە کـڵاشینکۆف
بـا نـەجاتم بـێ،لە دەس ئـاخ و ئـۆف
ئـــەونمە بـەر درگـا،بـا بـتوا سـپوور !
یـا پـەرتۆ ئـەکـەم،ڕۆژێ نـاو تـەنوور!
ڕۆژێ لە ڕۆژان،مـن تـۆ ژیـر ئـەکـەم
جـا «نـادر» ئـازاد،لە زەنـجیر ئـەکـەم

# دڵی دێوانەم

دڵــی دێــوانــەم،گــوێچکە نــا بە پەند
کـــــردگیە دۆنــیا،بــۆم زیــندان و بــەند
نــەمدی لەم دڵــە،بە غــەیر دەردیسـەر
بــووگە دۆژمــەنم،هــا بــە شۆین دڵبەر
چــەن بــار پــێ وتــم : «مە گـرە بەهانە
ئـــاخری ئـــەمکەی،شـێت و دێــوانــە
ئـــیتر بـــەسیە دڵ،وە ک نـــەی،مـــەناڵە
ڕۆژم ڕەش مـــە کـــە،ئـــیتر بــە نــاڵە»
وەلێ دڵ دەریـــاس،ئـــارام نـــا گــرێ
بـــووگە ســـەربارم،دەس و پــا گــرێ !
هــەرچــەن دڵـە کـەم،بێ دەنگ و بـاسە
ئـــە کـــێشێ لە نـــاو،سـینەم هــەناسە!
بـــــێزارم لە دڵ،دوژمـــــەن گـــیانە
لە بــەر چــاومی خست،ئـا ئــەم ژیــانە
دڵـــێ کـــە شکـــیا،تـــەعمیری نـیە
ژیـــــان و نـــەمان،تـــەوفیری نـــیە
شکایەت نـاکـەم لە چـەرخی گـەردوون
دڵ ئــە گــەر شکـیا،با بشکـێ بـە تـوون!
دوو چــاوم،پــڕ ئاو،هــەر وە ک زرێـوار
رزگـــار ئــەوم گــەر،بــمدەن لە سێدار
دڵ پـــەرێشانم،بـیری لەیـل ئــە کـات
دوو چاوی «نادر»،مەیلی سەیل ئە کـات!

# دوور له یار

دائـــــم دڵـــتەنگ و زۆر خـــەفەتبارم
چــوار فــەسڵم خــەزان،له دووری یـارم
ســـاعەتی زەمـــان،بـۆ مـن خـەفتگە
هـــەر ڕۆژەو نـــاوێ،شــەوانــی تـارم
شــەوانــم درێــژ،وەك شــەوی زسـتان
بـــــێخۆ مـــــاتڵی،هـــاتن بــــەهارم
دوور له دڵــدار و،چاو پڕ له فـرمیسک
دائـــم ئــــەناڵم،هــــەر وەك هــەزارم!
بـــۆ خــوەم نــیشتگم،بــە تـاق و تــەنیا
كـــز و مــــەینەتی،بـــێكەس،هــەژارم
ڕۆخســارم زەرد و بــەختی مـن ڕەشــە
مــاتڵ له ســـووچێ،چـــاوەڕێ یــارم
مــن خــوەم ئــەزانــم،لایـق نـیم بـە یـار
ئــەو وەكــوو گــوڵە و،مــن وشكــەدارم
بـــۆ دیــەن یــارم،وێــڵ و ســەرگەردان
غـــــەریب،ئـــاوارە،دوورم له شـــارم
هەر سووچێ ئـەچم،خـەفەت هـەس لێنا
خوەم له دەس خەفەت،چۆن دابشـارم؟!
یــاری ســەند له مــن،چــەرخی زەمـانە
هــــەر له بــێخ كــەنی،ڕیشــە و دەمـارم
گــەردوون بـاعێسی،دووری مـن له یـار
مــن له تــەك گـەردوون،هـەمیشه قـارم

پــــەنجە هــــەڵپێکیاگ،دڵــم عــەزادار
هــەر خــواردن خـەفەت،بـووگەسە کـارم
خـــــەفەت دڵــداری،لە دڵ دەر نــاچێ
کـــــردگیە ژیـــان،بـــە زەهـــــریمارم
لەعــــنەت ئـــەنێرم،تــاوێ نــە تــاوێ
بــــۆ شــانسی «نــادر»،بــۆ بــەختی لارم

# دوور له یه‌ك

له‌و ڕۆژه‌و كه‌ چوویت،من ماگم ته‌نیا
دوور كه‌فتین له‌ یه‌ك،خوه‌شی لێم سه‌نیا
گۆناحم چه‌ بوو؟!،منت به‌ جێ هێشت
دردی هیجرانت،بۆچی به‌ من چێشت؟!
كه‌فت له‌ به‌ر چاوم،بێ تۆ ژیانم
مووی سه‌رم بووگه‌،له‌ ڕه‌نگ دیانم
شیرین تر له‌ گول،زه‌ریف تر له‌ گشت
خه‌فه‌ت هیجرانت،شكاندوویه‌ پشت
من له‌م په‌ڕ دۆنیا،تۆ له‌و په‌ڕ دۆنیا
خوه‌شی له‌ من دوور،من هه‌ر به‌ شۆنیا
گول نازاره‌كه‌م،بێره‌و،به‌هاره‌
دلـه‌ شێته‌كه‌م،بۆت بێقه‌راره‌
من ئاسمان ڕه‌ش،تۆ هه‌ساره‌می
تۆ ژین و ژیان،عۆمر دووباره‌می
مه‌گره‌ له‌ ئاشق،ئه‌ونه‌ فاسله‌
مۆرادم فه‌قه‌ت،ته‌ك تۆ حاسله‌
بۆ دیه‌ن بالات،چاوم ماتله‌
ئاوات و خوه‌شیم،بێ تۆ باتله‌
گول وه‌ك تۆ نیه‌،له‌ سه‌حرا و له‌ ده‌شت
له‌ لای تۆ دۆنیام،ئه‌وێ وه‌ك به‌هه‌شت
ده‌ر ئه‌چێ گیانم،تۆ نه‌یته‌و ئه‌گه‌ر
عه‌زیز «نادر»ی،نازانی مه‌گه‌ر؟!

# دووری

دوور لە باڵای تۆ،تاسەی تۆ کردم
نازانم بێ تۆ،من بۆچ نەمردم !
هەناسەی دووریت،لە دڵ بەرزەو بوو
فرمیسک فیراقت،لە چاو لێژەو بوو
بۆی کەواو هەڵسا،لە سۆزی سینەم
لە دڵ دریاگ و،زۆر پینە پینەم
دوو چاوی ڕەشت،ئاشقئازارە
دێوانەت ڕۆسوای،کووچە و بازارە
غەمی فیراقت،لە دڵ من زۆرە
بێتاقەتی تۆم،حاڵم ناجۆرە
هیوا و ئاوات و،مەبەستی منی
خوەشی ژیان و،سەرمەستی منی
باڵابەرزەکەم،گیانم بە ساقەت
فرە بۆ دووریت،بووگم بێتاقەت
هەرچەن ناپرسی،لە حاڵی زارم
بەڵام تاکە هەم،هەر تۆیی دڵدارم
دۆسی پارەکە و،هەم پێرارەکەم
لە بیرت ناوەم،چۆن کاروا ئەکەم!
هەی لە بەر چاوم،شیرین خوەشجەماڵ
بێ تۆ خەفەتبار،تەنیا هەم لە ماڵ
ئەم ڕۆژگارە،بێتامە بێ تۆ
«نادر»ی تەنیا،ناکامە بێ تۆ

# دووری‌گرد یارم

دووری گرد یارم،دوور وەك هەسارە!
کەفتە دا و بێدا،دڵی بێچارە
چەنێ زوو شکیا،قەوڵی یارەکەم
ئەمەکەی شەرت و،کوێنەی قەرارە
دڵم جنجن و،پەلپەل،لە دەس یار
وەك نامەی دڕیاگ،بووگە سەدپارە
بۆ هەرکوێی ئەچم،خەفەت هەس لێنا
داخۆم بەختەکەم،بۆچ ئەونە لارە ؟!
فەلەك ناچەرخێ،هەرگیز بە کامم
هەمیشە و دائم،لە تەك من قارە
شەو ماتڵ ڕۆژ نیم،تا خوەر بێتە دەر
ڕۆژیچم وەك شەو،هەر دوویان تارە
لە تەك دڵی خوەم،دائیم شەڕ ئەکەم
خۆ لە ڕوو ناچێ،چەنێ بێعارە!!
هەرکە ئەموینێ،ئەیژێ بەویاکە:
«وێڵی کەن عەقلی،داگە ئیجارە!»
ئەڵبەت ڕاس ئەیژن،ئاخر ئاشقم
ئاشق،ناو مەردم،زەبوون و خارە !
ئەیژن:«ئاشقی،جۆرم و گۆناحە
سزای ئاشقە،بەرزی سێدارە!»
ژین،ژەحری‌مارە،تا یار بێتەوە
خوەشی ناوینێ،«نادر» دووبارە

# دۆسی غەمخوار

لەو ساوەو کە ئەو،بووگە بە دۆسم
شادی و خوەشی،چووگە ژێر پۆسم
غەمخوار و دڵسۆز،هەم گشکەس منە
بچم بۆ سەفەر،دڵواپەس منە
دڵ ئەوا تەك خوەی،ڕێگەڕوونەکەی
لە خوامْ داوایە،سەر حاڵ بوونەکەی
ڕێك و پێك و جوان،شیرین تر لە قەن
دڵی لە من سەند،بێ هیچ فەت و فەن!
وەك مرواریدە،ها لە ناو سەدەف
بە تیری برژانگ،ئەپێکێ هەدەف!
حێجاب ئاتە لا،من مانگ ئەوینم
بڕۆی وەك شەمشێر،برژانگ،ئەوینم
شیرین و شەفاس،وەك شاخەی نەوات
وەختێ تێ،خەفەت،لە دڵ لائەوات
دەرکردن خەفەت،بێ ئەو،ناتانم
دەرد لێم دوور ئەوێ،بشێلێ شانم
قەسەم بە جەدد و سەوزە شاڵەکەی
پێم خوەشە تەواف،بە دەور ماڵەکەی
گوڵی بۆ ئەوەم،باقە بە باقە
ئاخر جەماڵی،لە دۆنیا تاقە!
ژیانی «نادر»،ها بە دەس دڵبەر
بێ حۆزوور دڵبەر،ژین ناچێ بە سەر

# دوو کۆتر

دوو کــــۆترم دی،له بـــان مـــاڵه کـەم
بـارانـیش ئـەهات،ورد ورد و کـەم کـەم
کـــــەمێ دانـه بـۆ،ئـەو دووانـه بـردم
جـــا له دووره‌وه،تـــواشــــایان کـردم
نـەبوو کـۆترێ،بـه غـەیر ئـەو دووانـه
دانـــەیان ئــه خـوارد،دانـه بـه دانـه
یـه کـێ له‌وانـه،چـەرمگ و زه‌ریــف
وه‌لێ ئـــەو یـــاکـه،نـابار و نـەحیف
زه‌ریـف بـه نـازه‌و،لایکـی لێ کـرده‌و
بــه نـــازه‌و وتـــی : «بـزانـه،ورده‌و!»
له نـــاو دڵــی ئـەو،ئـاگـری کـرده‌و
دیـــن و ئــــیمانی،له بـیر ئـەو بـرده‌و
ئـەچرخـیا بـه ده‌ور،یاره جوانه کـەی
ده‌نـووکی ئـەدا،بـه سـەر شـانه کـەی
ئــــه گــەڕیا بـه ده‌ور،یـاری شـیرینی
چـەنێ شـیرین بـوو،ئـەو کـاته ژیـنی
بــوونه ره‌فـێق و،دوو دڵسـۆزی خـاس
رفــــاقه‌ت ئــــەوان،بــێ‌قسه و،بــێ‌باس
شــــریخه‌ی هــەورێ،هـات له دووره‌وه
به‌رق هـەڵسا له هـەور،زه‌رد و سووره‌وه
کۆترێک‌تر هات،جوان و خوه‌ش ئه‌ندام
کـــۆتر زه‌ریـــفی،ئـــازا خســته دام!

لە تەك ئەو جوانە،پەڕی،چاوشیرین
دوورەو بوو ئیتر،شادی و كەنین
فڕین لەو بانە،ئەو دووانە جوانە
وەلێ ئەمیاكە،بوو بە دێوانە!
پەژارەی دووری،ئەو بێوەفایە
كردی بە عەزا،گشت ئەو سەفایە
كڵپەی ئاگرێ،نیشتە سەر دڵی
خەفەت ئەو یارە،تاوێ نەیتلی
كۆمەو بوو پشتی،لە ژێر باری غەم
بووگەسە خەفەت،غەزای ئەو،هەر ژەم
لە ناو سینەی ئەو،ئاگر داگرسیا
نیشانی دڵبەر،بێخۆ ئەپرسیا!
دڵ ئەو داماگە،كون كون و،لەت لەت
بە خەنجەر دڵبەر،دڵی بوو خەت،خەت!
كۆتر بەرەڵا،بە شوێن یارەكەی
تا بێ ڕۆشن كا،شەوە تارەكەی!
ڕەش بوو لە بەر چاو،چەرخی زەمانە
قسەی دڵداری،قسەی ئەوانە
هەورەتریشقە و،بروسكە و باران
منی خستە بیر،خوەشیەكەی جاران
ناكەنێ ئاشق،تا نەیتەو یاری
بەسیە «نادر» گیان،باسی دڵداری!

# دەردۆ لێم

هەر حەکایەت غەم ئەکا،شمشاڵەکەم
بۆ ئەسەر ناکا لە دڵ تۆ،ناڵەکەم؟!
چاوخۆمار و،زۆڵفی خاو و،دیدەمەس
بۆ جەماڵت،دین و دۆنیام،دا لە دەس
ئەی عەزیز و نووری هەر دوو چاوەکەم
بێ تۆ دەردی ئەم دڵە،چون چارەکەم؟!
تۆ تەبیبی ڕۆح و قەلب و گیانەکەم
تۆ عەلاجی دەردە بێدەرمانەکەم
تۆ شەفامی،گیان بە قۆربانت،وەرە
بێ لە دڵما،ڕەنجی چەن ساڵەم بەرە
ئەی بە قۆربانی دوو چاوت،چاوەکەم
هەر لە دڵما،ناوی جوانت،قاو ئەکەم
بێخەیاڵی و،پەکۆ،بۆم ناکەفێ
عۆمری من بێ تۆ،لە سەر دەریا،کەفێ!!
ئەمکوژی ئاخر بە نازت،یارەکەم
بۆ ئەکەی،ڕۆسوام و شێت،ناو شارەکەم؟!
دەردی باڵاکەت،لە گیانی من کەفێ
سەد بەڵا ماتڵ منن،هەر ناو سەفێ!
من دڕک،تو وەک گوڵی،وا ها لە باخ
دەردی «نادر» کەی عەلاجی تێ بە ئاخ؟!

# دەردەدارم

بـــێ دەرمـــانم بکـــە،مـن دەردەدارم
شـــەفاکـــەی مـن،بـە دەسـتی تـۆیە یـارم
لە دووری چـاوی مـەستی تۆ،خـۆمارم
بـــۆ نـاپرسێ لە ڕەنـــجێ بــێشۆمارم؟!
نـــەوی،بــۆچیمە بێ تـۆ،ئـەم دوو چاوە
دوو چاوم حەز ئـەکـا،بـەو زۆڵـفە خـاوە
خــۆ تـاوێ نـاکــەفێ،ناوت لە زوانـم
ئـــیدامـــەی ژیـنم بـێ تۆ،کـەی تـوانـم؟!
لە بانی قـەلبی مـن،حـەک بـووگە نـاوت
بێ تا پێشکەش بکـەم،گـیانم بـە چـاوت
لە بـیری تــۆم،بە قـۆرعان،مـن هـەمیشە
بـــێ وەک جـــاران،لە پـالْم دابـنیشە
بـــەهاری مـــــن،گـــەڵارێزانـــە بـێ تــۆ
بــۆ ئـەو دۆنـــیا،ســـەفەر،ئـاسانە بـێ تـۆ
تۆ جوانی،وەک گوڵ و،من بەرگ خەزانم
پـەژارە و مـەینەتی خـوەم،خـوەم ئـەزانـم
لە دووریت،ڕەنجێ عشقم زۆر چـەشیگە
ئـــــەوینی تـــۆ،لە دڵــــما،دڵـخوەشیکە
تـــــەماری هــاتنی تــۆم،تـاکــە ئـەمرم
دووبـــارە بــێ عـــەزیزم،بـاکــە نـــەمرم
دڵـــی «نـادر» مـــەکـــە تـــۆ،ئــەونە ئازار
منیش خـوایکـم هـەیە،ئـەی یـاری نـازار

# دەلیلی ژینم

دووره لێـــم،بـاڵات،دڵ ئـه کـا هـاوار
هـەر وەک ئـەو کـەسە،ها لە ژێـر ئـاوار
بـۆ مـان و ژیـان،هـەر تـۆیی دەلیـلم
مــــن ئـاشق بـه تـۆم،بـۆ تـۆ زەلیـلم
بـێ تـۆ چـه سـەختە،کێشانن نـەفەس!
مـن وەک قـەناریم،وا هـاو نـاو قـەفەس
بـه ڕێگـا ئـەچێ،وەک کـەو خـەرامـان
نــەمخەیتە ژێــر پـا،ئـامان،سـە ئـامان
ئاو تێ لە چاو و،خـوێن تـێ لە جـەرگم
بــه دەســتی تـۆیە،ژیـان و مـەرگم
دڵ لە دووری تـــــۆ،مــــۆسیبەتبارە
مەگەر ئـەم دەردە،خـوەت بکـەی چـارە
دەردێکـم هـەس مـن،دەردێ زۆر زەلام
لە دڵ،دەر ئـــەچێ،گـــەر تـۆ بـیتە لام
خـــەفەت هـیجرانت،بـۆ کـردۆ بـەشم
کەی ڕۆشن ئەکەی،تۆ ڕۆژی ڕەشم؟!
ژیـانم تـاریک،هـەر وەکـوو غـارێ!
تـــەرکی مـــن مـەکـە،بـمێنە جـارێ
غـەم کـەسێ وەکـوو،غـەمی مـن نـیه
عـــاشقتر لە مـــن،لە عـــاڵەم کـــیه؟!
«نـــادر»ی هـــەژار،دڵـــبەستی تـــۆیە
ڕەگـــی حـــەیاتی،بـه دەسـتی تـۆیە

## دەورەی منداڵی

یـــادی بـــە خـــەیر بــێ،دەورەی مــنالی
دەورەی رووداری،هـــــاری،گـــەڕاڵـــــی!
دەموچـــاو شـــۆریاگ،رۆشـــن وەک چـــرا
روو بـــە مـــــەدرەسە،تـــەک دۆس و بـــرا
ڕووپۆش بۆ کەنیشک،کۆت بۆ کـور،ئیجبار
جـــل کەسیف نـەمدی،سـەر کـلاس،هیچ‌بار
شـــیر مـــفتە ئـــەهات،سـفحانەیک ســـادە
نـــازم،تـــــوولبەدەس،بـــۆ نـــەزم،ئـــامادە!
ئـــــــاغەی مـــــۆدیر و،خــــانم‌ئاموزگار
یـــــــادگارنووسین،بـــان دار و دیـــــوار!
مـــیداد،مـــیدادتـــراش،مـــاژیک و خـــۆدکار
گـــــوونیا،نـــەقالە،خـــەت‌کێش و پـــەرگار!
زنگ هـــۆنەرمان بـــوو،قـــەلم‌خەت،دەوات
خـــراوی‌خـەتیش،ئاوڕووی کـەس ئـەوات!
تـــارێخ،جـــۆغرافـــی،دەرس «عِـــلمُ‌الاشـــیا»
کـــۆتەک حـــازر بـــوو،جـــەوهەر ئـــەڕژیا!
ریـــــازی،ئـــــەسڵ و،بـــــاقی فـــــەرعیات
چـــــەنێ قـــینم بـــوو،لە دەرس شـــەرعیات!
دەرس‌نـــەخوێن،تـــەمەڵ،ئـــەبوو بـە سـەربار
هـــەرکە پـــووڵی نـــەو،ئـەچوو بـۆ سـەر کـار!
نـــــان و پـــەنێر دایک،لە کـــیف مـــەدرەسە
ســـەرمەشق مـــۆعەللم،تـــەکلیف مـــەدرەسە

زەنگ تــەفرێح لە نــاو،حـەوشی مـەدرەسە
تـــا ئــەو بــە ڕۆبــعێ،ئـەیانوت:«بــەسە»!
کـــارتی تـــەشوێق و،هــــەزار ئـافەرین
لە خۆشی،لە حەوش،تەك یەك،هەڵپەڕین!
ماچدایك حازر بوو،هەر بۆ نۆمرەی بیس!
جـــایزەی بـاوكیش،دانــەی خــودنویس!
تەنبیە نـۆمرەی‌سفر،خـودكار بـەین‌ئەنگوس!
هەر كەس ئەگیریا،ئـەیانوت:«چـە لووس»!!
لە ســەر ئـیمتەحان،مـۆراقب سـەرسەخت!
ســزای تــەقەللۆب،شـەلاخ،لە بـان تـەخت!
بــە تــۆپ پـلاستیک،زەنگ‌وەرزش،تـۆپان
بـــەینابەینێ تــۆپ،ئـەكــەفتە ســەر بــان!
زەنگ‌تــەفرێح،لە حــەوش،ســەروسا،هــەرا
دوای زەنگ‌تـــەحتێلی،بــەرەو مــاڵ،هــەڕا
دووچـــەرخـــەسواری،لە نــاو كــووچەكـان
هـات و چـوون مـانگا،داوای قـووچەكـان!
لە مــــانگ‌ڕەمەزان،پــــاشێومان ئـــەكـرد
جـا بـۆ سـفحانەیش،تـیكەیكمان ئـەبرد!!
بــــەداخــــەو نــــایتەو،دەورەی مـــناڵی
ئــــیمرۆ دەرگـــیرین،لە تــەك،ژیــن‌تاڵی
نــە بــاوك و نــە دایك،نـە ئەو دەورە مـا
نـــە ئـــێحترامـــێ،بـۆ كـەس‌گەورە مــا!
دەورەی مــناڵی،چـە زوو بـە ســەر هـات
لە چـــاوی «نــادر»،فـرمیسكێ دەرهــات

# دیارت نیه

بــێژه پــێم نــازار،بــۆچ دیــارت نــیه؟!
خـــەوەر لە ئـــاشق،هـــەژارت نـــیه؟!
قـــەسەم بـــە چـــاوت،وا ئـەونە کـاڵە
لە بـــیربردن تـــۆ،بـــۆ مـــن مـەحاڵە
زریـــــــفتر لە گشت،دەم بـــووچکەلانە
بـێ تـۆ وەک سـەیرەم،ئـەسیر لە لانـە
نـــەما لە دڵـــما،بـە غـەیر تـۆ ئـاوات
هــەر ڕۆژ و هـەر شـەو،دڵ ئـەکـا داوات
فـــەڵەک تـەک مـنا،بـێ تـۆ نـاسازە
بـــێ بـا نـەمکوژێ،ئـەم گشـتە نـازە!
ئـــاگـــر دووری تـــۆ،نـاکـوژگێتەوە
خـوەشیەکـان جـاران،مـەگـەر بێتەوە
کـاش هــەرگیز،عــەزیز،نەبوای بە یـارم
نـــەبوایـــتە خـــەفەت،بـۆ دڵ هــەژارم
گـلەیی هـەر نـاکـەم،لە تۆکـە چووگی
ئـــاخر زەمـــانێ،عــەزیز مـن بـووگی
مـەنعی تـۆ نـاکـەم،تـەقدیر وایـەکـرد
تـۆی لە مـن جـیا،ژیـنمی زایـەکـرد
ڕۆژێ تــــــی،وەلێ،عـــەزیز نـــازارم
نـــاوینی بـــە غـــەیر،زیـارت،ئـاسارم
چەرخ‌فەڵەک بێ تو،خوەش بۆم ناچەرخێ
فەڵەک وەک گۆرگە و،«نادر» وەک بەرخێ

# دیەن یار

بە تـاسەی ڕوومـەتت،بـەر،مـاڵت هـاتم
وتم : «ئەی نووری چاو،من خاکی پاتم»
وتـــم : «شــێتم،دەخــیلتم،بـمدە ڕێگـە»
وتــۆ:«بــۆ شــێتەکــان،نــیمانە جــێگە»!
وتۆ : «تەرکەم بکە».!جا چۆن دڵم تـێ؟!
بە غەیر تۆ،کێ عەزیزە؟چاوەکەم؟کێ؟!
لە هـەر کـوێی تـۆ بـووی،ئـێنە بـەهەشتە
شیرین وەک تۆ نیە،خۆزگەم بەو بـەشتە
گوڵێ تر،وەک تۆکەی هەس،جالە دۆنیا؟
بــمە ئــاوارە یـا،شـێت بـم،بە شـوێنیا؟!
قەسەم بـەو جـێگە مـن،تـۆم دی لە ئـێنا
بــە مــن نــەیژی گــوڵم :«وازم لێبــێنا»
بــە گــەردش ئــاسمان و،هــەورەکـانی
لە دەس چاوت،دو چـاوم،بـووگە کـانی
بــە مـانگ و مـانگەشەو،وا شـەو دیـارە
بــە تــێخ بــرژانگــی تـۆ،دڵ پـڕ شـیارە
بە دێـوانـەت بکـە ڕەحـمێ،بە قـۆربان
بۆ خـاتر ئـێحترام،سـیی جـزمی قـۆرعان
شەهیدی چاوگەلی تـۆم،چـاوۆ لێـم بـێ
ئەگـەر مـردم،دلـم،بـۆت دا ئـەنم،جـێ
دڵــی «نــادر»،بــە چـاوی تــۆ گــرفتار
مەکە تەک ئـاشقت،ئـەم جـۆرە ڕەفـتار

# ڕۆخساری ئاشق

مـــــــۆسیبەتبارم،لە دووری یـــــــارم
گـــــریان و شـــیوەن،بـــــووگەسە کـــارم
بـــــازاری گـــــەرمە،غـــــەمزە ئـــەفرۆشێ
ڕۆخساری وەک مانگ،لە دوور ئەدرۆشێ
وەخــتی نــاساقی،ئــەو بــوو،بــۆم شــەفا
دوور لە چـــاوی ئـــــەو،ژیــنم بــێسەفا
دوورەو بــوو لە مــن،زیــنەت مــاڵەکـەم
بـــە قســـمەت کـــافر،نـــەوێ حـــاڵەکـــەم!
زەریــــف و نـــازار،حـــووری بـــەهەشتە!
بێ ئەو،وەک مەجنوون،من ڕووم لە دەشتە!
ڕۆخســاری ئـاشق،هــەر لە دوور دیـارە
پـــــڕ چـــــین و چـــرووک،پـــڕ لە شـــیارە
ئـــــەی دل،وێـــڵم کـــە،لێـم بـێرانـە واز
لە تـــــۆ دوور بـــــووگە،یـــاری زۆر بـــەناز
دەورەی نـــــەماگـــــە،عشــق لەم زەمـــانە
خـــــەفەت دڵـــداری،تـــەقسیر خـــوەمانە!
بـــەمدەن شـــەراوێ،غـــەم لە بـــیرم چـــێ
هـــەرچـــەن،کـــە شـــەراو،نـــاگـرێ یـــارم جـــێ
ئـــەزانـــم خـــەفەت،ئـــەمکوژێ،کـــەم کـــەم
بـــەشکە زوو بـــمرم،نـــەجات بـــم لە غـــەم
«نـــادر» لە لۆتـــف یـــار،ئـــەگـــەر بێبەشە
خەتای دڵبەر چەس؟!بەختی خوەی ڕەشـە

# ڕۆژ ئاشنائی

ڕۆژ ئــــاشنایی،ڕۆژێ خـــوەشی بـــوو
ئەو ڕۆژە خوەشە،زوو هات و زوو چوو!
تـــا دیــم دیــمەنت،گــڕ کــەفتە گــیانم
زوانـــم،لە هــەوڵی،کــەفتە بــەر دیــانم!
وەک نەخوەش ئازا،ڕەنگی من زەرد بوو
ئازای ئەنامم،هەر وەک یەخ،سەرد بـوو!
هــەم دەســم،هــەم پام،زوو کــەفتە لەرزە
مــەنعی مــن مــەکــە،بــاڵات زۆر بــەرزە
لە کـــار کــەفت ئــانی،نــۆتق و بــەیانم
بـــۆ لای تـــۆ لەشــم،بــە زۆر گــەیانم
تەپەتەپ قـەلبم،ئـاوڕووی،بـۆم نـەهێشت
چاوی خـۆمارت،ژانـی بـە مـن چێشت
چـــاوی مـــەسی تـــۆ،زۆر دڵـــرفێنە
تــواشــای ســینەم کــرد،نــەماو لە ئــێنە!
دڵـــم دا بـــە تـــۆ،وتـم : «ئـــەمانەت
قـــەوڵم پـێ بـدە،بـە جـێ زەمـانەت
ئـــامانەت تـــۆ و،دڵـــە شـــێتە کــەم
بـدەی ئـازاری،مـواخـێزەت ئـەکـەم
بۆ هەر کـوێی ئەچی،تـەک خـوەتا بـیوە
ئـــاشقی تـــۆیە،وەک تـۆی نـەدیوە»
هـــەڵبەستی «نـــادر» پـێشکەشی تـۆیە
کێ ڕۆخساری وەک،مەهوەشی تۆیە؟!

# ڕۆژ ڕەش

بـێرەو یـارەکـەم،هـەر وەك پارەکـە
بـــرین بـــۆ ئـاویەر،ژێـر چـنارەکــە
لە بـیرتە ڕۆژێ،چـووینە سـەرکـانی؟
دارە سـێفێ بـوو،فـرز چـوویتە بانی؟!
وتـــم : «ئـــەی بـەڵا،مـن مـۆبتەڵاتم»
وتـــــۆ:«تـــەبیبتم،بـــۆیە لە لاتـــم»
وتـم : «تـۆ گـوڵی،گـوڵ ناو باخەکان
شکـوفەی شـیرین،لە سـەر شاخەکان»
بـــزەی کــــەنینێ،نـیشتە سـەر لێـوت
لە تـــرس جـــیایی،بـــوومە پـەشێوت
دوو چـاوخۆمارت،مـنی کـردە مـەس
دڵ و دۆنیا و دین،هەر سێ،دام لە دەس
بـە سـەر هـات ئیتر،ئەو ڕۆژە خـوەشە
دوورەو بـــووی،ڕۆژم،لەو ڕۆژەو ڕەشــە
نـــاوت هـــەمیشە،هـا لە سـەر زوانـم
لە بـیر تـۆم دائـم،یـاری زۆر جـوانـم
بـــە غـەیر نـاوی تـۆ،نـاوێ نـازانـم
ئـــیدامـــەی ژیـــان،بـــێ تـۆ نـاتانم
بـــــێ دەرمـــان بکـــە،کـــۆنەبرینم
لە نـــاو شـــێتەکـان،مـن شـێتترینم
ڕۆژی مـــن ڕەشــــە،شـــەوم درێـــژە
بـۆچە چـووی لە لام؟!بـە «نـادر» بـێژە!

# ڕۆسوائی

دڵـم غـەیر بـە تـۆ،بەکەس نـەداگـە
جـێگەی پات لە بـان،دڵـی مـن مـاگـە!
بـۆ تـۆ ڕۆسـوا بـووم،عـەزیز یـارەکـەم
سۆک بووم لە بەر چاو،مەردم شارەکـەم
قـــــەوم و ئـــاشنا،لە مـــن بـــێزارن
کــاریان تـەحقیر مـن،چـەنێ بـێ کـارن!
ئـاوڕوو،ئـیعتبار،گشـتی لە دەس چـوو
ئـــەرزشم نـــەما،بـــەقەو تـەڵێ مـوو!
لە تـەکیە و مـزگت،ڕێگـەی مـن نـادەن
ئـــەیژن ئـــاشقان،دڵـــبەستی بـــادەن!
دوور ئەگرن لە من،هەر وەک جۆزامـی
نـــازانـــن کـــە تـۆ،شـەفا بـۆ زامـی
لیـــباس ڕۆســـوائـی،کـریا بـە بـەرما
حـەڕگ دڵـداری،چـووگه بـە سـەرما!
حـەزینم،چـۆنکە،زوو چووم لە بیرت!
وەلێ هـەر تـا هـەم،مـن هـامە بیرت
نـــاڕەنجم لە تـــۆ،ئـــەی دڵـبەرعەزیز
خـەفەت فـیراقت،تـاڵە و هـەم لەزیـز!
تـۆ تـەقسیرت نـەو،تـەقدیر خـجاڵەت
وا ژیـنمی تـاڵ کـرد،بە تـاڵی ئـاڵەت!!
عـــەزیزی «نـادر»،دامـەن پـڕ لە چـین
ئـەورۆژە ئـەمرم،بۆ مـن نـەکەی شـین

# ڕووسەری ئاوی

پـێم بـێژە تـۆ خـوا،ڕووسـەری ئـاوی
لە بـەر چـی نـازار،تـۆ بـۆ مـن نـاوی؟!
لەو ڕۆژەو چـووگی،تـەك دۆنـیا قـارم
تـۆ دۆنیاێ مـن بـویت،ئـەی گـوڵعۆزارم
تـــۆ خـــاوەن فکـر و خـەیاڵی مـنی
کـــۆترم،کـــۆتر،تـــۆ بـــاڵی مـــنی
نـــاو قـــەفەس سـینەم،دڵ زیـندانـیە
دۆنـــیای ئـــەویندار،ســـەرگەردانـــیە
لە دووری تـــــــۆیە،زار و بـــــیمارم
تـــا ڕۆژی مـــەرگم،مـــاتڵ تـــیمارم
بـــۆ ســـەرم لێـنایت ؟!حـاڵم نـاپرسی؟!
لە کـوشتن ئـاشق،مـەگـەر نـاترسی؟!
خـــەوەر نـاپرسی،هـیچ لە دڵتـەنگم!
بـــێخۆیە هـــاوار،نـــاژنەوی دەنگـم!
ئـــەگـــەر بـێژیت و،نـەیژیت،دیـارە
کـــۆشتنی ئـــاشق،بـــۆ تـــۆ ویـارە!
هـەر وەخت نـازەنین،یـادی تـۆ ئـەکـەم
لە خوای خوەم،تکای،شادی تـۆ ئـەکـەم
ڕۆژێ دووبـــــــارە،ئـــەتبینێ چـــاوم
جا ڕەحمێ ئـەکـەی،بـە چـاو پـڕ ئـاووم
دوور لە تـــۆ «نـادر»،نـەیدیگە شـادی
زیـــندانـــە ژیـنی،حـەبس ئـینفرادی!

# ڕۆڵەکانم

«هـیوا»ی خـۆشەویس،نـەوبەرانـەکـەم
دووره لە من ئـەو،چۆن هـەرا نـەکـەم؟!
هـــیوا و ئـــاوات و دڵـــخوەشی مـنە
لەگـەنجی دۆنـیا،هـەر ئـەو بـەش منە
پـــەپوولەی «پـویا»م،بـە دەوری وێـڵم
وەخـــتە دووره لێـم،مـن کـانی لێـڵم
بـــەهانەی ژیـــان،مـایەی سـەربەرزیم
عـەقرەبەی ژیـنم،بـەو ئـەکـەم تـەنزیم!
«پـــوریا»،بـەڕێزه،وەک پـوریای وەلی
هەر تاسەی ئـەکـەم،بە حـەزرەت عـەلی
لە تـاسەی،وەخـتێ،ئـاو تـێ لە چـاوم
بـــا کـــەس نـەزانـێ،چـاوم ئـەساوم
هـەر سـێ،دڵـخوەشی،سـەمەر ژیـانم
قـەزای هـەر سـیانیان،کـەفێ لەگـیانم
هـەر سـێ هـۆنەرمەند،فـەهیم و ژیـرن
بـــە ســـن جـوان و،لە عـەقلا پـیرن
دڵســـۆزن بـۆ یـەک،یـار و شـەفێقن
دوژمـەن شـەیتان و،تـەک خـوا ڕەفـێقن
لە ڕۆژ ڕۆشـــن و،تـــاریکی شـــەوان
داواکـەم لە خـوام،سـەربەرزی ئـەوان
کەم‌کەم گەیگە وەخت،جیا بوونم لە وان
بـــە خـوا‌وەن «نـادر»،ئـەسپێرم ئـەوان

# ڕەشەخاڵ

گـــرۆ تـــێم بـــەردا،بـــەو چـــاوە کـــاڵە
ڕەشـــــۆ کـــــرد ژیـــنم،بـــەو ڕەشـــەخاڵە
لێـوە خـۆنچەکـەت،وەک گـوڵ،شکـۆفا
ڕەنگ و ڕووم پـــەڕی،مـــردم لە خـــۆفا
مـــن بـــووم و دڵـــێ،ئـــەویچ دام بـــە تـۆ
گـــیانیچم بـێژی،هـــەر وا ئـــام بـــە تـــۆ
دەردێکـــم هـــەس مـــن،دەرمـــانی نـــیە
وەک مـــــــاشینێکم،فـــــەرمانی نـــــیە!
لە ســـەر کـــووچەتان،چـــاو بـــە ڕێگـــەتم
بـــــە ئـــــاوات دیـــەن،مـــاڵ و جـــێگەتم
بـــــاڵای تـــەرچکت،هـــەر وەک نـــەهاڵە
دوور لە بـــاڵاکـــەت،ژیـــن بـــۆم مـەحاڵە
دەســـــم لە دەس تـــــۆ،ئـــیتر بـــڕیاگـــە
وەک نـــــامەی ئـــاشق،دڵـــم دڕیـــاگـــە!
خـەفەت دووری تـۆ،لە مـن دوور نـاوێ
بەختی من ڕەشە و،هـەرگیز سـوور نـاوێ
مـــن شـــەوی یـــەڵدام،تـو ڕۆژی نـەورۆز
تو نەسیم بەهار،مـن وەک تـەپ و تـۆز!
تـــۆ نـــیمەی مـــنی،نـــیمەی لێـــمبڕیاگ
بە دەستی تـەقدیر،لە مـن جیا کـریاگ!
«نـــادر»ی ڕۆســـوام،لە شـــار دەرکـریاگ
زەخـــمی،بـــریندار،مـــامر ســـەربڕیاگ!

# ڕەفێق نیمەڕێ

مــنت بــە جــێ هـێشت،ڕەفـێق نـیمەڕێ
فـرمیسك لە چاوم،بـزا وەك چـە تـێ!!
بە قەوڵ سنەیگەل،ئەی دۆسی چاوەمەس
«رفـاقەتی تـۆ،تـا دەور حـەوزەكـەس»!
دڵـم پـڕ لە داخ،خـوێن تـێ لە جـەرگم
مەگەر من چەم كرد،ڕازیت بە مـەرگم؟!
عـــەجەب پـەنێكۆ،دا بــە مــن نــازار؟!
ڕۆســوا بـووم بـۆ تـۆ،لەكـووچە و بـازار
بــە یــاد ئــەو ڕۆژە،وا چـوینە نـاو بـاخ
تـاوێ نـە تـاوێ،هــەر ئـەكێشم ئاخ
كەسێ كوا وەك تۆ،جامم بۆ پڕ كـات؟!
قژ ساف و شیرین،لە بەر مـن،فـڕ كـات؟!
خــەفەت لە دڵــما،یەكبارە دەركـات؟!
شــێعرم بــخوێنی،گشــتی لە بـەر كـات؟!
شــادی لێــم دوورە،چۆن لە تـۆ دوورم
هەر خەفەت ئەخوەم،بێ تـۆ مـەجبوورم
ئــەگــەر ئــەتزانــی،تــۆ بــۆ مـن نـاوی
چاوت بـۆ چـەرخـان،واكـەفتمە داوی؟!
هــەر ڕۆژ و هــەر شـەو،بێ‌تاقەتم بـۆت
تۆ بـێ‌خەیاڵی،ئـەی خـۆزگەم بـە خـۆت!
بــەر بــوو لەگــیانم،بــێ تــۆ ئــاگــرێ
دڵ «نـــادر»،بـــێ تــۆ،ئــارام نــاگــرێ

# ڕەمز عۆبوور

خـــەیاڵم یـــارە و،یـــارم بـــێ‌خەیاڵ
ئـــیتر وەک جـاران،نـاپرسێ ئـەحواڵ
لەو ڕۆژەو چـــووگە،حـــاڵم خـــراوە
ڕەفـــێقم سگـــار،پـــیاڵەی شـــەراوە
مـن خـاوەن غـەم و،هـەناسەی سـەردم
ئـاشق دوو چـاوی،یـاری دڵـبەردم
خـــــەوەر نـــاپرسێ،لە حـــاڵی زارم
لە دووری ئـــــەوە،وا لێـــــوبەبارم
وەک گـۆچان لە غـەم،چـەماوە پشـتم
خـــەفەت دلـداری،ئـەو نـیایە مشـتم
دو چـاوم گـریان،بـۆ چـاوی مـەسی
دڵـــی دێـــوانـــەم،بـازیچەی دەسـی
بـــۆی بـۆسۆ لە نـاو،دڵـم هـاتە دەر
بێ نـاجی گۆزەشت،ئـاو دەریـا لە سـەر!
نـــەحسە تـاڵعم،وەک هشت و پـەنجم!
کـەم نـاوێ بـێ ئـەو،لە دەرد و ڕەنجم
دەردم هـــەس وەلێ،دەرمـــانم نـــیە
دانـــەم کـــاشت وەلێ،خـەرمانم نـیە!
هەر یـار یـار،ئـەکـەم،تـا ئـەمدەن لە دار!
دەس بەر ئام لە ژین،دەس بەر نام لە یار
ناوی لە سەر زوان،خوەی لە مـن دوورە
بـۆ ژیـنی «نـادر»،ڕەمـزی عـۆبوورە!

# ڕەنجی دڵداری

ڕەنــجی دڵــداریــم،زیــاتر لە مــەجنوون
کەی مەجنوون بووگە،وەکوو من زەبوون؟!
لەو ڕۆژەوکــــە وا،پــێت مــۆبتەڵا بــووم
وەک مەجنوون دووچار،ڕەنج وبەڵا بـووم
ڕۆژێ،زەریــــــــفی،چــــاوت،نــــەوینم
دۆنــــــیا لە دووریت،کــــاول ئــــەوینم
بــــێ تــــۆ ژیــانم،خــاڵی بــوو لە نــوور
داخــم لە عشقت،دەروون وەک تـەنوور
بـــە ئــاوات دیــەن،ڕۆخســار و ڕووتــم
بــــێ بـــا بــــوینی،بــێ تــۆ ئــەسووتم
ئەسووزم وەک شـەم،ئـەسازم تـەک غـەم
نــاوم پــاک ئــەوێ،لەم ژیــنە کـەم،کـەم
خــۆزگا بــەودیای،بــێ تــو چــە تــەنیام!
تــا دوور بــووی لە مـن،لە ڕیشـە کـەنیام!
ژیــن بــێ تــۆ ســەختە،ئــارامــی گــیانم
لە بـــەر چــاوم کــەفت،ژیــن و ژیــانم
ژیـان کـەی خـوەشە،بێ دیـەن چاوت؟!
هەر لە نـاو دڵ خـوەم،قـاو ئـەکـەم نـاوت
بــێ تــۆ ئــەر بـمرم،بـە تـوون و تـەوەس
دڵـی مـن نـاکـات،بـە غـەیر تۆ هـەوەس
ســـادە پــێت بــێژم،بــە زوان خــوەمانی
پشت «نــادر»،لە غــەم،عشـق تـۆ چـەمانی

# زۆر پەشێوم

لە دووری شــێوەت،مــن زۆر پــەشێوم
نــــاوی شــــیرینت،هـــا لە ســەر لێــوم
بــە نــاز و غــەمزەی،چــاوت،دووچــارم
لە چــاو تــۆ نــووسین،بــووگەسە کــارم
ڕوونــاکــی شــەو و،سۆمای چــاوەکــەم
ڕۆژێ ســەد کــەرەت،ناوت قــاو ئــەکــەم
تــــاوێ لانــــاچی،لە بــــەر دوو چــاوم
لە ســــەر پــــەیمانم،هـــەر وا وێســاوم
پێشکەشی تــۆکــەم،هــەر دوو چــاوەکــەم
هــەر تــۆ هــەی لە نــاو،دڵ ســووتاوەکــەم
نــــازانــی ژیــان،بــێ تــۆ چــە ســەختە
ئــەمەکــەی ژیــان،ئــەمەکــەی بــەختە؟!
وەك بــاران،فــرمیسك،تــێتە خــوارەوە
لە جــــــەوری تــــــۆ و،ڕۆژگــــارەوە
بــــۆ ئــەگــرێ لە مــن،ئــەونە فــاسڵە؟!
نــــەزر و نــــیازم،بــــۆ بــــێ حــاسڵە؟!
بــێژە ژیــانم بــێ تــۆ،چــۆن ســەرکەم؟
ئــەم گشــتە غــەمە،لە دڵ چــۆن دەرکــەم؟
کوا چارە؟!،مەگەر،خاکم بــە ســەرکــەم
بچم بۆ غۆربەت،خوەم دەر بــە دەرکــەم
«نادر»،بۆ خەفەت،ئەونە ئای بە خــوەت؟!
پیر بووی لە عشق ئەو،کوا هێز و قوەت؟!

# زەردەبەرگ

تــۆ گــولْگولاْوی،مــن زەردەبـەرگم
چـەم کـردگه نـازار،ڕازیت بـه مـەرگم؟!
بووگمه ڕۆسوای تۆ،بـووگمه پـەن عـالْەم
تــۆ بـۆ گـوێچکه نـای،بـه ئـاه و نـالْەم؟!
به حەق و نـاحەق،هـەر تـاسەت ئـەکـەم
تۆ مەبەست منی،چۆن تـاسەت نـەکـەم؟!
گـلێنەی چـاوم،پــڕ لە بـیری تــۆ
بــێ لێـم بـپرسە،بـۆ ئـەگـیری تـو؟!
بــه ئـاواتـم مـن،هـەر تـۆم بێت و بـەس
تۆ بی بـه یـارم،جـاکـەسم بۆ چـەس؟!
ڕەشـی کـرد ڕۆژم،ڕەشـی چـاوانت
وتـۆ:«دەسـم خـوەش،ئـەمەس تـاوانت»!
تــۆ دووری لە مــن،مـەرگ نـزیکه پێم
تــۆ خـوا پێم بێژە،بۆ هـێشتگته جێم؟!
ئـەونه گـولْشیرین،دیگـمه لێت ئـازار!
حەز نـاکـەم بۆکـەم،هیچ گـولْێ نـازار!
دەشت و کـەژ و کـێف،بێ تۆکـەویرە
نــاچی لە بــیرم،هــەر تــۆم لە بـیرە
ئــەزانــم ڕۆژێ،بــۆ لام تــیتەوە
ئـیتر نــاکــەنم،تــا تــۆ بـیتەوە
«نـادر» لە دووریت،پـەرێش و پـەکـەر
ژیان وێلْ ئەکـات،وێـلْی کـەیت ئـەگـەر

# سنەی سەربەرز

ئەی سنەی سەربەرز و شیرین،شارەکەم
مـن بـە خـاکـی تـۆ بـرینم چارەکـەم
خـاکـی پـاکت سۆرمەیە بۆ چاوی مـن
ئـەی بـەسەزوان شـارە زۆر نـازارەکـەم
تۆ بە لایک و ئەم هـەموو شـارە بـەلایک
تـۆ هـەلۆرک ژیـنمی،گـەهوارەکـەم
ناوی جوانت قاو ئەکەم،من هـەر لە دوور
بـژنەوی شـایەد سـنە،هـاوارەکـەم
تۆ بـەلامەو زۆر عـەزیزی،وەک دووچـاو
هەر لە دوورەو،سڵام لە تۆ سـەد بـارەکـەم
شـاخ و داخ و بـاخ و بـێسانت،سـنە
بۆم بـەهەشتە و جـەننەت و گـوڵزارەکـەم
تـۆ بـەهەشتی،شـاری شـیرینی سـنە
تـۆ بـمێنە،مـن دڵـم بـۆت پـارەکـەم
ئاوی بان کانی شەفات،هـەر وشک نـەوێ
چـۆن شـەفایە بـۆ دڵـە بـێچارەکـەم
من لە غۆربەت،زۆر پـەرێشم دوور لە تـۆ
هـەر ئـەکـا تـاسەت،دڵـە ئـاوارەکـەم
نـاوی تـۆ تـەسکینە بـۆ زامـی دڵـم
بـۆت پـەرێشانە،دڵـە غـەمبارەکـەم
مـن لە تـاسەت،هـەر ئـەوینم تـۆ لە خـەو
هـەم بـە ڕۆژ و هـەم شـەوانـی تـارەکـەم

مـن له دڵ،تـاسەت بـەدەر نـاکـەم سنە
چۆن ئەویٚ ئاخر عـەزیز،ئـەم کـارە کـەم؟!
چـاوە کـەم ڕۆشـن بـە دیـداری تـۆە
شـاری شیرین،ئـەی گـوڵە بـیٚخارە کـەم
مـن ئـە گـەر مـاگـم نـەمردم،دوور لە تـۆ
تـۆ مـە کـە لۆمـەی دڵـە بـیٚعارە کـەم
شەرتە غەیر بۆ تۆ،بۆ کەس،سەر خەم نە کەم
ئـەتپەرەستم،شـارە کـەم،سـالارە کـەم
هـەر کـە بیکا،خـەومەتی تۆ،ئـەی سنە
ئـەو ئـەویٚتە،رەهـبەر و سـەردارە کـەم
بـەرقەرار بـیٚ،تـا هـەمیشە،پـەرچـەمت
شـاری شـیرینی مـن و دڵـدارە کـەم
تـیٚمەوە ڕۆژیٚ بـۆ لای تـۆ،ئـەی سـنە
تـا شـیرین بـیٚ،ژیـنی زۆر نـابارە کـەم
ڕۆژی کۆچم،شارە کەم،هەر وەخت بگەی
ئـەودەمە دەس خـالقە ڕەحـمارە کـەم
مشـتیٚ خـاکـی تـۆ ئـەوەم،ئـەو ڕۆژە وا
لەم ژیـانە پـاك ئـەویٚ،ئـاسارە کـەم
هـەر بـژی،چۆن خـۆشەویسی «نـادر»ی
مـن فـیدای تـۆ کـا،سـنە،دادارە کـەم

# سنەی شیرین

لە تـــۆ دوورم وەلێ،دائـــم لە لاتـــم
بـــەهەشتی تـۆ،بـەهەشتی تـۆ،ولاٚتـم
زەریـــفە،زەرد و سـورە بـاخەکـانت
ئـەنازم زۆر بـە کـێف و شـاخەکـانت
چە خوەش‌مەنزەر،چە بەرزە،کێفەکانت!
چە شیرین و چـە سـوورە،سێفەکـانت!
چـــەم و کـانی،هــەسێلت،پـڕ لە ئـاوە
لە دووریت،حـــاڵی زاری مـــن خـراوە
ســـەد و قشـــلاخ و دێـهاتی گـڕێزە
وەکوو ئـاویەر،لە لای مـن زۆر بـەڕێزە
لە نـاو ئـیران و نـاو ئـەم‌گشتە شارە
فـەقەت شـیرینی شـاری مـن دیـارە
بـەڵا هـەرگیز نـەوینی،شـارەکـەی مـن
لە تـۆ دوورە،دڵـە بـێچارەکـەی مـن
خوەشە بان ئاویەرت،چۆن جێ قـەرارە
لە غـــۆربەت دا،دڵـم بـۆت بـێقەرارە
هـەمیشە هــەی لە نـاو فکـر و خـەیاڵم
لە دووری تـۆ ئـەشێ تـاکـەی بنـاڵم؟!
ولاٚت و شـاری جـوانـم،زۆر عـەزیزە
نـــدای «حُبّ‌الوَطَــن» بـووگە فـەریزە
دڵـــم بـێ‌تاقەتە،مـاگـم بـە تـاسەت
نـەوینم شـارەکـەم،هـەرگیز هـەناسەت

چە لاوانی خوەیانیان کرد بە ساقەت!
لە دەسیان دا لە ڕەنجت،سەور و تاقەت
سنەی سەربەرز،بە سەربەرزی بمێنە
غەریبم من وەلێ،دڵ ها لە ئێنە
بە سەربەرزی بژی،وەک جاری جاران
بباری هەر بە سەرتا،بەفر و باران
بژی هەر تا کە عالەم بەرقەرارە
بوینم دوژمەنی تۆ،سەر بە دارە
خوایا،شارەکەی من بیۆەری کە
نەسیبی ئیفتیخار و سەروەری کە
لە تۆ داوا ئەکەم،پەروەردگارم
لە شەر دوژمەن،بپارێزە دیارم
بکەن دەفنم لە ناو ئەو خاکە پاکە
کە خاکی شارەکەم،زۆر جوان و چاکە
لە غوربەت،چاوی «نادر»،پڕ لە شینە
فەقەت شاری سنە،جێ کەیف و ژینە

# سۆڵتان منی تۆ

شـیرین و نـازار،خـوەش خاڵ و خـەتی
سـۆڵتان مـنی تـۆ،مـن گـای پا پـەتی!
دوور لە ڕۆخسـارت،مـن کـز و مـاتم
بـۆ عـاشقیی تـۆ،بـە دۆنـیا هـاتم
لەو ڕۆژەو کـە وا،لە تـۆ بـڕیاگـم
هـەر ئـەکـا نـاڵە،دڵـی دڕیـاگـم
نـمەك مـەپاشە،بـە بـان بـرینم
لە نـاو عـاشێقان،عـاشقترینم
دوور لە تـۆ دڵـم،خـوەشی نـاوینێ
چـاوم بـە غـەیری،ڕەشـی نـاوینێ
تاسەی کـەس نـاکـەم،تـاسەی تۆ ئـەکـەم
مـەنعی مـن مـەکـە،تـاسەت بـۆ نـەکـەم؟!
زۆر جـوان و نـازە،دووچـاوی مەستت
کەی تـی دووبـارە،دەس بـنمە دەستت؟!
شـەوتارم بـێ تـۆ،چـەنێ درێـژە!
بـە ڕەشـی ڕۆژم،چـاوت بـڕێژە
هـەرچـەن نـاپرسی،عـەزیز و نـازم
هـەست و ژیـانم،بـۆ تـۆ ئـەبازم
عـاڵەمی شـیرین،بـێ تـۆ نـامەوێ
کەی چەرخی گەردوون،بۆ من ڕام ئەوێ؟!
هـەرگیز نـاکـەفی،لە چـاوی «نـادر»
هـەوشی پـێتەو بـێ،«شـیخ عـبدالقـادر»

# سۆمای چاوەکەم

دڵخۆشی من،ڕۆشنی دڵ،نوور و سۆمای چاوەکەم
بێ تۆ ئەی نازارەکەم،با هەر ڕەشەو بێ ناوەکەم
دەردی هیجران و فیراقی تۆ،چە دەردێ کاریە
ڕۆژ و شەو بێ تۆ غەمینم،ئاوی چاوم جاریە
ئاوی چاوم بەر ئەوێ،وەختێ،کە بیری تۆ ئەکەم
هەم زەمانێ،ئەو گوڵە،وا دات بۆ دیاری،بۆ ئەکەم
ئەونە بیری تۆ ئەکەم،نازار،لە سەحرا،هەم لە دەشت
بیری خالق گەر بکردام،حەتمی جێگەم ئەو بەهەشت!
جا بەهەشتم بۆچیە،تۆی تیا نەوینم نازەنین
حەیف نیە لێنا نەوینم،لێوی سوورت پێکەنین؟!
ڕۆژ و شەو فەرقی نیە،گەر تۆ نەوی،ڕۆژ هەر شەوە
دوور لە تۆ ئەی چاوەکەم،هەر شەو،دوو چاوم بێخەوە
گەر نەوینم ڕوومەتۆ،جا نووری چاوم بۆ چیە؟!
تۆ نەوی ساقیم شەوانە،من شەراوم بۆ چیە؟!
من شەو و تۆ مانگەشەو،تۆ نووری دیواخانی من
من بریندار و نەخوەش،هەر تۆی تەبیبی ژانی من
چەن خوەشە باخی ژیان،ئەی سێفەسووری باخەکەم
ڕۆژێ بتوینم،لە دڵ،نامێنێ ئاخ و داخەکەم
چارە بۆ دەردی دڵی «نادر»،فەقەت،پەیمانەیە
ئەو بە دەوری قەدد و باڵات،هەر وەکوو پەروانەیە

# سەختە فیراقت

دوورەو بــووی لە مــن،ئـەی گـوڵعۆزارم
بــەزەیت بــۆ نــەهات،بــە حـاڵی زارم؟!
ســـــەختە فـــیراقت،ســەختە نــەبوونت
دڵم تـەنگ بـووگە،بۆ هـات و چـوونت
لەو ڕۆژەو کــە چــوویت،گــریانە کــارم
مــە گــەر نــەوزانــی،بە تـۆ دووچارم؟!
بــەژن و بــاڵاکــەت،ســەنعی خــۆدایـە
فکــر و خــەیاڵت،کـەی لێـم جـۆدایـە؟!
چــاوت مــەست ترە،لە تـواو چاومەسان
بـێ تـۆ چـە تـەنیام،هـەر وەک بـێکەسان
ئـەدرۆشی لە ڕۆژ،هـەر وەک خـوەرەتاو
هەر دۆعـا ئـەکـەم،کـەس نـا لە تـۆ چـاو
نــــەخوەش نــەتوینم،هــەرگیز نــازەنین
هــــەمیشە ســــەربەرز،دەمت پـــێکەنین
من کەسم بۆچەس،غەیر از تۆ گشکەس؟!
کارم چەس بە کەس،کـارم بـە تـۆ هـەس
نــەقشی ڕۆخسـارت،شـیرین تر لە مـانگ
بـە ئـاوات ئـەوەم،کـە مـن بکـەی بـانگ
خـــوا بـــیکا ڕۆژێ،یــە ک بگـــرینەوە
بـــە یـــادی جــاران،گــوڵ بــچنینەوە
«نــادر» بــۆ گــیانت،گــیانیش بــا،کــەمە
قـــەدری بـــزانـــە،ئـــاشق وا،کـــەمە

# سەفەر

ژنـــەفتم وتـــیان،چـووگی بـۆ ســەفەر
نــــازانـــم بـۆچە،نـەودا پـێم خـەوەر
بــڕو خــوەشۆ بــێ،خوا پشت و پـەنات
له دوای خـالقم،هــەر ئـه کـەم سـەنات
مــن بــه جـێ بێڵا،یاری خوەش‌جەماڵ
بــێ تـۆ زیـندانـه،چـه سـەحرا،چـه ماڵ
زوو بــیتەو گــوڵم،خـوا قــەزای بــاڵات
ژیــنی مــن بــێ تۆ،هــەس له مـەحاڵات
دۆنـــیا بـێتامه،وەخــتێ کــه تــۆ نـیت
چاوه چاو ئـەکـەم،تـا ئـەو وەخته بیت
له نــــاو خـــەیاڵم،بــاڵات ئـــەوینم!
خـــوا قـــەزای بــاڵات،بـەڵات نــەوینم
تـــــا تـــۆ بـــیتەوە،دڵـــم تـــەماره
خـــەفەت دووری تـۆ،بـۆم بـێ‌شۆماره
تـــا بـــیتەو بـــۆ لام،مــن چــاوەڕێتم
دوور له چــــاوانت،حــــەیران و شـێتم
وەخـــتێ بـــیتەوە،تــێمه بـەر مــاڵت
مــاچ ئـەکـەم دەسـۆ،ئـەپرسم حـاڵت
له هەرکوێی که هەی،ئەودەمه دەس خوا
له بــــیرت بـــوەم،له بــــەینم بـــوا
زوو بــــیتەو گــــوڵم،دڵـــما پــێتەوە
بــێ بـا بــەخت «نـادر»،خـەوەر بێتەوە

# شەراو

ئاگر دەروونم،کەی خامۆش ئەکەی؟!
کەی باز هەم شەراو،تەکما نۆش ئەکەی؟!
دوو چاوخۆمارت،پڕ لە شەراوە
دوو چاوی سوورم،بێ تۆ پڕ ئاوە
ژیان خوەش نیە،بێ تۆ نازەکەم
بە عشق تۆ سەڵات،من چاو باز ئەکەم
بێزار و خەسەم،لەم ژینە تاڵە
نەیتەو لام ئەگەر،ژینم بەتاڵە
منۆ کۆشت بە ناز،دەنگم دەر نەهات
نەوزانی مەگەر،دڵ ها لە ژێر پات؟!
قەسەم بە شەونوێژ،دایکە پیرەکەت
بێ دەرم بێرا،لە زەنجیرەکەت
پێشکەش بە چاوت،ژین و حەیاتم
ها بە دەس چاوت،ژین و مەماتم
ڕێگە ئەڕیت و،دڵ ئەکەی شکار
هەزاران ئاشق،ئەکەی ئێحتکار!
ئەزانم خەفەت،ریشەم دەر تێرێ
کەی داخۆم چاوت،وازم لێ بێرێ؟!
تا تۆ نەیتە لام،دەردم کەم ناوێ
سەرم،غەیر بۆ تۆ،بۆ کەس خەم ناوێ
لە دووریت،«نادر»،چاوی بێخەوە
تا دووری لە ئەو،ڕۆژێ هەر شەوە

# شەوخەو

شەویٚ خەوم دی،هاتمە بەر ماڵت
بوینم چاوت،بپرسم حاڵت
خوەت پیٚم نیشان دا،لەو بانەبەرزەو
سڵامت کردم،بە ترس و لەرزەو
هاتی لە دوورەو،بە ناز و شەرمەو
دەستت دا تەکما،بەو دەستە نەرمەو
وتم : «مەستم کە،بەو چاوە مەستە
بە ناز بمکوٚژی،حەقت بە دەستە
من گرفتارم،بەو خاڵە رەشە
دڵم لە شادی،بیٚ توٚ بیٚبەشە
ڕەنگ لیٚوت سوورە،لە ڕەنگ ئەرخەوان
زوٚڵفە رەشەکەت،لە ڕەنگی شەوان
بەینیٚکە نازار،هەر ڕوٚژ ماتڵم
تا بیٚ،گویٚچکە بەی،بە ناڵەی دڵم
بیٚ با بچیٚن بوٚ،چنین سوورە گوڵ
گویٚچکە بەین بە دەنگ،هەزار و بولبوڵ
بچین بوٚ کانی،ڕەفعی عەتەش کەین
لە تاریکی شەو،ئاگریٚ گەش کەین
بە دەستی توٚیە،دەوای دەردەکەم
بە «شەش دەر بەسیاگ»،تەختەنەرد ئەکەم!
من زوٚر کڵافەم،وەختیٚ کە توٚ نیت
دووبارە بیٚ با،تەقدیر بکەین،خیت!

داخۆم هەس لە عشـق،بـاسێ شـیرین تر؟!
لە جفت شەش تەختە،تـاسێ شـیرین تر؟!
تـــاڵێ لە زۆڵــفت،بــە عــاڵەم ئــەیژی
قســـەی جـــیایی،لە لای مــن نــەیژی!
وتـــــۆ:«ئـــاشقی،دەرد بـــێدەوایـــە
ئــاشق گــەر بــمرێ،حــەقیە و ڕەوایــە»!
عشــق و عــاشقی،کــێ ئـەیژێ جـەهلە؟!
جــەفا بــە «نــادر»،بــۆ تــۆ چــە سـەهلە

# شێت

ئـــەمن دێـوانــە،شـێت و هــیچ‌نەزانــم
لە ئــەم دۆنــیا،فــەقەت نــاو تـۆ ئـەزانـم
بـــۆ نـــاپرسی،عــەزیزم،حــاڵی زارم؟!
لە بــەر مــەیخانە خــەفتن،بـووگە کـارم
نــەما ئــیتر خــوەشی یـا بــەزم و حـاڵێ
دڵـــی تـــەنیام،لە تـــەنیایی ئـــەناڵێ
نـــەماوە،دڵـخوەشی و،شــەوقی جـاران
حەزینی تۆم عەزیز،کوا زەوقـی جـاران؟!
بــە ئـا گـر نـە،بـە عشـقی تـۆ ئـەسووزم
ئەوێ تۆ خوا،مەگەر،بێ تـۆ نـەسووزم؟!
بە تـەنگ هـاتوومە بـێ تـۆ،مـن لە گـیانم
ســـەر و ســا تــێ،لە زیــندانــی ژیــانم
مــن و زەنــجیری عشــق،پـابەندەکـانم
وەکـوو بێکەس،لە نـاو ساڵمەندەکـانم!
بــڕو بــا هــەر نــەزانـی دەرد و ڕەنـجم
لە دووری تۆ،ڕەفـێقی هـەشت و پـەنجم!
لە ئــەم دۆنــیا،بــە عشـقی تـۆ ئـەنازیم
وەلێ ئـــیسە،بــە ڕزگــاری تــۆ ڕازیــم
دڵـــم هــەر ئـاشقە،هــەرگیز نــە گـۆڕا
هــەتا کـفنم ئـەکـەن،دەفـنم لە گـۆڕا
عــەزاب و ڕەنــجی «نـادر»،تـۆ نـەدینە
ئــەوینی تــۆ عــەزیز،جـۆزئێ لە دیـنە!

# شیرین

ڕۆخسـارت شـیرین،شـیرین‌تر له مـانگ
له نـاو دڵـبه‌ران،هـه‌ر تـۆیی بـه‌ناوبانگ
تۆ چه‌ن شیرینی!،هـه‌ر وه‌ك گـوڵ‌ڕۆزی
بـه‌ڵام،دێـقم ئـای،بـه ئـیمڕۆ،سـۆزی
دڵـم پـێت خـوه‌شه،ئه‌ی هـه‌رچـێکه‌سم
کـه‌س وێـنه‌ت نـیه،یـاری چـاومه‌سم
حـه‌ز ئـه‌کـه‌م ڕۆژێ،بـێمه نـاو مـاڵت
بـوینم بـه چـاو،کـه خـاسه حـاڵت
له حـه‌وش مـاڵه‌کـه‌ت،تـاوێ دانـیشم
کـه‌مێ بشـێلی،پشت و شـانیشم
بـێژم:«وه‌ك کـه‌ویر،تـینگ بـارانـم
شـه‌راوم پـێ بـه،یـاری جـارانـم»
بـێژم:«مـه‌سم کـه،حـاڵم خـراوه
پـێکه‌نین له سـه‌ر،لێـوم بـڕاوه
ئـاواتـی مـنی،یـاری زۆر بـه‌ڕێز
نـه‌مماگـه بێ تـۆ،نه سه‌ور و،نـه هـێز
هه‌ر خوه‌م بـه قـوربان،شـاله‌سه‌وزه‌کـه‌ت
به‌وکاته قسمه‌ت،حه‌زره‌ت غه‌وسه‌که‌ت!!»
هه‌رچه‌ن وه‌سڵی تـۆ،وه‌هـمه و،خـه‌یاڵات
بـم بـه قـوربانت،بـه سـاقه‌ی بـاڵات
تـۆ گـوڵی،نـازار،«نـادر»،پـه‌پووله‌و
بـه پـات ئـه‌سووتێ،تـا بێ بـه بووڵه‌و!

# شیرین‌کەلام

مـن فـەرهادی تـۆم،ئـەی شیرین‌کەلام
بـــا تـــەنیا نـــەووم،بـــمێنە لە لام
بـــە دەســـتی تـــۆیە،دەوای دەردەکـەم
تاسەی کـەس نـاکـەم،تـاسەی تـۆ ئـەکـەم
لە دڵ چـۆن دەرکـەم،فکـر و خـەیاڵت؟!
بـە کـفر خـۆ نـاوێ،پـا بـنمە مـاڵت!
دڵـــی غـــەمبارم،ئـــەگـرێ بـەهانەت
زۆرم پـێ خـۆشە،بـم بـە پـەروانـەت
گیان فیدات ئـەکـەم،بە سـەهل و ئـاسان
ئـــەر بـــێژی بـــمرە،نـابم هـەراسـان
شـــەوێ بـــێ بـــۆ لام،بـــپرسە حـاڵم
قەشەنگ و زەریف،خوەش خەت و خاڵم!
لە بـــاخی ژیـــان،ســـایەمی لە ســـەر
بـــەداخـەو نـاڵەم،لێت نـاکـا ئـەسەر!
لە دوای تۆ دڵم،بە چی خوەش بکـەم؟!
چـۆن پـەیمانەکـەت،فـەرامـۆش بکـەم؟!
لەعنەت لە گەردوون،تۆی لێم جیاکـرد
خوەشی لە مـن سـەند،ڕەنـجمی زیـاکـرد
فـــرمیسکێ کـــەفتە،بـان کـاغەزەکـەم
شـــەراوم ئـــەوێ،بـــا مـەزمەزەکـەم
«نـــادر» ئـەسیرە و،هـا لە نـاو قـەفەس
بـــێ تـــۆ بـــۆچیە،بکـێشێ نـەفەس؟!

# شیرینی چاوشین

دەسم بە دامەن،دامەن پڕ لە چین
کەم کە ئازارم،شیرینی چاوشین
تاوێ،بێیادت،عەزیز،سەر ناکەم
عشقت لە دڵما،هەرگیز دەر ناکەم
ئەنبارێ خەفەت،ها لە ناو دڵم
خەفەت،خوا پێت نات،،شیرین چاوکڵم
ساکت و سامت،دڵ پڕ لە داخە
بێ تۆ خوەشی ژین،لێم بووگە قاخە
نازانم چەبکەم،لە دەس تەنیائی
زۆر سەختە دووریت،سەختە جیائی
من کە ڕازی نیم،هیچ بە هەناسەت
چیت پێ ئەبڕگە،بمرم لە تاسەت؟!
غەمی فیراقت،کەمەرشکێنە
عەزیز دوورلە من،تۆ هەی لەکوێنە؟!
بێ تۆ وەك کەویر،بێحاڵ و تینگ
تەنیا لە تەك تۆ،ئەمێنم زینگ!
زۆر زۆر بێتامە،ئەم ژینە بێ تۆ
ژیان لە تەك تۆ،شیرینە،بێ،تۆ !
بە دەرد چی ئەخوا،ئەم ژینەتاڵە؟!
نەیتەو لام ئەگەر،ژینم بەتاڵە
بۆچی تەك «نادر»،کەفتیتە سەر قین؟!
بۆ ئەکەی کارێ،دەس کێشێ لە ژین؟!

# عاشق

هــــەر کـــە ئـاشقە،تـەختەیکی کـەمە
چـــاوی پــــڕ لە ئـــاو،ئـەیژیتە چـەمە
نــــیە بـــۆ ئـــاشق،هـــیچ هـــاونشێنێ
هـــــاودەم ئـــەووەڵ و ئـــاخری غـەمە
ئـــاشق لە مــــەعشوق هــەمیشە دوورە
ئـەم بـە شـوێن دڵـدار،ئەو کـاری ڕەمـە
گـیان فـیدا ئـە کـات،بۆ گـیانی دڵـبەر
ئـەم ئـاشق یـار و ئـەو دۆژمـەن ئـەمە
بـــە ئـــاوات دیـەن ڕۆخسـاری یـارە
هەر لە ڕۆژ شـەممە،تـاکوو ئـەم شـەممە
یار بە شێوەی گوڵ،هـەر بۆی ئـەکا نـاز
ئـــەم هــەر ئـەسووتێ،ئـەیژیتە شــەمە
گەر دڵبەر پرسێ،شەراو چـی دەخـوەی؟
ئـەیژێ شــەراوێ،لە ڕەنگ ئـەو دەمـە
لە نـاو ئـەم خـەڵکە،ئاشق هـەر دیـارە
ڕۆخســار،زەردەبـەی،هـەم پشـتی خـەمە
مـــەردمی عـــادی،بـێخەوەر لە عشـق
وازانـــن شــێتە،ئـە کـەن پـێ گـەمە!
دڵـــبەر نـــاپرسێ،لە حــاڵی ئـــاشق
ئـەو خـەریک بـەزم و ئـەم لە مـاتەمە!
«نـــادر»،لە مـــەورد،عشـــق و ئـاشقی
هــەزار شـێعر بـێژی،هـێشتا هـەر کـەمە

# ع ش ق

ئــەی عــەزیز بێرەحم و بێئینسافەکەم
تۆی لە دۆنیا،عین و شین و قافەکەم
ئــەی عــەزیز و نــازەنین،قــژخاوەکەم
تۆ خوەشی ژینی،تۆ نووری چاوەکەم
تــۆ نــەوی،مــن ژیـنی بێ تـۆم،بـۆچیە؟!
دلــخوەشیمی،نــوور و ســۆمای،بۆ دیــە
ئــەی عــەزیزی نازەنینی چاو دۆرۆشت
ئــاخری چاوانــی تۆ،مــن ئاتەکۆشت!
تــۆ گــوڵی،مــن خاری دەوری ساقەتم
بــــێ،لە دووری قـــامەتت،بــــێتاقەتم
بـــێ وەکـــوو جـاران،بـنیشە لامــەوە
بــــــێوەفائی بــــەسیە ئــــیتر،وا مــــەوە
تـاکـە مـاگـم،هـەر خـەیاڵی تۆ ئـەکـەم
خوەم بە قۆربانی دوو چاوت،بۆ نەکەم؟!
دڵـــــڕفێن و دڵشکـــێنی،چـــاوەکـــەم
تـــۆ عــەزیزی بــۆ دڵــە،شکــیاوەکــەم
تا دوو چاوت دیم،دڵی خوەم دا لە دەس
بــێ،تــۆ گــیانیچم بســێنە،دیــدە مــەس
چۆنکە بێ تـۆ پێم خـوەشە،ئیتر نـەمان
پـێم خـوەشە زووتـر بگـەی،ئاخرزەمان!
ڎڵشکــێنە،چـەرخـی گـەردوون و زەمـان
پشتی «نادر»،ئەو ئـەکات،بێ تۆکـەمان

# عشق و عەقڵ

عشق و عەقل دوژمەن،دیرینەی یەکن!
لە لجبازیا،لە دونیا تەکن!
تا عەقل ئەیژێ نە،عشق ئەیژێ ئەرێ
عشق،حاکم موتڵەق،عەقل وەك نوکەرێ!
عەقل،با سیاسەت،عشق،ساف و سادە
ئەو قانع بە ئاو،ئەم تینگ بادە!
عەقل،ژیر و ماقووڵ،عشق،شێت و هارە
ئەو لە پای دار و،ئەم لە سەر دارە!
عشق لە تەك مەنتق،ناسازگارە
عقل بە عشق ئەیژێ،ئەمە کەی کارە؟!
عەقل،وەکوو گوڵە،عشق وەلێ خارە
ئەم بێگوناح و ئەو گونەحکارە
لە بەین ئەم دووانە،دڵی بێچارە
هات و چوون ئەکات،هەر وەك ئاوارە
دڵ بەسەزوان و،بێ دەست و پایە
بەسەزوانی دڵ،حکمەتی خوایە
دڵ بە لای ئێمەو،وەك ئەمانەتە
دڵ بۆ دڵداری،وەك زەمانەتە
دڵ هێن دڵبەرە و،بۆ رفاقەتە
دائێم بۆ دڵبەر،دڵ بێتاقەتە
دڵ «نادر» لە عشق،دائێم خەفەتبار
نازانێ چەبکات،لە دەس خەفەت یار

# عەزیز

کـــــەسێکم نـــیە،عـــەزیزتر لە یـــار
وەســـە نـــمامێ،تـــازە گـــەیگە بـار
چـــاوی خـــۆماری،چـەنێ بـە نـازە!
مـــن ئـــاشق ئـــەوم،زۆر،بـــێ ئەنازە
چـــاوی زۆرمـــەسە،چـاو شـیرینە کـەم
بۆ دوو چاوی ئەو،خوەم شەهید ئەکەم
هات و چوون ئەکەم،لە بەر ماڵەکەی
بـەشکەم بـوینم،خـەت و خـاڵەکـەی
ســووری لێــوی ئــەو،لە ڕەنگ هــەنارە
بـاڵای چـە بـەرزە،بەرز وەک مەنارە!
بـاڵابەرز،شـیرین،خـوەش لار و لەنجە
دووری ئەو بۆ مـن،هـەر دەرد و ڕەنجە
خـەفەت دووری ئـەو،خـۆ نـادا بەرم
لە دەس دوو چـاوی،سـڕ ماگە سەرم
ســێوەر سـەر مـنە،لە فـەسل هـاوینم
بـــێ ئـــەو ئـەزانـم،خـوەشی نـاوینم
هـەر کـارێ ئـەکەم،ناوێ فەرامۆش
تـا بـیری ئەکـەم،زوو دڵ تێتە جۆش
دڵـم دێـوانـەس،شێت و یەک کەلام
نـــامرم،ئـــەگـەر لەیـل،بـمێنێ لە لام
ئـــاویەر دڵـــخوەشە،بـــە تـــاقەداری
دل «نـــادر» خـــوەشە،بـــە تـاقەیاری

# غەریب

گـولّم،بـێ تۆ،غـەریب و بـێپەنا بـووم
بـە دڵ شکـیاگـەوە،بێ تـۆ فـەنا بـووم
بـۆ دوورەو بـووی لە مـن،ئـاخرئەوینم؟!
ئـەترسم رووم ـەتۆ،هـەرگیز نـەوینم
لە بـیرم کـەی ئـەچی؟!نـاچی گـوڵی مـن
تۆ بێ لاوە لە سەر،خـاك و خـوڵی مـن
لە عشقی تۆ،دووچار و تـووشی زووخـم
بـە ئـەم زوویـە،لە هـیجرانت ئـەڕووخم
ئـەزانـم مـەی،لە شـەرع و دیـن حـەرامـە
وەلێ مـەستی تـۆ بـم،بۆ مـن مـەرامـە
نەسیب و قسمەتم هەر لێت،خەفەت بـوو
بـە خـاتر تـۆ ژیـانی مـن،هـەدەر چـوو
قسـە و قـەوڵ و قـەرارت تـێتە بـیرم
ئـەڕم جـا بـۆ دڵـم،تـێر تـێر ئـەگیرم
بـە خـاتر تـۆ،ئـەکێشم دەرد و ئێشم
ئـەگـەر نـەیتەو،لە ژیـنم دەس ئـەکێشم
لە بیرم کەی ئەچێ،جەور و جەفا کـەت؟!
بـۆ بیر نـاکـەی لە یـاری بـاوەفاکـەت؟!
بۆ ناکەی تۆ بە «نـادر»،ڕەحمێ نـازار؟!
بـۆ خـاتر خـوا عـەزیزم،بـەسیە ئـازار

# غەریبی

دووری،غـــــەریبی،گــــڕ دا لە گـــیانم
بـــوونە بـــاعێسی،خـــوەشی ژیـــانم
دڵـــم لە غـــۆربەت،لە بـــیر جارانــە
وەك شــــەوی نــەورۆز،ئـا گـربارانـە
بــەین مــن و یــارم،سـەد دەریـا و کێفە
مــن وەك زەردەبـەی،ئـەو سـوورەسێفە
کـــاری چـاوانــم،دوور لە ئــەو شـینە
نـــاشۆکـری نــەوێ،ئــەمە کـەی ژینە؟!
ژیـــنی کــەجمەدار،ســەری نـیا سـەرم
دووری کـــرد چـاوم،لە چـاو دڵــبەرم
عشـــقی بــەردەوام،لە دڵ مــن مــاگــە
دڵـــێکم بــوو مــن،هــەر بــەوم داگــە
تـــا دام لە دەس یــار،هــیچم بــۆ نــەما
خـــۆزگا هــــەمیشە،لە لای مـــن ئــەما
خــوا،خــراوێ بکــات،بــۆ ئــەم زەمـانە
وا یــاری لێــم سـەند،بــێ هـیچ بەهانە
فەڵەك،غەیر خەفەت،چەو دا بە من تۆ؟!
تـــەنیایارەكــــەم،ســەندۆ لە مـــن تــۆ!
دڵـــداری،شــــانسی،هــــات و نــەهاتە
ژیــان،وەك شــەترەنج،ئـاخری مــاتە !
فەڵەك،بەرچاوتەنگ،بەخێڵ و حەسوود!
لە ڕەنجی «نادر»،ئەوەی تۆ،چە سـوود؟!

# فرمیسك شەوانەم

فــرمیسك شــەوانــەم،لە دووری چــاوی
دڵـــی دێـــوانــەم،هــەر ئــە کــا قــاوی
گــوڵ وەك ئــەو نــیە،لە نـاو بـاخەکـان
یــا لە نــاو دۆڵ و،لە ســەر شــاخەکــان
چـــاوی،تـــرازووی،شـــێعر و قـــافیە
بـــۆ شـــێعروتن مـــن،چــاوی کــافیە
خــەفەت دووری ئـەو،لێـم دوور نـاوێتەو
هـــەر دۆعــا ئــەکــەم،یــارم زوو بــێتەو
قــەزا و قــەدەر مــن،هــا بــە دەس یــارم
مــەگــەر زوو بــێتەو،خــوەی بکـا چـارم
هـــاودەم تــەنیائی،ســەنگ‌سەبوورم بــوو
هەر چێ خوەشیم بوو،بێ ئەو لە دەس چوو
خــەفەتگەل فــرەیك،لەگـیانم بـەر بـوون
بـــێزارم ئــیتر،لە چــەرخــی گــەردوون
لەعـــــەنەتۆ لێ بـــێ،چـــەرخــی زەمــانە
خــوەشیت لە مــن ســەند،دانــە بــە دانــە
هــەرچــەن کــە چووگە،لە دڵ نـەچووگە
ئـــاخر چــەن ســاڵێ،هــاودەمم بــووگە
تـــاوێ نـــە تـاوێ،بـە یـادی جـاران
پـــڕ ئــەوێ چــاوم،بــێ ئــەو لە بــاران
دڵ «نــادر» بــێ ئــەو،هــەر ئــەکـا هـەرا
یـــا خـــوا بـــیوینم،لەم دەور و بـــەرا

# قۆمار

دوو لێوی سووری تۆ،هاورەنگ هەناره
دڵــە دێــوانــەکــەم،بـۆت بـێقەراره
له ئەو ڕۆژەو،کە سەیدی چاوی تۆ بووم
شەو و ڕۆژ دوور له تۆ،تاریک و تاره
پـــەرێشانم،هـــەراســانم لە ژیــنم
له دووری ئـەو دوو چـاوە،وا خـۆماره
له من دووری،له من دووره خوەشی ژین
ئــەسیر و ئــاشقی تـۆ،لێـو بـە بـاره
بـە گـۆشەی چـاوەکەت،بڕوانە پێما
کــە مــەجنونت،بەسەزوان و هــەژاره
غـۆلامی،نـۆکـەری،خـزمەت،گدائی
به خـاتر تۆ گـوڵم،کەی عـەیب و عـاره
تۆ ساقی بـی،خـوەشه مـەس بم هـەمیشه
شەراو بێ تۆ بخوەم،وەک ژەحری ماره
بـە مـن بـێژە،عـەزیزی دوور له چاوم
چ جۆر ئاخر بکـەم دووری تـۆ چاره؟!
ئــەزانـم عشـقی تـۆ،گـیانم ئـەسێنێ
ئــەویندارى،خـــەتەرناکـــە،قـۆماره
بێ با دەرچێ له دڵ،ڕەنجی نەبوونت
کـە «نـادر»،ڕەنجی بێ تۆ،بێشۆماره

# قەرار وا نەبوو

دوورت گرد لە من،عەزیز،لە بەر چی؟!
قەرار وا نەبوو،دڵ بوەی،دەرچی!
دڵی من شیشە،زۆر ساف و سادە
بەڵام دڵی تۆ،لە جنس فوولادە
دڵم دا بە تۆ،پاڵم دا بە تۆ
نەمزانی جەفا،ئەوینم لە تۆ
منت بە جێ هێشت،بەم گشتە داخەو
بێ تو ناخەفم،جا بێ تۆ،کوا خەو؟!
قەسەم بۆت ئەخوەم،بە قۆرعان قەسەم
بە ئاگر تۆیە،ئەسووزێ جەسەم
ئەمکۆژێ ئاخر،جەور و جەفای تۆ
ئەگەر دێقم کرد،ئیتر لە پای تۆ
تۆ بە حەکیم و تەبیب ئەزانم
بێ بۆ لام تاوێ،کەم کە لە ژانم
دڵت بۆ گۆڕا؟!،بۆ عەوەز بووگی؟!
چەت دی لە من وا،لە لای من چووگی؟!
ئەونە نازت کرد،عۆمرم بە سەر هات
هەناسەم بێ تۆ،زۆر لە دڵ دەر هات
بێ تۆ لە گیان و لە ژینم تێرم
ئەگەر نەتمدی،بە خوات ئەسپێرم
ئیسە کە ناکات،ناڵەم لێت ئەسەر
مەرگ «نادر» یا خوا،بێرن بۆت خەوەر

# قەزای چاوەکەت

قەزای چاوەکەت،شیرین،چاو بەکڵ
لە ناو ئەم خەلکە،هەر تۆم ها بە دڵ
دوو چاوی نازت،چەنێ خۆمارە!
دیەن چاوانت،هەر وەك قۆمارە
ئەونە زەریفی،كەس ناگەیتە پات
دوو چاوی مەستت،عاشق لە پا خات
حەمد و سەنا بۆ،خالق چاوەكەت
لە بیرم ناچێ،هەرگیز ناوەكەت
خەفەت فیراقت،لە دڵ من زۆرە
حاڵم بپرسە،حاڵم ناجۆرە
دڵ وەك مناڵێ،ئەگرێ بەهانەت
تۆ خوا،عەكسێكت،بەپێم ئەمانەت
تۆ لە من دوور و،من دوورم لە تۆ
خوا ئەو خوایەسە،بمگەینێ بە تۆ
لە خوام داوایە،تۆ بە من گەینێ
شادی بوینم،لە ژینم،بەینێ
دڵم دا بە تۆ،لێتی ناسێنم
تەركم كەی ئەگەر،بێ تۆ نامێنم
تۆ گوڵ شیرینی،من خوەم پەپوولەت
خوەم ئەكەم بە دەور،باڵات لەت و پەت
دڵ وەك دڵ «نادر»،كوا لەم زەمانە؟!
سزای دڵی ئەو،تیر و كەمانە؟!

## قەسەم

قــەسەم بــە وەعــدە و قــەوڵ و قــەرارت
دیــنی لە مــن سەند،چاو پڕ شــەرارت
قــەسەم بــە بــاڵای،بــەرز وەك چنارت
بـــووگە بـــە ئـــاوات،بــم لەکــنارت
قـــــەسەمبە چـــاوت،وا پـــڕ لە نـــازە
ژیـــان لە تـــەك تــۆ،بــۆ مــن نــیازە
قــەسەم بــە ئــایەی،تــواو ســوورەکــان
بە وێنەی جوانت،هەر وەك حوورەکــان
قــەسەم بــە ئــەو خــوا،وا هــا لەم بــەرا
دڵـــم لە دووریت،هــەر ئــەکــا هــەرا
قـــەسەم بـــە ڕۆژگ،نــوێژ و عــبادەت
من بـە نـەبوون تـۆ،هـەر نـاکـەم عـادەت
قـــەسەم بـــە چـاوت،لە بـیرت نـاوەم
چۆن عشق تۆ ئاخر،لە دڵ خوەم لاوەم؟!
قـــەسەم بـە شــەراو،وا بــووگە حــەرام
ئـــەوینت دیـــن و ئـــائینمە و مــەرام
قــەسەم بە بـاران،فرمیسك هــەورەکــان
ڕازیــم بــە مــردن،لە نــاو قــەورەکــان
قــەسەم بــەوکــەسە،وا ئــەیژن پــێ خـوا
بــێژە ئــەو دڵــە،ســەندۆ لە مــن کــوا؟!
قــەسەم بــەگــیانت،بــە مــەرگی «نــادر»
ڕازیم حۆکم مەرگم،خوەت بکەی سادر

# کچە کۆرد

تــــۆم دی،ئــەو ڕۆژە،لە نــاو زەمــاوەن
دیم باڵای بـەرزۆ،وەک کـێف دەمـاوەن!
کـراسـی گـوڵگوڵی،زۆر پـێت ئـەکـەفێ
بیت بـە یـاری مـن،ئـێرس لێت ئـەکـەفێ
ســەروێنت،ســرکەی،شــاڵت هــەورێشم
تــا ڕۆژێ کــە هــەم،نــازت ئــەکــێشم
پــاپۆش ئــەتڵەسی،دەســماڵ کـوودەری
بـەشکەم قـەبوڵ کـەی،مـن بـە نۆکـەری
ســۆخمەت مــەخمەڵی،بــە دەوریـا تـەڵا
لە چـــــــاوخۆمارت،ئـــەوارێ بـــەڵا
دووگمە و دۆڵاوی،سۆخمەت لە تـەلاس
بــۆ دیــەن بــاڵات،چــاو مـن بـەڕەڵاس!
ئــەنگوشتەر دەسـتت،بــەرق ئــەداتــەوە
دڵـــــم هــــەمیشە،هـــا بـــە لاتـــەوە
مــــــلوانک مــــلت،لە مـــرواریـــدە
دۆژمـــــەنت بـــــمرێ،ئـاوە هـا دیـدە!
لە دوورەو بەرق ئا،گۆشوارەت،تـەڵاس؟!
بەرق چاوت زۆرتـر،چـاوت زۆر بـەڵاس
لەچک نـــاسکت،لە تـــۆری چـــینی
داوا کــــەم لە خـــوا،بـــەڵا نـــەوینی؟!
چەنێ شیرین بوویت،کەوشۆ کـردە پـات
بێژە بـە چـاوت،کـەم زووخ بـە مـن بـات

چــوویته ســەرچــۆپی،لە نـاو هــەڵپەرکێ
ئەتپرسی لە خــوەت،بـم بـە دڵـبەر کــێ؟!
چــاوێ لە مـن خـە،بـە گـۆشەی چـاوت
ســـەنەد ئـــەم دڵـــە،بـا کــەمە نـاوت
دڵ مـــنۆ پـــێکا،نـــازار،بـــە نـــازێ
هــەر وەك کــۆترێ،ئـەسیر کـا بـازێ!
ئـــێشارەم لێت کـــرد،وتــم بــە ســاقەت
کـەم بـە نـازی خـوەت،بـمکە بـێ‌تاقەت
تـــەعارف لێــم کــە،بــێمە بــن‌چۆپێت
ئاخر حـەز ئـەکـەم،لای دەسـم،تـۆ بـیت
حــــــاڵم خـــــراو و،فـــــرە نـــاتاوە!!
جــــەرەقەی عشـــقت،ئــەیژی مــاتاوە!
تــۆ ئــاو حــەیاتی،مــن وەك ئــاگـــرم
تــا هــەم،لە چــاوت،دەس هـەل نـاگـرم
حـــــەمد و ســـــەنا بـــــۆ،پــــەروەردگارم
بـــۆ ئــەو خــوایــە وا،بــەوکا بــە یــارم
تـــۆ بـــی بــە یــارم،لە خــوام شــاکــرم
تــۆ بــە،بە سوڵتان،مـن خـوەم چـاکـرم
«نــادر» بــە قــۆربان،روومــەتی جـوانت
ژیـــنم شـــیرین کــە،بــە شــیرین زوانت

# کرچ و کاڵ

لە دەس ئـــەو دڵـــبەرە،وا کـرچ و کــاڵە
شـــەو و ڕۆژ و،ژیــانی مــن چــە تــاڵە!!
لە بـــیر خــوەی بــردگە،قــەوڵ و قــەراری
لە لای مـــن بـــووگە دڵـــدارم،فــەراری
بە دەس جەور و جەفای یارم،لە دەس چووم
لە بـیری،چـاوخۆماری دیـدەمەس،چـووم
ئـــەسیرمی کـــرد،بـــە نــاز و پــێکەنینێ
نــیە تــرسی،لە هـــیچ ئـائین و دیــنێ!
لە دووری چـــاوە کـــانی،زۆر کـــڵافەم
لە داخــا،هــەر شــەو و هــەر ڕۆژ،لە کـافەم
لە دەس عشــقی ئــەوە،وا قــەلبم ئــەیشێ
بـــە مـــن وا عـــاشێقم،دێـوانـە ئـەیژێ
مـــەرام و کــاری ئــەو،جــەور و جــەفایە
لە مـــــن دوورە،ژیـــــانم بــــێسەفایە
وەکـــوو ئــــەو دانــە بـۆ،کـۆتر ئـەرژیا
لە چــاوی ئـەو،بـۆ دڵ مــن،دانــە پـژیا!
لە سەر ئەو،خزم و قەومی خوەم،لە دەس دا
وەلێ ئـــەو،ئــەو ئــەوینیە،دا بــە دەس بــا!
خـــوەشی بــێ ئــەو،مــەحاڵە مــن بــوینم
بــــە لامـــــەو،ســەهلە لەم دۆنـیا،ڕوویـــنم
بـــەسە «نـــادر»،مــەوە دڵــتەنگی لەیــلت
خــــەریداری نــــیە،ئــێحساس و مــەیلت

# کوێر بووگه چاوم

تـــۆ نــاوینم گــوڵم،کــوێر بــووگه چــاوم
حــەزم وایــە،ڕەشــەو بــێ،بــێ تــۆ نــاوم
له مـــن ســـەندی فـیراقت،نــووری چــاوم
بــوەخشه چــاوەکــەم،گــەر بێ تــۆ مــاوم!
بــە چــاوم تــۆ نـەوینم،چاوم بۆ چەس؟!
له دۆنیا،دڵ به تۆم خوەش کرد،نه هیچکەس
ڕەش و تـــاریکه هـــەر شــوێنێ ئــەوینم
گــوڵم،بــێ تــۆ چــە خــاستر،بــا نـەوینم!
له بــیرم تــێ،جــەماڵت وەک گــوڵێ بــوو
له نـــاو بــاخی ژیــانم،تــەک گــوڵێ بــوو
لەمـــــــەولا،نـــــــازەنینی ســـــەرزەوینم
جـــەماڵی تـــۆ،له نـــاو دڵـــما،ئـــەوینم!
بــە تــاسەی چــاوی مەستت،جار جارێ
له چـــاوی کــوێری مــن،بــاران ئــەوارێ
بـــوینم کــاش دووبــارە ڕەنگــی چــاوت
هــەر ئــەو چــاوە،کــە دڵـمی خسته داوت
گـــــلەی بــێ،وا عــەیادەت مــن نــەهاتی
وەک ئـــەو ڕۆژانـــــە وا،بــۆ لام ئــەهاتی
له ئــەم دۆنــیا فــەقەت،هــەر تۆیت ئــەوینم
عـــەزیزی چـــاوشیرین،مــەرگت نــەوینم
دڵـــــــی «نـــادر» له دووریت بـــێقەراره
قـــەراری ئـــێمه ئـــیتر،ســـەر مــەزارە!

# کەس لە تۆ ناچێ

تۆ وەك کەسێ نیت،کەس لە تۆ ناچێ
بێ با بتوینم،خەفەت با لاچێ
هەرگیز مەیژە پێم،بڕۆ،دوورەو بە
قسەی جیائی،بە سەرما ناچێ
بم بە دەربانێ،لە بەر ماڵەکەت
ئەوە پێم خوەشە،تا لە سەر تاجێ!
سەید ئەگەر عادەت،بکا بە سەییاد
هەرچەن دەری کەی،وەلێ هەر ناچێ
پەند و مەوعیزە،ناکا لێم ئەسەر
لە قسەی حەساو،سەرم دەرناچێ
ئەونە عەزیزی،لە بەر چاوانم
خوەشم تێ بکەم،کەوشەکەت ماچێ
وەعدەی سەر خەرمەن،بۆچیمە نازار؟!
تا نەیتە ماڵم،خەفەت دەرناچێ
شاد بی،بەرقەرار،داخت نەوینم
هەمیشە سەوز بی،هەر وەکوو کاجێ
بێتاقەتی تۆم،بێ تۆ ئەسووتم
هەر وەکو نانێ،ها لە بان ساجێ
بەرانبەر بە تو،من کەمم هاورد
وەك قۆماربازێ،کەم تێرێ خاجێ!
ئاخری لە پا،ئەمخا خەفەت تۆ
لە بیری «نادر»،چاوەکەو ناچێ

# کەلاوە کۆنە

چـــاو خـۆ چـاو نـیە،تـۆر سـەییادیە
شکـــاری عـــاشق،بـــۆ تـــۆ عـادیە!
دڵ مـــــن،دڵ نـــیە،شـــێتێ نـــاحاڵی
بـــۆ دیـــەن بـاڵات،کـاری،گـەراڵـی!
تــۆ ئـارامـی گـیان،سـۆکـنائی دڵـم
تۆ وەک ڕیشـەی دار،مـن شاخ و چڵم
دڵم خـوەش ئـەوێ،ئـەو وەختە کـە تـی
خەفەت دام ئـەگرێ،لە لای مـن،ئـەچی
ڕۆخی وەک مـانگت،شـا ئـەکـاتە مـات
وەزیر کیش ئەوێ،خـوەی ئـەخاتە پـات!
خــــەزان ئـەوێتە،بـەهار لە تـەک تـۆ
لە نـاو دڵبەران،کـوا کـەسێ،وەک تـۆ؟!
حـۆزوور تـۆ گـەرما،ئـەدا بە زمسـان
زوو بـــێ،بـا بـچێ،سـەرما لە زمســان
بـــــــۆ دووری تــــۆیە،دڵ بــێقەراره
دڵـــی ســــووتیاگـــم،پـڕ لە شـەراره
لە دووری چـــاوت،مــــن خــــەفەتبارم
بــۆ بـەزەیت نـایتەو،بـە حـاڵی زارم؟!
کـــەلاوە کـۆنەس،مـاڵە کـەم بـێ تـۆ
خوەشم تێ بمرم،بە خوا،بە جێ تۆ
تـــۆ گـــوڵ بـاخانی،«نـادر»،پـەروانـە
تـۆ ژیـر و عـاقل،مـن بـۆت دێـوانـە

# کەی تیتەوە؟

جوانیم لە دەس چوو،کەی بتوینم باز؟!
کەی تی دووبارە،بۆ من بکەی ناز؟!
ئـــارامـــی نـــەما،دڵـــم دوور لە تـــۆ
دڵـــم حـــەز ئـــەکـــا،هـــەر بـــە تۆ،بە تۆ
هەر تۆم ها بە دڵ،حەز بە تۆ ئەکەم
شـــیوەن لە دووریت،ئاخر بۆ نەکەم؟!
ئەگەر تۆم نەویٚ،جا دۆنیام بۆ چەس؟
لە ئـــەم دۆنـــیایە،هـــەر تـــۆم بـــویێ،بـــەس
کەسیٚ شك ناوەم،غەیر از تۆ،گشکەس
هەر تۆ بوویت عەزیز،بۆ من دڵواپەس
عـــەهد و قـــەرارت،لە بـــەر چی شکان؟!
هـــەر مـــاتڵ تـــۆیە،چاوی خوێن‌چکان
دێـــر هـــاتی وەلیٚ،بـــۆ چـــووگی ئـــازا؟!
بـــــیٚ‌خواحـــــافزی،زوو خـــــوەتۆ ڕازا!
یـــــاری جـــارانـــم،ڕەحـــمۆ بـــۆ نـــەما؟!
مـــنۆ بـــە جیٚ هـــێشت،تـــەنیا تـــەك غـــەما
شـــــیرین‌تر لە گـــــوڵ،ئـــــارامـــــی‌گیانم
لە بـــەر چـــاوم کـــەفت،بـــیٚ تـــۆ ژیـــانم
بـــۆچی بـــووگیتە،هـــەر وەك بـــێگانە؟!
نـــــەیتەو دووبـــــارە،مـــــاڵم وێـــــرانـــــە
سوێندت ئەدەم یار،بە خاوەن مەککە
دەس «نـــادر» جـــیا،لە دامـــەن مـــەکـــە

# کیش و ماتم

وتــۆ:«بــێ بــۆ لام»،مــنیش زوو هــاتم
تــا ڕۆخــی تــۆم دی،دیــم کـیش و مـاتم
بــۆ تــواشــای بــاڵات،بــەر ماڵت هـاتم
وتــم : «تــواشــام کـه،مـن خـاکـی پـاتم
ڕێگــەی بــەهەشتە،ڕێگــەی ماڵەکـەت
ئــەمخاتە بـیر بـاخ،سـەوزی شـاڵەکـەت»
ڕێگـــەی مــنۆ دا،مــن هــاتمە پــەنات
گــیانی شـیرینم،چۆن نـەکـەم فـەنات؟!
تۆ وەك شەمامەی،خوەش عەتر و زەریف
هـیچکەس تـەك تـوا،نـاوێتە حـەریف !
خـەرمەن زۆڵـفەکـەت،وەختێ ئـەیتە بـا
دڵــم بــا ئــەیوا،هــەر وەك پـەڕەی کـا
هـەر خـوەم بـە قـۆربان،ڕەفـتاری ژیـرت
بــە حــۆسنی ئــەخلاق،کـەفتگمە گـیرت
بـــۆ چـــاوخۆمارت،دڵـــم دا لە دەس
گیانم بە ساقەت،گـیان قـابل بـە چـەس؟!
دڵــی هــار و شـێت،بـێ تـۆ بێتاقەت
عـــەزیز مــــنی تــۆ،ســاحەیو لیــاقەت
کەلامت شیرین،هەر وەك کۆڵەی قـەن
خــەفەت لە دڵــما،ئــەکـەی ڕیشـەکـەن
دڵ «نادر»،بـێ تـۆ،جـاکـەی ئـەسرەوێ؟!
چەبکم بە دەس دڵ؟!،تـەنیا تـۆی ئـەوێ

# گەردوون

گەردوون،هەی گەردوون،گەردوونی زاڵم
تــــۆ بـــــە نـــــامەردی،گــردكتە حــاڵم؟!
گـــەردەنۆ ورد بـــێ،گـــەردوونی نـــامەرد
بۆ دائیم ئـەكـەی،لە تـەك مـن نـەبەرد؟!
ئەی فەڵەك،گەردوون،ژینی بەر چاوتەنگ
بۆ جیات كرد لە من،یاری زۆر قەشەنگ؟!
یـارت لە مـن سـەند،دوورت كـرد لە مـن
بە جێ ڕەحمكردن،زۆڵـمت كـرد بـە مـن
ئــــیتر نــەمماگــە،بــێ ئــەو،دڵــخوەشی
قسـمەت مــنۆ كـرد،بـێ ئـەو،ڕۆژ ڕەشــی
هــــەمیشە،جـــاران،لە لای دەسـم بــوو
لە بــۆ ڕزگــاری،هــەر ئــەو بــەسم بــوو
غــەیر بــە دیــەن ئـەو،دڵ نـاگـرێ ئـارام
فـــەقەت ئـــەو تـانی،دڵ مــن بكــا ڕام
بــە دەس خــوەم نیە،هــەر بیری ئـەكـەم
ڕۆژ بــە ڕۆژ زیـاتر،خـوەم پیری ئـەكـەم
ئەی چەرخی فەڵەك،گەردوون كەجمەدار
بۆ نەتكرد تەك من،بـە خـۆشی ڕەفـتار؟!
بــــە دڵـــێكی پــڕ،بــە دەسـتی خــاڵی
لەم دنـــــیا ئـــەچم،بســـیە ژیـــن تاڵی
یــارت لە مــن ســەند،شـەوقم نـەماگـە
بــۆ «نــادر» خــوەشی،ئـیتر چـە مـاگـە؟!

# گەردەنۆ ئازا

سەر لێ شێویاگم،پەرێشه حالْم
ئیتر ناتوینم،هاوار بە مالْم
لەو کاتەو دلْم،بە تیر تۆ پێکیا
قاتیم کردگە،سەرم لێ شێویا
دلْم له دووریت،ئاگربارانە
له دلْما حەسرەت،خوەشی جارانە
بە دەس تۆ نازار،دلْی من جریا
له دووای تۆ ئێتر،خوەشی لێم بڕیا
بە چاوی شیرین،بە زوْلْفی خاوت
بێ سێحر و جادوو،من کەفتمە داوت
هەر وەك گا،نیشتم،له بەر مالْەکەت
بەشکەم بوینم،خەت و خالْەکەت
هەرچەن پیرم و،ئیتر،نەجوانم
هێشتا ناوەکەت،ها له سەر زوانم
پیر بووم بە دەستەو،یاری نازارم
نازانم بۆ چە،ئەکەی ئازارم؟!
نازانم نازار،بۆچ واتە پێ هات!
منۆ ڕۆسواکرد،له شار و دێهات
هەرچەن له لای من،چووگی تۆ ئازا
ئازارم زۆر دی،گەردەنۆ ئازا
خەفەت دووری تۆ،له دلْ دەر ناچێ
مەگەر ناو «نادر»،له هەستی لاچێ

# له بیرم ناچی

هــــەمیشه نـــاوت،هـــا له ســەر زوانــم
شــــەو بــێره خـــەوم،چـــاوت بــڕوانـــم
له بــــــیرم نـــــاچی،شـــــیرین‌زوانـــــم
له بـــیربردن تـــۆ،جـــا چـــۆن ئــەتوانـم؟!
تـــۆ هـــــەی له کـــــوێنا،نــــازەنین‌یارم
ئـــــەمه بـــــەینێکه،مـــــن بـــــه تـــــەمارم
له دڵـــــما دائـــــم،خــــــەفەت مـــــێمانه
عــــــەجەب مـــــێمانی،نـــاچێ لەم لانـــه!!
له لای تۆ نـازار،ژیـنم چـه خـوەش بـوو
وەلێ وەختێ چووی،ژینی من ڕەش بوو
ئـــــەسیر دوو چـــــاوی،شـــۆخ و بـــەڵاتم
دەس له بــــــــانی دەس،بـــــێ‌دەسەڵاتم
له دووای تـۆ دائـیم،مـەینەت بـەشم بـوو
جفتێ شەش لازم،مـن‌یەک شـەشم بـوو!
دەردی دەروووونـــــم،دەردێ لاعــــەلاج
دەردێ له نـووک پـا،هـەر تـاکـه مـەلاج
مــه گـــەر تـۆ بکـەی،ئـەم دەرده عـەلاج
لۆکەی بێ‌مەسرەف،خاس ئەکـا هـەلاج!
تۆ ساقی من بوویت،مـن مـەستی بـادەت
ســـاقی‌نازەنین،ســـەخته تـــەرک عـــادەت
بـــاز بـــۆ لای «نـــادر»،ئـــاواتـــه کـــەم بـێ
تۆ نەوی لامەو،دڵـخوەش کـەم بـه کـێ؟!

# لەیلم بێمەیلە

لە بـــەر چـــاوانـــم،ڕوومــەتێ لەیــلە
بـــەداخـــەو لەیــلم،بــە مــن بــێمەیلە
یـــارم بــێمەیلە و تــەحوێڵ نــاگــرێ
لە جــەرگم دەرهــات،کــزەی ئــاگــرێ
دیــەن ئــەو یــارە،هــەر ســەر نــاگــرێ
نــامەیش ئەگــەر بـەم،لێـم وەر نـاگــرێ
کـــلێڵ درگــای دڵ،کــەفتە دەس یــارم
بـــە تـــیر بـــرژانگــی،مــن گــرفتارم
تـــیژی بـــرژانگ و بـــرۆی دڵــدارم
بـــرینی نـــیاگـــە،بـــان دڵ هــەژارم
دیــمەن یــارەکــەم،وێــنەی مــانگەشەو
چــاوم دوور لە ئــەو،هــەر نــاچێتە خــەو
چـــاوم پـــڕ لە ئــاو،دڵ پــڕلە زوخــاو
وەک ماسی مردگ،دڵ کـەفتە سـەر ئـاو!
یـــاری شـــیرینم،شــیرینە وەک تــوو
بە پای ئەو سووتیام،جوانیم لە دەس چوو
یـــاری دوور لە مــن،لە مــن بــێخەوەر
وەک شاخەی چنار،چووگمە ژێر تەوەر!
ئیتر وەک بـەفرە،مـوی چـەرمگ سـەرم
هــەم یــار،هــەم خــوەشی،دوورن لە بـەرم
هـــاوینیش بــێ ئــەو،نســرم و ســەردە
ڕەنگ و ڕووی «نـادر»،وەک گـەڵازەردە

# ماسی سوور

مـــن ئـــەو مـاسیمە وا،دوورم لە دەریـا
خـــەفەت،مـــەینەت،بـــەڵا،ڕژیا بـە سـەریا
ئـەوێنم دەوری خـــوەم،دیـــواری شـــیشە
بـــە تـــەنیایی،لە زیـــندانـــم،هـــەمیشە
لە ئـــەم زیـــندانـــە دائـــم،بـــۆی بـــەڵا تـێ
خـــۆ نـاوینم بـە چـاو،ڕێگـەی نـەجاتێ
ڕەنگم سـوورە،وەکـوو گـوڵگەڵ بـەهاری
لە نـــاوەو،پـــر لە زووخـــی بـــێقەراری
ڕەنگ و ڕۆخساری سوورم،ڕەنگی خوێنە
بـــریندارم،ڕەفـــێقان،هـــان لە کـــوێنە؟!
دڵ و هـەم تـۆنگی مـن،زۆر تـەنگە یـاران
لە بـیرم کـەی ئـەچێ جـا،بیری جـاران؟!
بــە ڕۆژ و شـــەو،لە تـرسا هـــەر ئـەلەرزم
پـــەژارە و مـــەینەت و غـەم،بـووگە فـەرزم
دڵـم بـۆ بـەحر و دەریـا،شێت و هـارە
لە دەریـــا،بـــەزمی شـــادی بـەرقەرارە
دڵــــم،دێــــوانـــە،عـــاشق،بـــێقەرارە
بـــە تـاسەی ڕوومـەت و ڕۆخسـاری یـارە
فـــەڵەک،ڕۆژێ بـە مـەیلی مـن،نـەگـەڕیا
ئەشێ ڕۆژێ بـچم،خـوەم خـەم بـە دەریـا
ئـــەکـــەن یـاران و دۆسـان،لێـنە قـاوم
بـــیانوینم،ئـــەوێ،ڕۆشـــن دوو چـاوم

بچم تـەرك ئـەم دیـارە و،ئـەم هـەوا كـەم
فــــیراقـــی یــار و دەردی دڵ،دەوا كــەم
پەیا كـەم قـەوم و خـزمی خـوەم،دووبـارە
لەگـــەڵ یــارم،تـــواشـا كــەم هــەسارە
خــــەفەتبارم،بــە كـۆڵم غـــەم ئـە كـێشم
لە تــــەنیائی،شـــــەو و ڕۆژان،پــــەرێشم
فــەقەت «نــادر» ئـەزانـێ،مـن چـە ئـەیژم
بـــە لایــەو،دەردی دووری،بـۆیە ئــەیژم

# ماڵم وێرانەس

مـــاڵم وێـرانـەس،بـێمە نـاو مـاڵت؟!
بـــــوینی حـــاڵم،بـــوینم خـــاڵت؟!
بــێ تـۆ نــەماگــە،نـە سـەبر،نـە تـاقەت
تــۆ هــەی لە کـوێنا؟!تـا بـم بـە سـاقەت!
تەپ و تۆز ڕێگەت،سۆرمەی چاوەکـەم
بــرۆی کــەوانت،شــەو،مـێحراوەکـەم
دڵ سـاف و سـادەم،بـردۆ بـە غـارەت
بــووگە بــە ئـاوات،دیــەن دووبـارەت
ئـــەسیرت بـووگم،بـە دەسـتەو،گـیرم
نـــاوە جــوانـەکـەت،نـاوەم لە بـیرم
یـــــادگارەکـــەت،هــێشتا لە لامــــە
لە وەخت دڵـــــتەنگی،پشت و پـــەنامە
نـــازانـــم بــۆچە،نــاپرسی حــاڵم!
لە دووری تـــۆیە،ئـــەونە ژیـــن تـاڵم
هـــەروا ئــەزانـم،زەنـجیر کـرِیاگـم
پــەر و بـاڵم کـوا؟!چـەنی دامـاگـم!
کـــارم ڕۆژ،خــەفەت،شــەوگەل،نـاڵەیە
ژیـــنی تـــاڵی مـــن،بـــامە تـــاڵەیە!
ئـاگـر لە سینەم،وەک کوورە بـەر بـوو
بە حەسرەت وەسڵت،عۆمرم بە سەر چوو!
دەوای دەرد «نــــادر»،جــــام و پـیاڵەیە
ڕۆژی،وەک شەو ڕەش،ئەیژی سیاڵەیە!!

# مانگ‌ڕۆخسار

ڕوومەتی جوانی،وەک مانگ،ئەدرۆشێ
دیمەنی بە مانگ،هەر فەخر ئەفرۆشێ
منی خست لە پا،بڕۆی کەوانی
خۆزگە ئەبوومە،خەیاڵ شەوانی
دڵتەنگم بۆ ئەو،حەفت ڕۆژێ حەفتە
دڵی من ئاگر،ئەوین ئەو نەفتە!
کەنین و شادی،بێ ئەو لێم دوورە
ئەونە گیریاگم،چاوگەلم سوورە
نەمزانی بە ناز،دڵ ئەخاتە داو
عاشێقم ئەکا،ئەمکاتە بەدناو!
دڵخوەشیم ئەو بوو،دڵخوەشیم نەما
تەنیا ئەستێرەم،ئەو بوو،لە سەما!
کار ئەم زەمانەس،هەر هات و نەهات
دڵدار وەفادار،ئیتر بووگە قات!
ئاو ئیتر گۆزەشت،لە گەردەن،لە سەر
بە سۆرعەت،وەک با،عۆمرم چۆ بە سەر
خەتای کەس نیە،خوەم چارەڕەش بووم
لە شای و خوەشی،دائم بێ بەش بووم
خوەم کەم بە ساقەی،ڕۆژێ لە ڕۆژان
هەرچەن کە ڕووگە و،ڕووی لە من پۆشان
«نادر»،خاترخای،باڵاکەی ئەوە
تا یاری نەیتەوە،ڕۆژێ هەر شەوە

# مانگی شەوچواردە

چـاوت،مـەست‌ترە،لە تـواو چاومەسان
شـــیرین‌تری تـــۆ،لە تـــواوی کـەسان
مانگی شەوچواردە،کەی وەك تۆ ئەوێ؟!
مـــاتڵ دیـەن تـۆم،هـەر ڕۆژ و شـەوێ
چـاوانت سـەندی لە مـن،سـەبر و هـێز
هەر وەك،ئـەو ئاسە،ئـەیکوتنە بـان مـێز!
بــــە شــــوێنتا وێـــڵم،وێـــڵانی شـاران
لە شـــاری ســـنە،هـەر تـا کـە تـاران
ئـەونە گـیریا گـم،کـوێر بـووگە چـاوم
لە هـــیجرانـــی تـــۆ،ئـە گـریجەخاوم
خـــەتای مـــن چـە بـوو؟،نـازەنین‌ڕەعنا
دوورت گرت لە من،بۆخوەش،وەك‌نەعنا!
یـــادگار تـــۆیە،چـــاوی پـــڕ بـاران
بۆ سـەرم لێ نـای،وەك جاری جاران؟!
لە ئـەم دۆنـیایە،مـن فـەقەت تـۆم هـەس
بـە خـۆشی تـۆوەو،ئـە کـێشم نـەفەس
بـێ بـا فـێنک بـێ،دڵ پـڕ یـاوەکـەم
بـــا وشکـەو بـیتەو،تـاوێ،چـاوەکـەم
بـــێ بـا بـتوینم،خـۆ لێت،کـەم نـاوێ!
رازیـــم بـــتوینم،لە گـۆشەیك،تـاوێ!
چـــە ئـاسان «نـادر» کـەفتە نـاو داوت!
وێـــڵی نـــەکـەی،تـا،ئـەینیتە تـاوت!

# من بەسەزوانم

لە نـــاو خـــەیاڵم،بـــۆ تـــۆ ئـەڕوانـم
جـەفام پـێم مـەکـە،مـن بـەسەزوانـم
تـــا تـــۆ ئـەوینم،زوو خـوەم ئـەبازم
ڕەنگـــم ئـــەپەڕێ،ئـــەی گـوڵی‌نازم
دوور لە تـــۆ حـــاڵی،دڵـــم خـــراوە
وەک گۆشت قۆروانی،پـەل پـەل کـراوە!
تۆم زۆر خـوەش ئـەوێ،زۆرتـر لە گـیانم
مـــەبەستی مـن تـۆیت،لە نـاو ژیـانم
خـوەشم تـێ لە گـوڵ،ئاخر تۆ گـوڵی
شـیرین و خـوەشبۆ،وێـنەی سـۆنبۆڵی
تـــــەمارم ڕۆژێ،تـــۆ بـیتە مـــاڵم
وەک حـەکـیمێ خـاس،بپرسی حـاڵم
هـاژەی ئـاو هـەر تـێ،لە کـانی چـاوم!
بـــۆ ئـــەوە،چـــووگە،لە بـیرت نـاوم
هەم شەو و هەم ڕۆژ،لە بەر چاو من ڕەش
بە غـەیری وەرهـەم،نەودا بـە مـن بـەش!
بـــیکە بـــۆ خـاتر،ئـەو چـاوە مـەستە
مـەمکۆژە،هـەرچـەن،حـەقت بـە دەسـتە
مـــەچۆ،بـــا نـــەچێ،شـادی ژیـانم
ئـــەزانـــم بـێ تـۆ،دەر ئـەچێ گـیانم
کـەنین،نـازەنین،بـێ تـۆ چـە سـەختە!!
تـــۆ نـــەوی «نـــادر»،ئـیتر بـەوبەختە

# مۆسافر

چـووگی بـۆ سـەفەر،عشـقت لە لامـە
دڵـــم عـــاشقە و،هــەر یـەك كـلامە!
خــــاتر عــەزیزت،لە دڵ مــاگــە جـێ
لە چـاوم بـاران،هــەروا چـۆن ئـەچێ!
ئـــەمخاتە بـیر تــۆ،ســەر چـنارە كــان
گـــوڵ و شكـۆفە و گـەڵای دارە كــان
شــــەوێ خــەوم دی،«ئـەهاتی لە دوور
چـاوم ڕۆشـــن بــوو،دڵـم پــڕ لە نـوور
چـوینە بـەر مـاڵت،بـەر پـەنجێرە كـەو
ئـیشارەت لێـمكرد،بـە سـەر پـەنجە كـەو»
دیەن خەو لە كوێی؟!،دیەن تۆ لە كوێی؟!
ڕۆژی ڕۆشـن و،تـاریكشەو لە كـوێی؟!
نــازانــم بــێ تــۆ،ئیتر خـوەشی چـەس
بـــێرەو دووبــارە،دەس بـنمە نــاو دەس
مـــاڵە كـــەم بـێ تــۆ،بـووگە وێــرانــە
بـــێرەو دووبـــــارە،خــــوەشی بـێرانــە
بــۆ دیــەن بــاڵات،خــوەم تـێمە پـێشواز
وەك كۆتر،ئـە كـەم،بـۆ لای تـۆ پـەرواز
وەخـــــتێ هـــاتیتەو،جـــا بــێرە مــاڵم
بـــــا لە نـــزیكەو،بـــزانـــــی حــــاڵم
چـــــــاوئینتزار و،دەس لە بـــانی دەس
دڵ «نادر» فـەقەت،تـۆی ئـەوێت و بـەس

# مۆعتادی تۆم

ڕۆژێ لە ڕۆژان،تــۆ بــە گــیر تــێرم
ئــەیژم مــۆعتاد تــۆم،مــن بــە تــۆ فــێرم
مــن مــۆعتادی تــۆم،تــۆ عــادەت منی
مـــــــانعی زکـــــر و عــــیبادەت مـــــنی
مــن بــێ تــۆ خــەوم،هــەر پیا ناکـەفێ
بــەوبەخت ئـەو شـایە،ڕۆژێ،گاکـەفێ!
ژانـــم پـــیا پـــێچیا،بــێ کــە عــەلاجم
بــێ با بـم بە شا،خوەت بی بە تـاجم
شـــیرین‌تری تـــۆ،لە شــیرین فــەرهاد
بــێچارەمۆ کــرد،هــەی داد،هــەی بێداد!
ئــەی شــیرین،تــەبیب،بــێ بگــرە یــاوم
بــەشکە وشکــەو بــێ،فــرمیسکی چـاوم
کــەی تیتەو بۆ لام،دۆسە دوورەکـەم؟!
ســـــەمەر ژیـــانم،سـێفە ســوورەکـەم؟!
شــەو و ڕۆژ بێ تۆ،خـەریك ڕنـجەڕۆم
ئــەگــەر دێــر بـیتەو،لە دۆنـیا ئـەڕۆم!
بــــێ ســــەرم لێ بــە،دڵــم زۆر ئــەیشێ
لەو ڕۆژەوکە چوویت،نەمدی هیچ عەیشێ
هــەر وەك مــۆعتادێ،بە تۆ مۆحتاجم
تـــا بـــاست ئـەکـەم،ئـەیژی وراجــم
«نــادر»،دەرد هـیجران،تاکـەی بکێشێ؟!
بـــێرەو بـــا خــوەشی،بــازهەم بــچێشێ

# مۆناجات

عـــەقڵت دا خـالق،مـن نـەمخستە کـار
تـەک عـەقڵ و مـەنتق،مـن کـردگمە قـار!
دڵت دا بـــە مـــن،کـە دڵ بـەم بـە تـۆ
وەلێ بـــە نـــاحەق،کـــردم ڕەم لە تـۆ
چـــاوت دا جـفتێ،کـە خـاس بـتوینم
نـــەتم دی،کـــوێر بـم،تـا ڕۆژ ڕویـنم
بە ئەو دوو گـوێچکە،کـە تۆ دات بـە مـن
پەندم گوێی نەدا و،دڵ گوێی نـات بـە مـن
دەستت دا کـە دەس،بـەر نـام لە دەرگـات
بـێچارە بـە خـوەم،هـەوەس بـەرم نـات
دو پـــات دا بـــچم،بـە ڕێگـەی ڕاسـە
کەفتمە شوێن شەیتان،ئەمە کـەی خـاسە؟!
زوانت دا بـــێژم،حـــەمد و سـەناکـەت
حـەمدم نـە کـرد و،کـەفتمە فـەلاکـەت
عـەتات کـرد بـە من،ئـەم دۆنـیاگـەورە
وەلێ دیت کار مـن،هـەر جـەفا و جـەورە
مـن تـەرکی تـۆم کـرد،تۆ تـەرکم مـەکـە
لاڵ بە حەمدی خوەت،ڕۆژمەرگم،مـەکـە
سـاقەی سـەر ڕەسـووڵ،خـالق خـەتاپۆش
هـەرچێ خـەتام هـەس،بـیکە فـەرامـۆش
تۆ گەورەی،خالق،مـن بـووچک،زەعـیف
ڕەحـمێ کـە،ڕەحـمان،بـە «نـادر»،نـەحیف

# مەڕۆ

بـــا تـــەنیا نـــەوم،لە لای مـــن مـــەڕۆ
دۆنـــیا بـــە بـــێ تـــۆ،وەک کـــۆنە پـــەڕۆ!
چـــاوم گـــیریاگـــە،پـــڕ جـــامێ شـــەراو
دۆنیام لە بـەر چاو،بووگە وەک سـەراو
تۆ نەوی،شادی،سەر لە من کەی ئات؟!
دڵـی دێـوانـەم،هـەر سازی نـەی،ئات!
تۆ بی بۆ لای من،تەک تا تێ خوەشی
زوو هـــەڕا ئـــەکـــات،لە لام ڕۆژ ڕەشـی
خـــۆ درۆ نـــاکـــەم،بـــە خـــواوەن قـــەسەم
عشـــقت هـــا لە نـــاو،تـــەواوی جـــەسەم
تـــەرکی مـــن مەکە،من بە تۆم پابەن
دڵـــی تـــۆ بـــەردە،یـــا مشـــتێ ئـــاهەن؟!
دۆنـــیای مـــن بـــێ تـــۆ،ئـــەرزشی نـــیە
دڵ شکـــیاگ بـــەرگەی،لەرزشـــی نـــیە!
تکـــات لێ ئـــەکـــەم،دەسم بـــە دامـــەن
بـــە فـــارسیش ئـــەیژم،«بمون تـــو بـــا مـــن»
لە ئـــەم دۆنـــیایە،تـــۆ حـــاجەت مـــنی
مـــن ســـاقە و گـــەڵا،تـــۆ ڕیشـــە و بـــنی
مـــن وەک کـــەویرم،تـــۆ کـــانی ئـــاوی
مـــن خـــار و درک،تـــۆ گـــوڵگوڵاوی!
تـــۆ لەیـــل «نـــادر»ی،شـــیرینی تـــەنناز
هـــەرچـــەن ئـــەزانـــم،ئەمکۆژی بە ناز!

# مه که ئازاری من

دوو چـــاوی پــڕ له نــازت،پــڕشه‌راره
بـــه بـــۆنی تـــۆ،ژیـــانم بـه‌رقه‌راره
بۆ دووری که‌ی له من؟!،ئـه‌ی نازه‌نینم؟!
هه‌رتا کـه‌ی،شـه‌رم و نـازێ تۆ،نـه‌وینم؟!
خـــه‌یاڵی تـــۆ،کـه تـێته نـاو خـه‌یاڵم
چـه‌نێ شـیرین ئـه‌وێ،زوو ژیـنی تـاڵم
جـــه‌ماڵێ وه‌ك تـۆ شـیرینم نـه‌دیگه
خـــوه‌شه مـاڵێ،بـه مـاڵی تـۆ نـزیکه
خـوه‌شه ڕۆژێ بـوینم پـه‌نجێره‌ت بـاز
له پشت ئه‌و په‌نجێره‌و،بۆ مـن بکـه‌ی نـاز
له دووری تـــۆ بـــزا حـاڵم چـه زاره!
خـه‌فه‌ت تـۆ،له دڵـی مـن،سـه‌د هـه‌زاره
بـه شـۆینت کـه‌فتگم مـن،ده‌س بـه‌دامـان
له مــن بـێزار مــه‌وه،ئـه‌ی دڵـبه‌ر،ئـامان
له بـــیربردن تـــو،کـــارێکی مـه‌حاڵه
نـــه‌جاتم بـــه عــه‌زیز،له‌م ئـاه و نـاڵه
ئه مـن شـه‌معم،بـه عشـقی تۆ ئـه‌گـرسم
ئـــیجازه‌م بـه،کـه بـێم،حـاڵت بـپرسم
تکـــا کـــارم له خـواوه‌ن،بـێقه‌زا بـی
به قـۆربانت ئـه‌وم،گـه‌ر خـوه‌ت ڕه‌زا بـی
ســه‌رێکم لێ بـده،نـه‌مماگـه تـاقه‌ت
مـه‌کـه ئـازاری مـن،«نـادر» بـه ساقه‌ت

# مەکە مەنعم

بـــە چـاوانت بـە مــن کـردۆ ئـیشارە
وەکـــوو دێــوانــە،عــقلم دا ئـیجارە!
وســـاڵت بــــووگە ئــاوات و ئــەوینم
نـــەوی،مـــیخام ژیـــان ئـیتر نـەوینم
ئـــەکـــا دێـوانـەدڵ،چـاوی تــۆ داوا
بـــووە مـــێمان و،دەردم کــــە مـۆداوا
لە دووری چـاوی مـەستی تۆ،خـۆمارم
بـــۆ نـاپرسی لە ڕەنــجی بـێشۆمارم؟!
لە دووریت هــەر،هــەناسە هــەڵئەکێشم
بـــە خـاتر تـۆیە لەرز و،یـاو و ئـێشم
لە خـــەودا،تـۆ ئـەوینم،ئـەی ئـەوینم
وەکوو تۆ،کـوا گـوڵێ،نـاو سـەرزەوینم؟!
بـــەیانی،ڕۆژێ ڕۆشـــن،تـا خـوەراوا
مـن و دڵ،هــەر لە سـەر،تـۆمانە داوا!
بـــمێنە،دۆس و یـــار و ئــــاشناکـــەم
لە بـەحری چـاوەکـانت،بـا شناکـەم!
تـــۆ دڵسـۆز و ڕەفـێق و یـاری بـاشم
لە بـــان دارێ،گـوڵم،نـاووت ئـەتاشم
مـەکـە مـەنعی دڵە دێوانـەکـەی مـن
سـەرێ بـە،بـێرەناو،وێـرانـەکـەی من
تـــۆ ڕۆژی حــەشر و بـازاری قـیامەت
مەکە «نـادر»،لە سـەر عشقت،مـەلامەت

# مەگەر کافری؟!

بۆ نایەتەو بۆ لام،عەزیزگیانەکەم؟!
لە بەر چاو ئەخەی،بۆ ژیانەکەم؟!
بۆ وەکوو جاران،حاڵم ناپرسی؟!
مەگەر کافری؟!لە خوا ناترسی؟!
چاوم لە دووریت،وەك کانی ئاوێ!
داخی تۆ لە دڵ،هەر کۆنە ناوێ
چاوم بە قوربان،دوو چاوی کاڵت
بێ بۆ لام ڕۆژێ،بنیشمە پاڵت
سەبرم زیا نیە،وەك سەبری ئەییووب
دڵی من شیشە،شکیاگ و مەعیووب!
ئەگەر نەی،بە خوا،تێمە بەر ماڵت
خوەم شەهید ئەکەم،بە خاتر خاڵت
دڵم بە غەیر تۆ،بە کەس خوەش نیە
بە غەیر از خەفەت،بۆ من بەش نیە
ژانم پیا پێچیا،لە دەس ئازارت
من ئەکەی فیدای،گەرمی بازارت؟!
فەرقی چەس بێ تۆ،مان و نەمانم؟!
بە جێ عزرائیل،خوەت بگرە گیانم
نەخوەش باڵای تۆم،بۆ تۆ هیلاکم
بۆ چیمە بمرم،بیتە سەر خاکم؟!
ئەگەر بی بۆ لام،خەفەت چێ لە لام
ژین «نادر» ئەوێ،شیرین و بەکام

# نازارەکەم

دڵ ئـــاوارە بـــوو،بـــە شـــوێن نـازارم
هـــەر ئـــەو نـــازارە،ئـــەیدا ئـــازارم
لە بـێ‌تاقەتی،ڕووی خـوەم کـرد لە باخ
بـوڵبوڵ و قـۆمری لە سـەر شاخ و داخ
لە گـۆشەیێک نـیشتم،دەس و پـا خـەسە
دیـم یـارەکـەم هـات،بـەو چاوە مـەسە!
سـلامی کـردم،وتـی : «سـلام لە مـن»
وتم : «قەی چاکا،تویش دڵ،بەی بە من؟!
لە لای مـن مـەڕو،بـا دڵـم نـەشکێ
مەگەر خواردوومە،بە ناحەق بـەش کـێ؟!
بـە چـاو شـیرینت،تـاوێ بـۆم بـڕوا
کـێ هـەسی ئـێتر قـژ،درێـژ،فـڕ،وا؟!»
لە لام بـمێنە،بـا تـاسەم بشکـێ
لە دوای تـۆ نـازار،نـاز بکـەم،قژ کـێ؟!
قـاوکە لێـم تـۆ خـوا،خـوەشە تـەنینۆ!
چـەنێ حـەز ئـەکـەم،مـن بـە کـەنینۆ!
وتـــی : «ئـــاشقی بـــازاری نـــەما
دەورەی دڵـــبەری،نـــازاری،نـــەما!»
تـا چـاوم بـاز کـرد،دیـم یـارم چـووگە
دڵ پـڕ لە ئـاگـر،وەک تـەنوور بـووگە!
نەمزانی کەی هات!،نـەمزانـی کـەی چـوو!
بـەین مـن و ئـەجەڵ،مـاگـە تـەڵێ مـوو!

له مـن خـەفەت ئـەو،خـۆ دەس نـاکـێشێ
دڵ و دەس و پـــــا،گـــژگیانم ئـــێشێ
ڕۆخسارم زەرد و موی سەر،لە ڕەنگ دیان
مـاگـە لە عـۆمرم،تـەنیا فـەقەت سیان!
ئـــەونە پـــیر بـووگم،کـەسێ نـامناسێ
بـەم زوویـە ئـەمرم،بێ دەنگ و بـاسێ!
یـــاڕەب بـــە خـــاتر،شـەونوێژکەرانـۆ
ڕەحـــمێ خـــەرە نـــاو،دڵ دڵـبەرانـۆ
تـەپ و تـۆز و ڕێـخ،بـەر ماڵ یـارەکـەم
مـن عـەوەز نـاکـەم،بـە تـواو شـارەکـەم
دڵـــم دارزیـــاگ،جـــەرگم کـــەواوە
خـــوەشی دڵ «نــادر»،بــێ ئـەو تـەواوە

## نامە

نامەیەك ئەنووسم،بە فرمیسکی چاو
بۆ یارەکەی خوەم،وا خستمیە داو
بۆ یاری نازار،عەزیزتر لە چاو
کە چاوم بێ ئەو،پڕ ئەوێ لە ئاو
بنووسم:«بۆ تۆ،جەرگم کەواوە
دڵی من مۆحتاج،بە «ت» و «واوە»!!
قەزای چاوەکەت لە چاوم کەفێ
خۆزگە دڵەکەو،بە داوم کەفێ
چاوم دوور لە تۆ،هەرگیز ناخەفێ
جەژنە ئەو ڕۆژە،چاوم پێت کەفێ
دوورم لە چاوت،حاڵم خڕاوە
درگای دڵ فەقەت،بۆ تۆ کراوە
وەك زیندانیە،دڵم دوور لە تۆ
هیچکەسێ نیە،باندەس،ژوور لە تۆ
ژین و ژیانم،بێ تۆ فانیە
خۆزگە زوو بمرم،ئێشێك ئانیە!
دەور و بەرم چۆڵ،کەس نەما لە لام
دەردێکم هەس من،بێدەوا و،زەلام
قەسەم بە دین و قەسەم بە پیرم
خاترجەم بە تۆ،ناچی لە بیرم
لە بیرم بوەی،لە بیرت ناوەم
مەگەر ناو «نادر»،لەم ژینە لاوەم

# نامەوێ

دڵ لە دڵدارم،ئەگەر،نەگرێ خەوەر،من نامەوێ
ئەو نگارە،بێ لە دڵ من بێخەوەر،من نامەوێ
شەو ئەچم،کۆڵان بە کۆڵان،تا بگەیمە،ماڵەکەی
بانگی کەم تا بێتە دەر،گەر نەیتە دەر،من نامەوێ
ئەو قەراری بەستووە،بموا لەگەڵ خوەی،بۆ سەفەر
گەر بکا ئەو دڵبەرە،بێ من سەفەر،من نامەوێ
من بە ئاواتم،بچم بۆ باخ و گولزارێ،وەلێ
گەشت و سەیران،بێ حۆزووری هاوسەفەر،من نامەوێ
چۆنکە عۆمر و،گیان و ڕۆح و،ژین و ئائینم ئەوە
عۆمری من،ئەو دڵبەرە،باتە هەدەر،من نامەوێ
گەرچی خوەم،وەك بولبولێ،بۆ یار،ئەناڵم،ڕۆژ و شەو
بولبولی کۆنجێ قەفەس،بێ باڵ و پەر،من نامەوێ
بووگە دڵ،دۆژمەن لە تەك من،هەر بە خاتر،یارەکەم
گەر بکا شێت و،لە شارم دەر بە دەر،من نامەوێ
ئەم هەموو ناڵە،کە وا دەرتێ شەو و ڕۆژان لە دڵ
گەر لە دڵ دڵدارەکەم،بێ بێئەسەر،من نامەوێ
من غەریقی بەحری فرمیسکی شەو و ڕۆژی خوەمم
هاتنی،گەر بۆ گزەرێ،ئاوم لە سەر،من نامەوێ
ژینی «نادر»،بێمەلال و مەینەتی و،بێ خەفەت
گەرچی هەم ئاسان و سەهلە و بێخەتەر،من نامەوێ

# نۆقڵەدەم

له دووری یـــاری‌شیرین،کــرچ و کــاڵم
وه‌کـوو نـه‌ی ،هه‌م شه‌و و هه‌م ڕۆژ،ئه‌ناڵم
عـــه‌زیزم چـــاوشیرین،نـــۆقڵه‌ده‌مێکه
دوو چاوم پڕ له فرمیسك،چۆن چـه‌مێکه
له مـــن دووره‌و بـووه،بـه‌ینێ،ده‌مـێکه
فـیراقـی ئـه‌و،عـه‌جه‌ب ڕه‌نـج و غـه‌مێکه!
زه‌مانی دڵخوه‌شی ته‌ك ئه‌و،به سه‌ر هات
هه‌ناسه‌ی من له‌کۆنجی سـینه،ده‌ر هـات
عه‌زیزم تا‌که چوو،ڕه‌نج و خه‌فه‌ت هـات
گۆمانم وه‌ختیه،بێژن بـه مـن «کـات»!!
له ئـــه‌وکـاته‌و،له ئـه‌و دڵـداره بـڕیام
وه‌کــوو نـامه،به‌ ده‌س ئـه‌و یـاره،دڕیـام
له دووری ئـه‌و،وه‌کـوو ئـاگـر ئـه‌سووزم
به ده‌س یارم،به خاك،کێشیاگـه پـووزم!
نگـــارم چـــوو،وه‌لێ،مـن لێ نـه‌بریام
وه‌کوو شه‌معێ،وه‌کوو ئـاگـر،ئه‌گـڕیام
له مـــن دووره،وه‌لێ،هـــه‌ر تـێته بـیرم
شـــه‌وانـه تـا بـه‌یانی،بـۆی ئـه‌گـیرم
وه‌کـوو زیـندانـه بـێ ئه‌و،ئه‌م دیـاره
دڵـی مـن کـون‌کـون و،پـڕ له شیاره!
دڵـی «نـادر»،دووچـاری عشـقی یـاره
هـــه‌رتا ئـــه‌و ڕۆژه ژیـــنی بـه‌رقه‌راره

# نەبوون

دەوای دەردەکـــەم،هـــا بـــە لاتـــەوە
دڵـــم هـــەر تـــاسەی،تـــۆ ئـــەکـــاتەوە
لێـــوت شـــیرینە،وەک شـــاخەی نـــەوات
دەرد و بــــــرینم،لە دڵ لائـــــــەوات
دەمت وەک نۆقڵە و،بە ڕەنگـی خۆنچە
چـــەنێ شـــیرینی،خـــوەش لار و لەنـجە!
ئـــــەسیرت بـــووگم،بـــێ‌زەنجیر و بـــەند
دڵ قـــەبووڵ نـــاکـات،نـەسێحەت و پـەند
ئـــەسەر لێـم نـاکـات،پـەندی ئـەم و ئـەو
شـــەو بـــە یـــادی تۆ،چـاو ئـەچێتە خـەو
بە شەوقی تـۆیە،سـفح چـاو بـاز ئـەکـەم
ڕۆژم وەک شــــــەوە،شـــــیرین‌نازەکـــەم
خوەم ئـەوپەرەستم،وەک بـۆت‌پەرەستێ
ئـــەگـــەر بـــە زوڵـــفت،بکـێشم دەستێ
بـــەو چـــاوە مـــەستە،ئـــاگـــرێ تـــێمخە
بـــە قـوربانت بـم،قـەزای خـوەت لێمخە
ئـــەم هـــەموو ڕەنـــجە،بـــە بـــۆنی تـــۆیە
دڵـــە شـــێتەکـــەم،بـــێ تـــۆ ڕۆڕۆیـــە
نـــــازەنینەکـــــەم،بـــۆچە وا ئـــەکـــەی؟!
لە لای ئەم و ئەو،مـن ڕۆسـوا ئـەکـەی؟!
تـــواشـــای گـــوڵ ئـەکـەم،تۆ تـیتە خـاتر
خـــــاترم بگـــــرە،تـــۆ مـــەرگی «نـــادر»

## نەما ئەو دەورە

نە غەمخوارم هەس،نە کەس لێم ئا،سەر!
نە یار ئەپرسێ،نە کەس ئا،لە دەر!
نە هاونشینێ،نە دۆس و یارێ!
نە راز و رەمزێ،نە وەفاداریێ!
نە بۆی گوڵێ تێ،نە یارەکەم تێ!
نە پەیغامێ خوەش،لە یارەکەم تێ!
نە وەعدەی دیدار،نە وەختی قەرار!
نە ئاو بۆ ئاگر،نە دیداری یار!
نە یارێ دڵسۆز،نە جامبەدەستێ!
نە وەك من ئاشق،نە بۆتپەرەستێ!
نە ئارامم هەس،نەدڵارامێ!
نە ساقی لە لام،نە پیاڵە و جامێ!
نە مەس مەیخانە،نە مەیپەرەستێ!
نە دێوانە و شێت،نە وەك خوەم مەستێ!
نە سەبرم ماگە،نە قەرارم هەس!
نە دڵخوەشیم هەس،نە لایدەسم،کەس!
نە تەبیبم هەس،نە دەوا و دەرمان!
نە یادی یاران،ئەچێ لە سەرمان!
نە قەوڵ و قەرار،نە وەفا ماگە!
نە مەیلی سەفەر،نە سەفا ماگە!
نە سەیران خوەشە،نە باخ و چەمەن!
نە سەحرا ئەچم،نە دەشت و دەمەن!

نـــه دیـــن و ئـــیمان،نـــه قـیامەتێ!
نـــه ئـــەمین مـاگـە و،نـە ئـەمانەتێ!
نـە خـاترات خـوەش،نـه ژیـنم بـه کـام!
نـە خـوەر ئـەوینم،نـه هـەسارەی شـام!
نـە «نـادر»،عـاقل،نـه سـازین گـەردوون!
نـه مـەیل بـه ژیـان،نـه تـرس له نـەبوون!

# وتم:،وتی:

وتـم : «شـێتی تـۆم،تۆم کـردگه نـیشان»
وتــی : «بــه شـێتگەل،خـوەم نـامه نـیشان»
وتـــم : «ئـــەزانــی هــەر چـاوەڕێتم؟»
وتی : «خوەشم هات،خـوەت وتۆ،شـێتم»
وتـــم : «عشـقی تـۆ له دڵ دەر نـاچێ»
وتــی : «بـه مـن چـه؟!کـارێ کـه لاچـێ»
وتـــم : «نـازارم،بـۆ ئـەمدەی ئـازار؟!»
وتـــی : «له ئـازار،گــەرم ئـەوێ بـازار»
وتم : «بەرق‌چاوت،وەک بـەرقی سێفاز»
وتـی: «خـوەشم تـێ،بـەوکۆژم بـه نـاز»
وتـــم : «تـۆ نـەوی،بـه کـێ بـنازم»؟!
وتــی : «تـۆ سـەیرەی،مـن وەکـوو بـازم»
وتـــم : «چـــاوانت،بـۆچه خـۆماره؟!»
وتـــی : «دیــەن مــن،ریسک و قـۆماره»
وتـم : «وەک قـژت،مـەمکه پـەرێشان»
وتــی : «عـارفی؟!،له خێڵ دەروێشـان؟!»
وتـم : «بـه جـەفا،تـاڵ مـەکـه ژیـنم»
وتـــی : «ئــەمەسه،ئـــائین و دیـــنم»
وتم : «بۆ دڵت،وەک سـەنگ و بـەرده؟!»
وتـــی : «ڕووداری،ڕۆک و بـــێپەرده!»
وتـــم : «نـــیەسم،بـــێ تـــۆ هــەساره»
وتـــی : «هــەساره،هــەر شــەو دیـاره»

وتـــــم : «دوور له تـــۆ،گـــۆشه‌نشینم»
وتـــی : «هـا له کـوێی،غـه‌مت بـوینم؟!»
وتـــم : «بـــۆچه وا،ڕه‌حـــمۆ نـه‌ماوه؟!»
وتی : «مه‌جبووری؟خوه‌ت به‌ی له‌م ئاوه؟!»
وتـــم : «بـــمێنه،ئـــه‌ی بـاڵ و پـه‌ڕم»
وتـــی : «دێـــروه‌خته،بـــۆیه وا،ئـه‌ڕم»
وتـم : «ژیـن «نـادر»،بـێ تۆ بێنووره»
وتـــی : «له عـــاشق،پـێکه‌نین دووره!»

## وەسیەت

عــــەزیزەکــانم،کــوا،هــەن لەکــوێنە؟!
تــواشــاکــەن دڵــم،چەن پڕ لە خوێنە!
ئــــاخرین شـــێعرم،بــێن و بـــخوێنن
بـــۆ ئـــاخرین‌بار،کـــەمێ بـــمدوێنن
شـــێعری ئـــاخرم،بــە جــێ وەسـیەتە
ئــەزانــم خــوەندن،وەسـیەت،عــەزیەتە
کـــارم تـــواو بـــوو،ئـــاخری خــەتە
وەخـــتی قـــرتاندن،تـــەناف و پـــەتە!
هـــەر مـــاگــە لە مــن،مشـتێ پــێشەوە
تـــاقەتم بـــڕیا،بـــە دەس ئـــێشەوە
نـــەحیف و زەعـــیف،لاغـــر و زەردم
دڵـــــم پـــڕمەینەت،هـــاونشین دەردم
هــەرچــەن کــە پــیرم،بــە عــەقل مـناڵم
تـــەقدیر وایـــە کـــرد،دائـــێم بـناڵم!
پـــەیمانەی ژیـــنم،ئـــیتر پـــڕ بــووگە
ئـــازای ئـــەنامم،لە ئـێش سڕ بــووگە
ئـــــەوینم مـــــەرگم،تـــێتە پـــێشەوە
هـــەر وەکــوو ریــوی،لە نــاو بـێشەوە!
چـــاوم نــاوینێ،گــوێچکم کـەڕ بـووگە
شــەرمەندەی خــوام و،چاوم تـەڕ بووگە
پـــام یـــاری نـــاکـــا،چـاوم نـاوینێ
دیـــــــانێکم نـــەما،لە بـــۆ جـــاوینێ

نـــاتوانــــم ئــــيتر،شـــێعرێ بـــنووسم
قـــەڵەم نــــاوێسێ،لە بــەين ئــەنگووسم
نــــەقاشی نـــاكــــەم،دەســم ئــەلەرزێ
بــە جــێم بـخوێنن،چـەن نـوێژێ،فـەرزێ
نە بۆ خـوەم خـاس بـووم،نـە بـۆ كـەسێ‌تر
تــەقدير گشت‌ئــێمە،هــا بــە دەســێ تــر
گـــــۆناحم زۆرە،زوو بـــمرم خـــاسە
ڕەحمی خوا فرەس،كەی جێگەی باسە؟!
كـــەمێ ئـــاو بـێرن،دەسـنوێژێ بگـرم
حـــەڵاڵم بكـــەن،بـــا ڕاحــەت بـمرم
عــــۆمرم فـــەنا بـــوو،عـــاقیبەت شــەڕم
ليـــباس عــــافيەت،دەر كـــەن لە بــەرم
دڵــــــــم لەم دۆنــــــيا،زۆر بـــێ‌تاقەتە
لە مــەرگ نــاترسم،مــەرگ پێم ڕاحـەتە
وەخــتێ كــە مــردم،عــەزام بۆ مـەگرن
عـــەزا گــۆناحە،عــەزا بــۆ ئــەگرن؟!
غـــەريبەكــــانم،نــەكـەفنە زەحــمەت
خــواوەنــنا،بەگشت،عـەتاكـە ڕەحـمەت
نــازارڕۆڵــەكـان،وا بــاعيس شــۆكـرن
هــەر وەك هــەميشە،دەسـی يـەك بگـرن
ئــيوە هــەر تــەكــن،بـمێنن هـەر تـەك
هەر سـەميمی بـن،هـۆشتان بـێ بـە يـەك
بە غەير لە خواتـان،ڕوو لە كـەس مـەخەن
لە خــوا بــترسن،ئــازار كــەس مــەكـەن

سۆننەت ڕەسوولمان،لە بیرتان نەچێ
هەر خاسی فەقەت،ئەمێنێ،بە جێ
مۆشکڵتان یا خوا،بە هیممەت حەل بێ
زەحمەت کەم ئەکەم،خواتان لەگەڵ بێ
کینەم لە دڵتان،تۆ خوا بە دەر کەن
جا لە سەر مەزار،خاکم بە سەر کەن!
چۆن سوواوی هەس،ئەم کارە کردن
وەك لە ژێر تاوت،جنازەبردن!
گوڵ و تاج گوڵ،بۆ من مەسێنن
لە چاوی خوەتان،فرمیسك نەسێنن
پووڵ پلاکارد و گوڵ و ئەمانە
بۆ فەقیر خاسە،لە ئەم زەمانە
لەگوڵ خوەشم نای،لە ژێر ئەو خاکە
گوڵ لە ناو گوڵدان،بمێنێ چاکە
بە چاو شیرینتان،شینم بۆ مەکەن
با مەردم نەین و،مەنع ئێوە نەکەن
تۆ خوا نەکێشن،بە دەورما،نەردە
با ئازاد بووم،لە ژێر ئەو بەردە
ئەگەر زیندانە،خۆ من دەرناچم
مەحکەم بەسیاگە،دەسم،هەم قاچم!
خۆ تۆحفە نەوگم،تا بێن بمدزن
نە بە کار ئەخوەم،نە مەردم دزن!
قەورەکان قووڵ و،تاریك و سەردن
وەلێ خەڵوەت و،خاڵی لە دەردن

له سـه‌ر مـه‌زارم،بـرژنن ئـاوێ
بـا فێـنكه‌و بـێ،دڵـه‌كـه‌م تـاوێ
زیـاتر له سـێ ڕۆژ،عـه‌زا حـه‌رامـه
عـه‌زا جـا بـۆچه،باوكه‌ڕۆ كـامه‌؟!
چـله‌،بـێدعه‌ت و ڕه‌سـمێ خـراوه
نـه‌وینم چـاوتان،بـۆ مـن پـڕئاوه‌!
ئـه‌جه‌ڵ هـات ئـیتر،وه‌خـتی مـردنه
وه‌خت له بـان شـانه‌،تـاوت بـردنه
خـه‌ریكم ئـه‌مرم،گـه‌یمه ئـاخرخـه‌ت
بـانگ كـه‌ن مـه‌رده‌شۆر،بـمنێته بـان كـه‌ت
بـۆ كـۆچ و سـه‌فه‌ر،مـن خـوه‌مم ڕازا
حـه‌ڵاڵم بكـه‌ن،گـه‌رده‌نتان ئـازا
مـن له گشت ڕازیـم،خـواتـان لێ ڕه‌زا
له بـیرتان نـه‌چێ،نـه‌گـرن بـۆم عـه‌زا
«نـادر» بـه‌سیه شێعر،زه‌حـمه‌تت كـه‌م كـه
بۆ فه‌رمانی خوا،سـه‌ری خـوه‌ت خـه‌م كـه

# هاوار به ماڵم

هـەی داو و هـەی بـێدا،هاوار بە مـاڵم
بـــۆچی نــاپرسی،ئــیتر لە حـــاڵم؟!
بـێکەس و تـەنیام،تـۆ نـیت بـە لامـەو
زەنــجیر ئـەوینت،هـەر هـا بـە پـامەو
بـــۆچی وەک جـاران،نـاپرسی لە مـن
مەگـەر تۆ نـەبووی،قـەوڵت دا بـە مـن؟!
بـۆچی خـۆشەویس،دەسـۆ لێم کـێشا؟!
کـــارێکم کـــردگە،دڵت لێــم ئـێشا؟!
تــۆ کــە بـاسەفا،زۆڵـاڵ وەک ئـاوی
بۆچە وەک جاران،بـۆم دڵـتەنگ نـاوی؟!
دڵسـۆزی ئـیتر،بـۆچی بـۆم نـاکـەی؟!
کەی تیتەو،پیالەی،شـەراو بـۆم داکـەی؟!
مـــن تـــۆ ئـــەناسم،دڵت بــەرد نــەبوو
وەخـتێ لە لام بـووی،لە لام دەرد نـەبوو
خــەفەت،دوور لە مـن،خۆ نـاوێ تـاوێ
پـەروەندەی عشـقت،مـەختومە نـاوێ
چــەوگە؟!چـە کـریا؟!بـۆ بێزاری لێم؟!
چە کـەیفێ ئـەوەی؟خـەفەت بـەیتە پـێم؟!
خـــەفەت فـــیراقت،شکـــاندی شـانم
بـێرەو وەک جـاران،خـوەت بـە نـیشانم
ئـەتوت پـێم جـاران،«نـادر» گیانەکـەم
ئـــیسە بـــووگیتە،خـەسم ژیـانەکـەم!

# هاودەم

هـــاودەم،هـــاوسەفەر،هـــاونشینەکـەم
خوەشی دڵ من بـوویت،لە نـاو ژینـەکـەم
زەریف و خوەشبۆ،هـەر وەكێ گـوڵبەهار
خەفەت تۆ ئەخوەم،وەخت شام و نـەهار!
بـــێکەس و تـــەنیام،هـــەتیم و هـــەژار
خـــەفەت دووری تـۆ،هـــەزاران،هـــەزار
تـــا ڕۆژی مـــردن،دڵ مـــاتڵ تـــۆیە
کـــارم شـــەو و ڕۆژ،هـــەر ڕەنـــجەڕۆیە
خـــوەم کـەم بـە ساقەت،ڕۆژێ لە ڕۆژان
هەرچەن کە ڕوویت و،ڕووت لە من پۆشان
تـۆ بـە تـواو دۆنـیا،مـن عـەوەز نـاکـەم
بە غەیر تۆ چاوجوان،حەز بە کەس ناکـەم
ئـــــەزانـــم ڕۆژێ،ئـــەمرم لە داخت
ڕازی نـــــیم وەلێ،بـــــوینم ئـــاخت
لە مــن ڕەنــجیاگــی؟،بـۆچە بـەقۆربان؟!
چەم کرد؟!چەت دیگە؟!بـێژە تـۆ قـۆرعان
ئـــــەزانـــم تـــیتەو،ڕۆژێ دووبـــارە
ئـــەو ڕۆژە دێـــرە،بـۆ فکـر و چـارە!
ئـیسەکـە تـۆ نـیت،بـۆ تـۆ هـیلاکـم
وەختێ کـە تۆ بیت،مـن لە ژێـر خـاکـم
بـە سـەر چـوو ژیـان،گشت بـە دڵتەنگی
«نـــادر» بـــێنەوا،دەر نـــەهات دەنگـی!

# هاوسای ماڵەکەم

خەفتم،خەوم دی،بووکی بە هاوسام
زۆر ناراحەت بووم،وەختێ کە هەڵسام
هاتی بۆ لای من،بێدزیکەوە
دیم دوو چاوی تۆ،لە نزیکەوە
بۆ بردنی دڵ،بۆ لای من هاتی
پرسیت بۆچ حەیران،بۆچ ئەونە ماتی؟!
سفرەی دڵ ئانی،بازم کرد لە لات
دڵی دێوانەم،خوەم خستمە ژێر پات!
چەپکە گوڵم دا،پێشکەش بە چاوت
تەک گیرەی قژێ،بۆ قژی خاوت
وتم: «دوور لە تۆ،سوورە،ئەم چاوە
هەر وەکوو ماسیم،وا دوور لە ئاوە
دڵم لە دووریت،غەرقە لە خوێنا
بۆ دیارت نیە؟!تۆ هەی لە کوێنا؟!
دڵی بێچارەم،پڕ لە زووخاوە
کۆنە برینت،لە بان دڵ ماوە
دەسۆ پێمەو نیا،لە ناو ئەو خەوا!
وتۆ :«عاشقی،ئاوڕوومان ئەوا!»
بە چاوی گریان،لە خەو من پەڕیم
سەکتەم کرد،وەلێ،لە دۆنیا نەڕیم!
«نادر»،دوور لە تۆ،خوەشیکی نەدی
ڕەنگی تر بە غەیر،ڕەشیکی نەدی

# هەر تۆ بە دڵمی

لە مــن دوورەو بـووی،بێچارە بـە خـوەم
ڕۆژ و شەو خـەفەت،دووری تـۆ ئـەخوەم
هـــەر تــۆ بــە دڵــمی،لە نــاو هــەزاران
نــاوم سـەپت نــە کـەی،لە نـاو مـەزاران!
بە خوای خوەم و خوەت،نەمماگە تـاقەت
ڕۆژێ،بـــێ بـۆ لام،گـیانم بــە سـاقەت
دوو چـــاوی ســـوورم،دائـــێم پــڕئاوە
کەی کەمێ نـاز کـەم،ئـەو زوڵـفە خـاوە؟!
زانــــیت ئـاشقتم،ڕووت لە مــن پــۆشان
پشت منۆ خەم کرد،وەک کەمەی گۆچان!
دڵدزیـــــــن،نــــازار،کـــاری دزانـــە
ئـــەگـــەر نـــازانـــی،ئـــەمە بـزانــە
وەختێ لێـم دووری،زەرد وەک خـەزانـم
دەردی دڵــی خـوەم،هـەر خـوەم ئـەزانـم
زەبـــوون و زارم،هـــیلاکـــە لەشـــم
تــۆ ئـاویەر سـەربەرز،مـن کـۆچکەڕەشم!
تـۆ نـیت بـە لامـەو،ڕۆژ وەک شـەو،تـارە
بـــەغەیری گـــیریان،نـــەمماگــە چــارە
دڵـــم پـــڕخەفەت،بـــەدرۆ ئــەکـەنم
مـــەشکخاڵی لە دۆ،بـــێخۆ ئـــەژەنم!
لە نـــاو دڵ «نــادر»،هــەر دا و بــێدایــە
کام شار،نازەکەم،کەس وەک تۆی،تیایە؟!

# هەسارەی سۆهەیل

لە کوێی پەیات کەم،هەسارەی سۆهەیل؟!
دڵم لە دۆنیا،بەتۆ هەسی مەیل
دەرد و برینم،زیاتر لە هەزار
ناپرسی ئیتر،لە ئاشق هەژار!
خەوەر ناپرسی،لە حاڵی زارم
خۆزگە ئەوزانی،بۆت بێقەرارم
خۆ من نەمزانی،ئەونە بێوەفای!
دڵشکن،زاڵم،پڕ جەور و جەفای!
جوان و زەریفی،وەلێ بێ‌پەیمان
دێر تی،زوو ئەچێ،هەر وەکوو مەیمان!
چۆن لە تۆ دوورم،یاری نازەنین
لە بیرم چووگە،شێوەی پێکەنین
جێت ها لە دڵما،جا چۆن دەرت کەم؟!
یا چۆن ئەتوانم،دۆعای شەڕت کەم؟!
ئەی خاوەن زوڵفی درێژ،کرچ و کاڵ
بۆچی پێت خۆشە،ژینم بکەی تاڵ؟!
بەهار من،دیەن ڕۆخساری تۆیە
پەرێشانە دڵ،غەمباری تۆیە
حەز ئەکەم،نازار،کراس‌ژرسەکەم
بمکوژێ بە ناز،بیت بۆ پرسەکەم!
تۆ هەی لە دڵما،تا ڕۆژێ کە هەم
قەزای تۆ بە خوا،لە «نادر»،ئەخەم

# هیجران

دڵـی مـن نـاگرێ،هیجری تۆ تاقەت
مـەکـە دووری لە مـن،گیانم بـە ساقەت
لە لای دەس تـۆ،گـەڵارێزان،بـەهارە
دڵـم بـۆ تـۆ فـەقەت،رام و مـەهارە
گـوڵی گـوڵدان و بـاخ،ئـەمخاتە بیرت
لە بـانی ئـەم دڵـە،هـەر مـاگـە تیرت!
لە چـاوانـم ئـەبارێ،بـێ تـۆ ئـەسرین
تـۆ شـیرینی،وەکـوو،لەولاو و نـەسرین
تـۆ مـێمانم بکـە،بـا بـێمە مـاڵت
بـوینم قـامەت و حـۆسنی جـەماڵت
ئـەگـەر ڕێگـەم بدەی،بێمە حێسارت
بـە ئـاسانی ئـەکـەم،گـیانم نـێسارت
بـە شـۆعلەی چاوی مـەستت،ئـاگرم بـە
عـەزیزی ئـەووەڵ و،هـەم ئـاخرم بـە
ژیـانم بـێ ڕۆخـی تـۆ،تـاڵ و شوومە
بـە دەس هـاوردنت،هـەر ئـارزوومە
ژیـانم خـۆش ئـەوێ،تـەنیا لە بـەر تۆ
لە سـێدارەم بـدەن،خـۆشە لە سـەر تـۆ
نەبوون و مـەرگێ خـاسە،بێدەنگ و بـاس
وەکوو سەکتە،لەدەس تۆ،یاری جوانخاس
بکـەی «نـادر»،تـۆ شـێتی کـووچە بـازار
خـۆ نـارەنجێ لە تـو،دڵـبەر دڵئـازار

# یارم پەری بوو

مـــەحرەم ئـــەسرارم،یـارم پـەری بـوو
تـەک خـەفەتگەلما،دائـم شـەڕی بـوو
هـیچکەسێ وەک ئـەو،منی دەرك نكـرد
خەفەتخواردنـی،بـە مـن تـەرك نـەکـرد
لە بـــەفر و بـــاران،تگـرگ،یـەخبەندان
فەرقی نەو بۆمان،هەر دوو بووین خـەندان
ئـــەهاتین،ئـــەچووین،شـاد و پـێکەنین
ســـەفای بـوو ژیـان،لە تـەک نـازەنین
هـەر وەختێ خـەفەت،تۆزێکی ئـەکـرد!
ئـەو زوو ئـەهات و،دڵسـۆزی ئـەکـرد
ئەمان کرد تەک یـەک،راحـەت دەردەدڵ
ئەیهاورد تەک خوەی،بەهەشت بـە مـەنزڵ
دوو تەن بووین وەلێ،دڵـمان یـەکێ بـوو
بـۆ قـۆمار ژیـنم،ئـاسێ تـەکـێ بـوو!
ئەو دڵ بە من خوەش،من دڵ بە ئـەو شـاد
بـــێئینسافیە،گـــەر لێ نـــەکـــەم یـاد
شـادی،خـوەشی مـن،ئـەبوو بـەو واسـڵ
تـەقدیر هـات کـردی،رەنـجم بێحاسڵ
تـــا ئـــەو ڕۆژە بـوو،رەنـجێکم نـەبوو
ژیـان،شـیرین بـوو،شیرین وەکـوو تـوو
لە «نـــــادر» دوورە،دوو ڕۆژە یـــــارم
ئـــــارام نـــاگـــرێ،دڵخـــەفەتبارم

# یارم گوڵە

گــــوڵێکم دی،لە ســـێوەر تـــاقەدارێ
وەکوو خوەم بێکەس و،بێ‌دۆس و یـارێ
جــەماڵی ئـەو گـوڵە،وەک یـارەکـەم بـوو
بـە شـێوە،وەک ڕۆخـی،دڵـدارەکـەم بـوو
وتم : «ئەی گوڵ،تۆ بۆ بێدەنگ و بـاسی؟!»
وتــی : «مــن بــێکەسم،چۆنم ئـەناسی؟!»
وتــم : «سـەحرا بـە بـۆنی تـۆیە سـەحراس
لە هەر شـوێنێ،جـەماڵی تـۆ،ئـەکـەن بـاس
بـــە عشــقی تــۆیە،وا بــوڵبوڵ ئــەخوێنێ
ســەفا بــێ تــۆ لە سـەحرا،کـەی ئـەمێنێ؟!
تــۆ بــۆ مــن،مـەزهەری عـێشق و ئـەوینی
پــــەژارە و مــــەینەت و زەردی،نــەوینی
پــەپولە بــا بــە شــەوقی تــۆ،ســەفا کـات
خەفەت هیجران و دەردی خۆی دەوا کات
نگــاری مــن وەکــوو تــۆ،زۆر شــیرینە
وەکــوو ئــەو،کــەس نیە،لەم سەرزەوینە
ئەچم،هەر وەخت،کە بیری یاری خوەم کەم
بۆ لای تۆ تێم،قسەی،دڵـداری خـوەم کـەم
ئــــەگــــەر مــردم،بــزانــە کــاری یــارە
هــەر ئــەو یــارە،کــە دڵ،بــۆی بــێقەرارە
دڵــی «نــادر»،حــەزین و شــێت و هــارە
بــە جێ یـاری،بۆ لای تـۆ تـێ،دووبـارە»

# یارم لێ بڕیا

وەرەق هـــــەڵگەڕیا،یـــارم لێ بـــڕیا
بــــە تـــێغی جـــەفا،دڵـــی مـــن دڕیـــا
بــــێئەو نـــــازارە،ژیـــــنم چـــــە تـــاڵە
ئـــــــاواتـــــەکـــــانم،گشـــــتی،بــــەتاڵە
دڵ بـــــــــریندارم،پـــــــڕ لە وەرهــــەمە
زۆر پـــــەرێشان و،دەرهــــــەم،بــــەرهەمە
نـــــاوی شـــیرینی،نـــاچێ لە بـــیرم
بــە ڕۆژ و بــە شــەو،بــێ ئــەو ئــەگیرم
دەردی دەروونـــــــم،دەرد بـــێدەرمانە
هـــەروا ئـــەزانـــم،وەخـــتێ نـــەمانە
بـــڕژانگ و بـــرۆی،وەک ڕۆژم ڕەشــە
لە شـــــادی،دڵـــــم،بـــێئەو بـــێبەشە
بـــرین دڵـــداری،لە ســـەر دڵ مـــاوە
دوو چـــاوم بـــێ ئـــەو،دائـــم پـــڕ ئـــاوە
دڵـــم دوور لە ئـــەو،داو بـێدا ئـــەکـــات
کەسێتر وەک ئەو،کەی پەیا ئـەکـات؟!
خـــــاتراتـــەکــــەی،لە لام مـــێمانە
عـــەقڵی لێـــم ســـەندگە،بـــووگمە دێـوانـە
وەســـفی یـــارەکـــەم،بـــووگە کـــار و بـار
خـــوای مـــن ئـــەوەیە،بـــمگەینێ بـــە یـــار
بـــــــرینی «نـــــادر»،دەرمـــــانی نـــــیە
مــــــاڵەوێرانــــــــە،دەربـــــانی نـــــیە!

# یارەکەی جاران

بـە قـەو فـرمیسکم،قـەترەگـەل بـاران
یـادی تـۆ ئـەکـەم،یارەکەی جـاران
عـــاشقی ڕووتـــم،عـەزیز،بـێهەوەس
چـاوی تـۆ نـاکـەم،بـە دۆنـیا عـەوەز
یـــاری هـــەمیشە،چـواردەسـاڵەکـەم
بێ با خوەشەو بێ،تـەك تۆ حاڵەکـەم
بـــێ بـا بـچین بـۆ،ئـاویەر،دووبـارە
لێـــــنا بـــــمێنین،هـــەرتا ئـــێوارە
ئـــەو ڕۆژە جـــەژنە،بـم بـە مـێوانت
بـــــوینم کـــەنین،بـــزەی لێـــوانت
ئـــەم گشـــتە جـــەفا،لە تـــۆ بـەعیدە
هـــاتن دووبـــارەت،جـەژنی سـەعیدە
کـــارم،نـــیشانیت،لەم و لەو،پـــرسین
داخۆم جەفا و جەور،دڵـبەران،ئـێرسین؟!!
هەی لە کوێی دڵـبەر؟!بگـەی بـە فـریام؟!
ڕۆسـوا بـووم بـۆ تـۆ،لە شـار،دەرکـریام
لەو ڕۆژەو چـــووگی،کـاول بـوو مـاڵم
تۆ هەی لە کوێنا،ڕەحم کـەی بـە حـاڵم؟!
بـــێ نـــەجاتم بـــە،لە دەس تـــەنیائی
بـــا لە ڕو بـــچێ،تـــەقدیر،جـــیائی!
لە بـــێلۆتفی تـــۆ،حـــاڵم نـــاجۆرە
جـــەفا بـە «نـادر»،هـەر زوڵـم و زۆرە

# یاری بێ ئینساف

یـــاری بـــێ‌ئینساف،یـار بـێ‌خه‌یاڵم!!
حـــاڵمۆ گـــردگه‌ و،نـــاپرسی حـــاڵم
نـــاپرسی هــه‌رگیز،بـۆچه‌ ره‌نـجاوی؟!
دڵســـۆزی نـــاکـه‌ی،ئـیتر حـه‌ساوی!
وه‌خـتێ یـارم بـوویت،بـه‌ تۆ ئـه‌نازیم
ئـیسه‌ کـه‌ چووگیت،به‌ مـه‌رگم ڕازیـم!
ئـــه‌گـه‌ر قـراره‌،بـمکه‌ی فـه‌رامـۆش
چـــرای ژیـــانم،بـێ بـیکه‌ خـامۆش
یـــــاری شـــیرین و،زۆرفـــره‌زانـــم
جـۆرێ بـمکۆژه‌،بـه‌ خـوه‌م نـه‌زانـم!
وه‌خـتێ کـۆشتمۆ،بـێره‌ سـه‌ر خـاکـم
بـا خـاس بـوینی،تـۆ سـینه‌ی چاکـم
فـــه‌رامـۆشم کـه‌،وه‌خـتێ کـه‌ مـردم
یـادی عـه‌زیزت،له‌ تـه‌ك خـوه‌م بـردم
له‌ بـــــیرم بــــوه‌،وابـــزا نـــه‌بووگم
نـه‌یژی بـه‌ کـه‌س،من،دێـوانه‌ بـووگم!
تکـــــات لێ ئـــه‌کــــه‌م،ئـــه‌لاڵێمه‌وه‌
وه‌خـــتێ کــــه‌ مـــردم،نـاوم لێ‌مــه‌وه‌
گــه‌رده‌نم ئـازا،ئـه‌گـه‌ر نـه‌کـه‌ی تۆ
تـــا ڕۆژ قـــیامه‌ت،ڕزگـار نـاوم خـۆ
دڵ «نـادر» شکـیاگ،زۆر پـاره‌ پـاره‌س
به‌ غـه‌یری مـه‌ردن،ئیتر چـه‌ چـاره‌س؟!

# یاری خوەش جەماڵ

لە من سەندۆ،دڵ و دینم،بە یەك جار
ڕۆخاندۆ،ماڵی ئاوانم،بە یەك بار
جەماڵێکم نەدیگە،وەك جەماڵت
تەکە،بە خوا گوڵم،حۆسن و کەماڵت
گوڵم دیگە،وەلێ،نەمدیگە وەك تۆ
خوەشە ژینم،بە شەرتێ،بم لە تەك تۆ
ئەوین و عشقی تۆ،ئائین و دینە
هەمیشە خاتراتت،ها لە سینە
بە تواشا کردنێ،دڵمۆ تۆ لەرزان
دڵی خوەم دا بە تۆ،دڵبەر،بە هەرزان
تۆ شیرینی و،خوەیچۆ خاس ئەزانی
منۆ بێچارە کرد،کەس پێ نەزانی!
دەمێکە ئاشقی ڕۆخسار و ڕووتم
لە هیجری تۆیە وەك،شەمعێ،ئەسووتم
ئەسووتم وەك شەم و،هەڵساوە بۆسۆ
دڵم بێ‌تاقەت و،داماگە بۆ تۆ
بە ساقەت بم،عەزیزی کراس کەتانم
ژیان بێ تۆ گوڵم،من چۆن ئەتانم؟!
بە ئاواتم کە ڕۆژێ،بێتە ماڵم
نەجاتم بەی لە غەم،باکەم بناڵم
دڵی «نادر»،عەزیز،ئەی نووری چاوان
لە باتی کام گۆناح،بردۆ بە تاوان؟!

# یاری خوەش‌قسە

یاری خوەش‌قسە،شیرین،خوەش‌کەلام
هەر وەکوو جاران بێ،دانیشە لام
دڵبەرنازەنین،شیرین‌تر لە توو!
مەگەر نەوزانی،دڵم پێتەو بوو؟!
لە ناو دڵبەران،جا وەك تۆ کیە؟!
تەکی،تەك،بە خوا،کەس وەك تۆ نیە
بێوەفادڵبەر،یاری نازارم
کەم خەفەت بە پێم،کەم کە ئازارم!
دڵ،بێ‌تاقەتی،لە هیجر تۆ ئەکا
بۆ مان و نەمان،هامە ناو،شەکا!
سەبووری دووریت،بۆ من زۆر سەختە
ناشۆکری نەوێت،ئەمە کەی بەختە؟!
ئیسە کە چووگی،فرەیك لێم دووری
ژینی من بووگە،ژینێك مەجبووری!
بە شەوق دیەن تۆ،تا ئیمرۆ ماوم
بۆ بێزاری لێم؟!بۆ ئەنی ڕاوم؟!
خەفەت دووری تۆ،لە لێم ناوێتەو
ئاشقت وەك یەخ،هەر ئەتاوێتەو!
دڵ منۆ شکاند،جا چۆن دڵت هات؟!
ئەترسم خواوکەم،بینووسێتە پات!
ئاگر دەروونم،خامۆشی نیە
جەفا بە «نادر»،لاپۆشی نیە!

# یاری قژخاوم

عـــەزیزتر لە گشت،یـــاری قــژخــاوم
حــەز ئــەکــەم دائـم،بی لە بـەر چاوم
شیرین و زەریف،ئەدرۆشی وەك مانگ
لە نــاو دڵــبەران،هــەر تــۆی بـەناوبانگ
دوو چــاوی تــۆم دی،دڵــم کــەفتە گیر
چــاوت چـە ئاسان،دڵمی کـرد ئـەسیر!
بێرەو بـا بـەن بێ،فـرمیسک چـاوەکـەم
بــێ بــا کـە قـەت بێ،لەرز و یـاوەکـەم
خۆزگە بـە وەختە،لە لای شـانم بـوویت
هــاودەم و دۆس و هــاوزوانــم بـوویت
بـــێ،لۆتــفێ بکــە،بـە ســەرگەردانت
خـــوەشحاڵم بکــە،بـاز بــە ســەردانت
چــەنێ شــیرین بــوو،ناز و ئـەداکـەت!
تــا لە تــۆ بــڕیام،کــەفتمە فــەلاکــەت!
دوور لە تــۆ خــەفەت،مــێمان دڵــم بـوو
عـــزرائــیل لەو لاو،هــەر مــاتڵم بــوو
پـیر بـووم بـە دەستەو،دەستم بـە دامـان
بـێ بـۆ عـەیادەت،وەك کـەو خـەرامـان
جوانیت لە مـن سـەند،پشتم بـووگە کۆم
مـۆحتاج و مـۆعتاد،دیـەن بـاڵای تۆم
وەخـتێ گـیان «نـادر»،ئـەچێ لە قـاڵب
بــە گشــتی ئـەیژێ،بـوو بـە تـۆ تـاڵب

وشه و لۆغەت بە تەرتیب حۆرووف ئەلفبا:

« ئ »

ئاخ و داخ : آه و ناله
ئازای‌ئەنامم :تمام‌اعضای‌بدنم
ئاٚزیز(عەزیز):عزیز،دوست‌داشتنی
ئالەت : فلفل تند و تلخ
ئامان : امان،هشدار،مبادا
ئاوات : آرزو،امید
ئەپێکێ :هدف قرار میدهد
ئەتاوێتەو : آب میشود
ئەتلەسی :پارچەی اطلسی
ئەحیا : احیا،شب‌زنده‌داری
ئەخیسان : خیس میکردم
ئەدرۆشێ : می‌درخشد
ئەدرێ : پاره خواهد شد
ئەرخەوان(ئەرغەوان):ارغوان
ئەرك : رنج،زحمت
ئەرووخم: ویران می‌شوم
ئەژەنم : تکان میدهم،حرکت
مشك دوغ برای گرفتن کره
ئەسپێرم : می‌سپارم
ئەسرەوێ : آرام می‌گیرد
ئەسرین : اشك،نام دختر
ئەفرێ : پرواز می‌کند

ئەگرسم : آتش می‌گیرم
ئەگریام : شعله‌ور می‌شدم
ئەگرێجە : موی رها،طُرّه
ئەگەریا : دَور میزد
ئەلاڵێمەوە : التماس میکنم
ئەلف قامەتم :الف قامتم
ئەنۆشێ : می‌نوشد
ئەویش(ئەویچ) : او هم
ئەوین : عشق،دلدادگی
ئەیکۆتن:می‌کوبند،می‌اندازند

« ب »

باس : صحبت،حرف‌زدن
باش : خوب،پسندیده
باقە باقە : دسته دسته(گل)
بامە تاڵە : بادام تلخ
باوکەرۆ : شیون پدرمُرده
بپارێزە : محفوظ نگهدار
بپژنم:از هم بپاشم
براوە : بریده و جدا شده
برژانگ : مژگان،مژه
بڕ ناکات :تحمّل نمی‌کند
برووسکە: رعد و برق

برین : زخم،جراحت
بزه : لبخند
بژی : زنده مانی،نمیری
بگەی بە داوما : به دادم برس
بڵاکێش: دردمند
بڵاگەردان : بلاگردان،فدائی
بمدوێنه : نوازشم کن
بن چۆپی : نفر دوم در گروه رقص گروهی کُردی، نفر اوّل را سرچۆپی گویند
بنی : تو بُن و ریشه هستی
بنیشمه پالت : نشینم‌کنارت
بۆسۆ : بوی سوختگی
بوول : خاکستر
بەترەف : حال وخیم
به تۆ ناکەفێ : بهت نمیاد
بەتوون : به دَرَك
بەحەیا : با شرم و حیا
بەختەوەر :خوشبخت
بەر :گلیم،فرش نامرغوب
بەرچاوتەنگ : بخیل،حسود
بەرخ : برّه،بچه‌ی گوسفند
بەرد : سنگ،مظهر سختی
بەردەوام : برقرار،پاینده
بەرزەبانه : بالاپشت‌بام بلند
بەرەڵا : ول،ولگرد
بەرەو خوار : روبه‌پائین
برووسکه : رعد و برق

بەرێز : محترم،عزیز
بەرێکه لامان : نظری به ما کن
بەزەی : ترحُم،دلسوزی
بەژن : قد و بالا،قد و قامت
بەشەرم : باشرم و حیا
بەعیده : بعید است
بەڵا : شیطون،ناقلا،کلك
بەڵام : امّا،لیکن،ولی
بەناز : نازنین،طنّاز
بەناوبانگ : وردزبان همه
بەندینخانه : زندان
بەینێکه : چند وقتی است
بێ خانومان : بی‌خانمان
بێدزیکەوه : دزدکی،یواشکی
بێ دەسەڵات:بی‌دست‌وپا،درمانده
بێسان : بوستان،باغ میوه
بێ قەزا : دور از بلا
بێوەری : دور از خطر

« پ »

پابەمە پاڵت : به تو تکیه زنم
پابەن : پایبند،اسیر،دلبسته
پابەند : غُل و زنجیر پا
پاگرێ : اتفاق‌بیفتد
پامووره : از زیورآلات زینتی که دختران کُرد به پا می‌بندند
پەت : طناب،نخ ضخیم

پەخش و پەڵا : آشفته
پەرێش : پریشان،آشفته
پەژاره : اندوه،غم و غصّه
پەشێو : پریشان،آشفته
پەکی ناکەفێ:برایش‌مهم‌نیست
پەل پەل : تکه‌تکه،پاره‌پاره
پەله پەڵ : عجله،شتاب
پەن عالەم : عبرت مردُم
پێرارەکه : دوسال‌قبل
پێرست : فهرست
پێوٚیام:مورد اصابت قرار گرفتم

« ت »

تاریک‌شەو : شب تاریک
تاس : تاس تخته‌نرد
تاقانه : یکی یەدونه
تاکوو : تا زمانیکه
تاڵان : غارت،دزدی
تاڵع : طالع،بخت،شانس
تانه : طعنه،متلک،سرزنش
تریشقه : رعد و برق
تکاکارم : خواهشمندم
تل : غلت‌خوردن
تۆراوه : قهر کرده
تۆزێ :کمی،اندکی
ت و واو : تو،شما
تووش : دچار،مبتلا

تەحوێڵ‌ناگرێ:تحویل‌نمی‌گیرد
تەرچک : نازک،شکننده
تەردم : طرد شدەام
تەشی : دوک نخ‌ریسی
تەمەننا : تمنّا،التماس
تەنناز : طنّاز،نازنین
تەوفیر : تفاوت،فرق
تەو(پاو) : تب
تێکەڵ : مخلوط،آمیخته
تین :گرما،حرارت،دما

« ج »

جارجارێ :گاهگاهی
جریا : جرّ خورد،پاره شد
جڵ و بەرگ : لباس
جنیاگه : تکه تکه شده
جۆزامی : بیماری جُزام
جەلاو : جلّاد،خونریز

« چ »

چارەنووس : قلمزن تقدیر
چاک : شیار،پارگی
چاک : عالی،خوب
چاوشین : چشم آبی
چاوکل : چشم سُرمەزده
چاوەرێ : چشم به راه

چله : چلّه،بعد از چهل روز
چیت پێ ئەبرگێ : چی گیرت میاد؟چه فایدەای برایت دارد؟
چۆڵ : خلوت،جای دنج
چەپگە گوڵ : دسته گل
چەک : اسلحه
چەکریا؟ : چی شده؟
چەم : رودخانه
چەمانی :خمیدەقامت کرد

« ح »

حەدیس : قصه،داستان
حەرگ :گِل،از آب و خاک
حەزەر : حذر،خودداری
حەزین : حزین،اندوهگین
حەک :کنده شده،حکّاکی
حیسار : خانه،منزل

« خ »

خاپوور : منهدم،ویران
خانەباخ : خانه در باغ
خاو : پریشان،آشفته
خاوەنِ مەککە:صاحب مکّه،خدا
خرخاڵ : النگو،دستبند
خزم : فامیل،قوم،خویش
خزمەت : خدمت
خـــۆرماپەزان : خـرماپزان، گرمای شدید تابستان
خۆزگە : خوشا،ایکاش
خۆشەویس : عزیز
خۆڵ : خاک،غبار
خۆنچە : غنچه
خوێن‌چکان : خون‌چکان
خەتاپۆش : ستّار
خەرامان : راه رفتن با ناز
خەفەت‌دەرکەر : غمخوار
خەڵوەت : خلوت دنج
خەلەتیام : فریب خوردم

« د »

داپژیاک : به هم ریخته
داته با : به باد دادی
داخۆم :گمان،حدس
داداره کەم : پروردگارم
دارزیاگ : داغان،به درد نخور
دڵ ئێشان : دل‌آزاری
دڵبەرد : دلسنگ،نامهربان
دڵبەست : دلداده،عاشق
دڵ تەزێن : دلخراش
دڵرفێن : دزد دل،دلبر
دۆڵ : درّه
دۆڵاو : از زیورآلات زنان کُرد که بر لباس دوزند

دەخیل : دخیل،مُلتمس
دەردەدار : دردمند
دەس ئاخر : عاقبت،سرانجام
دەس بران : کسی رابا وعدەی دروغ سرِکار گذاشتن
دەمەن : دَمن،صحرا،دشت
دێرهەم : دِرهم،پول امارات
دیمەن : صورت،رخسار

« ر »

رازاندن : آماده شدن
ڕاو : فراری دادن
ڕزگاری : خوشبختی
ڕۆخاندۆ : ویران کردی
ڕۆ ڕۆ : شیون و واویلا
ڕۆژگار : روزگار،زمانه
ڕووناکی : روشنائی،نور
ڕەحمار : صاحب‌رحم،خدا
ڕەشەخاڵ : سیه‌خال
ڕەعنا : رعنا،خوش‌قامت
ڕەم : رمیدن،فرار
ڕەنجاوی؟ : رنجیده‌ای؟
ڕەنجەڕۆ : رنجدیده
ڕەنگ‌پەڕیاگ : رنگ‌پریده
ڕێخ : سنگریزه،شن
ڕێک و پێک : شیک و پیک،خوش‌اندام

« ز »

زام : زخم
زستان : زمستان
زۆقم : یخبندان،سرما
زۆڵاڵ : زلال،شفاف
زووخ : رنج بی‌شمار
زەلام : بزرگ،سخت
زیت : زل‌زدن،خیره شدن
زێڕینه : زرین،طلائی

« ژ »

ژاکاو : پژمرده،له شده
ژان : درد شدید،دل پیچه
ژەحر : زهر
ژەم : وعده‌ی غذائی
ژێرسە : پارچه ژرسه
ژین‌تاڵی : تلخی زندگی

« س »

ساتێ : لحظه‌ای،زمانی
سامت : صامت،بیصدا
سر: بی‌حس،از خود بیخبر
سڕکەی : دستمالی زیبا و لطیف که به سر می‌بندند

سۆکنائی : سکون،آرامش
سۆما : نور چشم
سۆنبۆڵ : گل سنبل
سووتاگ(سووتاو) : سوخته
سۆهەیل : ستارەی سهیل
سوێند : قسم،سوگند
سەپت : عضوشدن
سەراو : سراب،آب‌کاذب
سەروێن : دستار،دستمال سر
سەرەوژۆر:سربالائی،مشقّت‌راه
سەما : آسمان
سەناکەت : حمد و ستایش تو
سەنع : صنعت،هنر
سەپرە : سهرە،پرندەی زیبا
سیالە(سیاولە) : سیاەدانە
سێنەوبەر : درخت صنوبر

« ش »

شپرز : نامرتّب،پریشان
شریخە : صدای رعد و برق
شۆرەبی : بید مجنون
شەمامە : دستنبوی بهاری
شەونوێژ : نماز شبانە
شێتەدل : دیوانەدل
شین : شیون،گریە و زاری
شین : آبی‌رنگ(چشم‌آبی)
شێویاگ : به هم ریختە

« ع »

عەبەس : عَبَس،بیهودە
عەتەش:عطش،گُرگرفتگی
عەزم : عزم،ارادە،همّت
عەیش:عیش،خوشگذرانی

« ف »

فانیە : فانی،نابودشدنی
فریا : فریاد
فرین : پرواز کردند
فنج : پرندەای کوچک
فەت و فەن : فوت و فن
فەریزە : فریضە،واجب
فەلاکەت :فلاکت،بدبختی

« ق »

قابض : عزرائیل
قات : نایاب و نادر
قاخە : قدغن،ممنوع
قام قیامەت : روز قیامت
قرچەی کەواو : چلز و ولز کباب
قۆر : گِل
قەد : اصلاً،به هیچ عنوان

« ک »

کات : وقت،زمان
کات : قطع (اصطلاح سینمائی)
کارێز : کاریز،چشمه‌سار
کرچ : تازه رسیده،کال
کزه : سوزش
کل : سُرمه‌ی چشم
کلپه : شعله و شرر آتش
کوت کوت : تکه تکه
کۆچ : کوچ،رفتن از دنیا
کۆس کەفتگ:بی‌سرپرست،بدبخت
کۆلان : کوچه
کۆلوورێک : کروور،زیاد
که‌پر : کلبه‌ی کوچک با چوب و حصیر در صحرا
که‌ت : تخته یا سکوئی که مُرده را روی آن غسل دهند
که‌ژ : کوه،تپه
که‌ژال : غزال،آهوی زیباچشم
که‌ژاوه : کجاوه،مجمَل
که‌لاوه : ساختمان مخروبه
که‌مه‌رشکێن : کمرشکن
که‌مه‌ی گۆچان : خمیدگی دسته عصا
که‌نه : کنه،مظهر چسبندگی
که‌وان : کمان

« گ »

گر : گُر،شعله،شرر آتش
گڕگرتووه : آتش گرفته‌ام
گلێنه : مردُمک چشم
گۆڕیاگه : عوض شده،مانند سابق نیست
گوڵاڵه : گل لاله،آلاله
گوڵچێره : گل‌رخسار
گوڵزاز : گلزار،گلشن،باغ
گوڵشه‌ن : گلشن،گلستان
گوڵعۆزار : گلعذار
گۆم : گودال آب،چشمه
گۆنا : گونه،لُپ
گوێی : گوش دادن،گوش
گه‌رالی : ولگردی
گه‌شه‌و بوو : شعله‌ور شد
گه‌ڵارێزان : برگ‌ریزان،خزان
گێل : تظاهر به ندیدن کسی

« ل »

لاپۆشی : پنهان کردن
لات : نام بتی بوده
لار و له‌نجه : با ناز رفتن
لافاو : سیل،سیلاب
ڵاڵیان : التماس کردن

لام : حرف خمیدەی ل
لاوان(لاوەکان) : جوانان
لۆمە : سرزنش،ملامت
لەت و پەت : تکه تکه
لە مەو لا : از این به بعد
لەنجە : ناز،ادا،اطوار
لەولاو :گل پیچک
لێژ : سرازیر
لێڵ : تار و تیره،کدِر
لێو بە بار : لب و لوچه برآمده از اندوه

« م »

ماتاو : مهتاب،از ملزومات جرقەزنی و آتش‌بازی در چهارشنبەسوری و بویژه در شب نوروز در کردستان
ماتڵ پووم : منتظر بودم
ماقوول : باشخصیت،مؤدّب
مان : حالت شخص لجباز
مانا : معنا
مانگەشەو : مهتاب
مزگت والی:مسجدی در سنه
مژ :مِه،ابر نزدیک به زمین
ملوانک :گردنبند
منات : نام بتی
مواخێزە : مؤاخذه
مۆبتەڵا : مبتلا،دچار
مۆراد : مراد،آرزو
مۆسیبەتبار : مصیبت‌بار
مەبەست : آرزو
مەتۆرە : قهر مکن
مەختوومە : مختومه
مەخمەلی : پارچه مخملی
مەر : مگر
مەرام : مرام،معرفت
مەردەشۆر : مُردەشور
مەرهەم : مرهم،پماد،دوا
مەشک(مەشکە) : انبان، مخزن،مَشک دوغ از چرم
مەغۆڵ : مغول،قوم‌چپاولگر
مەگۆرە :همانگونه بمان
مەلاچ : ملاج،سر،کلّه
مەلوول : ملول و دردمند
مەمات : مردن،فَوت کردن
مەوزوون : موزون،منظم
مەوەش : مهوش،مهسا
مەهار : مهار،رام
مەهپارە : مهپاره،ماهرخ

« ن »

ناتاو :ناپسند،ناسالم
ناچڕێ : پاره نمی‌شود
ناکرێ :امکان ندارد

ناڵه ناڵ : ناله و فغان بسیار
ناوچه : منطقه،حوالی
نسرم : سرد،دور از آفتاب
نه‌بڕیام:جدا نشدم،دل‌کن نشدم
نه‌بۆونت : نبودنت،هجرانت
نه جوانم : جوان نیستم
نه‌حیف : ضعیف،ناتوان
نه‌رمه‌نه‌ی : نوعی نی
نه‌مان : نماندن،مُردن
نه‌مدۆزی : پیدا نکردم
نه‌هاڵ : نهال،درختچه
نه‌ی : نی،ساز شاکی
نه‌یتلی : اجازه نداد

« و »

وازم لێ بێنا : ترکم کن
وراوه : یاوه گوئی،هذیان
وساڵ : وصال
وشکه‌دار:درخت‌خشک،بی‌بر
وشه: کلمه،لغت،کلام
وڵام : جواب،پاسخ دادن
وه‌رهه‌م : اندوه،غصّه
وه‌ری : فرو ریخت(برگ)
وه‌همه : وهم است و خیال
وێڵ : ول،سرگردان،رها
وینه : شبیه،رُخ،عکس
وینه کێش : نقاش

« ه »

هاژ و واژ : هاج و واج
هاژه : صدای خروش آب
هاوین : تابستان
هۆنراوه : اشعار
هه‌تا(هه‌ر تا) : تا زمانیکه
هه‌ره‌شه : تهدید،ترساندن
هه‌زاران : جمع هزار،بلبل
هه‌ژار : فقیر،مظلوم
هه‌ساره : ستاره،اختر
هه‌ستمی : هستیِ منی
هه‌سێل : حوضچه،آبگیر صحرائی کشاورزی
هه‌ڵاڵه: شکوفه
هه‌ڵبه‌ست : ترانه،شعر
هه‌ڵمات : تیله‌ی شیشه‌ای
هه‌لۆرك : گهواره،مهد
هه‌ڵپێکیان:چفت‌کردن‌انگشت
هه‌نگوێن : انگبین،عسل
هه‌وره‌تریشقه:رعد وبرق
هیچ‌نه‌زان : بسیار نادان
هێز : قدرت،توانائی

« ی »

یاڵ : کوه،کوهستان

**دیگر کُتب احمد باباجاجیانی(نادر):**

**کلمه به کلمه با قرآن(فرهنگ جامع لغات قرآنی).**
**چاپ دوّم ۱۳۹۲**

**دیوان دیوانه (اولین مجموعه شعر فارسی)**
**جاپ دوّم ۱۳۹۲**

**چهارده‌به‌در (دوّمین مجموعه شعر فارسی)**
**چاپ دوّم ۱۳۹۲**

**در آستانه‌ی انتشار : دلنوشته‌های نادر.**